# پیتۆکەکانی زمانەوانی

# پیتۆکەکانی زمانەوانی

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. وریا عومەر ئەمین
پیتۆکەکانی زمانەوانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٩٠
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١١٧٤ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

# پێشەکی

**پیتۆکەکانی زمانەوانی** بەشێکی تری ئەو وتار و باسە زمانەوانییانەمن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە. بەشی یەکەم بە ناوی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی)یەوە بوو، دوو چاپی لێ بڵاوکرایەوە. هیوادارم هەلم بۆ بڕەخسێ بەشی سێیەمیش بخەمە بەر دەست.

ئەم وتارانە لەو دە پازدە بیست ساڵەی ڕابردوودا نووسراون و بڵاوبوونەتەوە. لەتەك ناونیشانی هەر وتارێك ئاماژە بەشوێن و مێژووی بڵاوکردنەوەکەی دراوە. ئەبێ لێکۆڵەرو خوێنەر ڕەچاوی مێژووی بڵاوکردنەوەیان بکات، چونکە نرخی هەر نووسینێك لەکاتی بڵاوبوونەوەیەتی.

سوپاسی بێ پایانی هەموو ئەوانە دەکەم کە دڵسۆزانە یارمەتییان دام بۆ بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە بە تایبەتی کاك (**بەدران ئەحمەد حەبیب**) کە بەردەوام داوام لێ دەکات نووسینەکانمی بۆ ئامادەکەم بڵاویان کاتەوە.

هەروەها زۆر سوپاسی کاك **کارزان عەبدولحەمید** و کاك **ئاراس ئەکرەم** و مامۆستا **ئاواز عومەر ئەمین** و **ئاهەنگ عومەر ئەمین** دەکەم کە بێ یارمەتی و هاوکارییان ئەم کارە هەرگیز ڕووناکیی بە خۆوە نەدەدیت. ئاواتەخوازم نموونەیان زۆر بێ.

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

١٠ /١٠/ ٢٠١٠

# زمان بەڵای سەرە

## بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە

گۆڤاری ئەکادیمی ژ٥ ساڵی ٢٠٠٦

هەموو شتێ لەم سروشتەدا دەشێ بەلای کەمی لە چوار رووەوە سەیری بکرێ و لێی بکۆڵرێتەوە:

**یەکەم:** دەستنیشانکردنی شێوە و سروشتی پێکهاتنی کەرەسەیی و پەیوەندیی سیستەماتیکیی نێوان پێکهێنەرەکانی و چۆنیەتی کارکردنی. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بە شیتەڵی (وەسفی Discriptive) ناو دەبرێ. گرنگترین لقە لە زانستدا و هەموو بوارەکانی تر بێ جێبەجێکردنی ئەم لایەنە ناکرێ و نایەتە ئەنجام.

**دووەم:** بەراوردکردنی هەر شتێ بە شتێکی تر لە پێناو دەستنیشانکردنی لێکچوون و جیاوازیی نێوانیان comparative. بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە، هەنگاوی یەکەم دەبێ هەر یەکە لەو شتانەی بەراورد دەکرێن بە جیا لە رووی شیتەڵییەوە لێی بکۆڵرێتەوە و رووەکانی دەستنیشان بکرێن ئنجا خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان بخرێنە روو. واتا ئەم جۆرە شیکردنەوەیە نایەتە ئەنجام بێ هەنگاوی یەکەم کە (شیتەڵی)یە وەسفییە.

**سێیەم:** دەستنیشانکردنی ئەو پلە و قۆناغانەی شتەکە لە پەیابوونییەوە پێیدا تێدەپەڕێ بە خستنە رووی ئەو گۆڕینانەی بەسەریا هاتووە و هۆیەکانی. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بە مێژوویی Historical ناو دەبرێ.

بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەبێ قۆناغە جیاوازەکانی هەمان شت هەر یەکە بە پێی پێڕەوی شیتەڵی لێی بکۆڵرێتەوە ئنجا بەراورد بکرێن بە دەستنیشانکردنی جیاوازیی نێوان هەمان شت لە چەن قۆناغێکی لەدوایەکدا هاتوودا. بەمە مێژووەکەی دەخرێتە روو.

**چوارەم:** پشکنین و لێکۆڵینەوە لەپێناو دۆزینەوەی ئەو بار و دۆخ و هۆیانەی وایان کرد ئەو شتە پەیا بێ و بێتە بوون. ئەمە گەڕانە بە شوێن (نژاد Origin) دا.

زمان وەك هەر (هەبوو) یێك و دیاردە و سیستەمێكی زیندوو بەر هەمان پێڕەو دەكەوێ. واتا دەشێ لە چوار لایەنەوە سەیری بكرێ و لێی بكۆڵرێتەوە. بەم جۆرە زانستی زمان وەك هەر لقێكی تری زانست چوار لقی سەرەكیی لێ دەبێتەوە. كە ئەمانەن:

١- زانستی زمانی شیتەڵی (وەسفی) Descriptive Linguistics

٢- زانستی زمانی بەراوردی Comparative Linguistics

٣- زانستی زمانی مێژوویی Historical Linguistics

٤- نژادی زمان Origin of Language

هەر یەكە لەم لقانە ئامانجی تایبەتیی خۆی هەیە و هەریەكە چەند ڕێبازێكی هەیە بۆ شیكرنەوەی.

## ١- زمانەوانیی شیتەڵی (وەسفی)

ئەم لقە بایەخ بە شیكردنەوەی زمان دەدات لە پێناو دەستنیشانكردنی شێوە و سروشتی داڕشتن و پێكهاتەی كەرەسەیی زمانەكە و پێوەندیی سیستەماتیكی نێوان بەشەكانی و چۆنیەتی كار كردنی.

لێكۆڵینەوە لە زمان لە سەر بناغەی شیتەڵی بایەخ بە زمان دەدات لەو ساتە تایبەتییەی تێدا لە لایەن كۆمەڵە خەڵكێكەوە لە ناوچەیێكی دیاریكراودا بە كار دەهێنرێ یا بە كار هێنراوە. بۆ نموونە زمانی كوردی ئێستا. یا زمانی كوردیی سەدەی نۆزدەم.

لەم جۆرە لێكۆڵینەوەیەدا نابێ بە هیچ جۆر ئاماژە بەهیچ قۆناغێكی تری زمانەكە یا شێوەكە بكرێ و نابێ هیچ لایەنێكی لە بەر ڕۆشنایی مێژووییدا لێك بدرێتەوە. زمانەكە لەو كاتە تایبەتییە دیاریكراوەدا چۆن بووە ئاوا دەخرێتە ڕوو. وەك چۆن بە كامیرا وێنەی كەسێ دەگیرێ، ئەو وێنەیە سیماكانی ئەو كەسە تەنها

لەو كاتە تايبەتييەدا، پێشان دەدا زانستی زمانی شیتەڵیش ئاوایە، سیماكانی زمانەكەی ئەو سات و كاتە تايبەتييە دەخاتە روو.

بۆ لێكۆڵینەوە لە هەر زمانێ لە رووی شیتەڵییەوە، گەر كاتەكە ئیستا بێ ئەوە كەرەسەی شیكردنەوەكە راستەوخۆ لە زمانی رۆژانەی قسەكەرانەوە وەردەگیرێ. ئەگەر كاتەكە رابردوو بێ ئەوە دەبێ نووسراوی ئەو سەردەمە لە بەر دەستا بێ ئەگینا هیچ جۆرە لێكۆڵینەوەییێكی زانستی نایەتە ئەنجام. بۆ نموونە گەر بمانەوێ لە سروشتی زمانی كوردیی سەدەی نۆزدەهەم بگەین ئەبێ پەنا بەرینە بەر پاشماوە نووسینەكانی ئەوسا كە دیوانە شیعرییەكانن كە لەو سەردەمەدا نووسراون.

**ئاستەكانی شیكردنەوەی شیتەڵی**

یێكێ لە دەسكەوتە هەرە مەزن و گرنگەكانی بواری زمانەوانیی نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم دۆزینەوە و دەستنیشانكردنی ئاستەكانی شیكردنەوەیە Levels of analysis.

سادەترین كەرەسە لە هەموو زمانێكی مرۆڤیدا ئەو تاكە دەنگانەن كە بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەكرێن. ئاڵۆزترین دانەی زمانیش رستەیە. پەیوەندیی نێوان ئەم سادەترین و ئاڵۆزترین پێكهاتانە لە سەر پێڕەوێكی تەپۆلكەیی Hierarchical دامەزراوە.

ئەو لقەی زانستی زمان كە لە دەنگەكانی زمان دەكۆڵێتەوە بە زانستی دەنگ Phonetics ناودەبرێ. ئەمە ئاستی یەكەم.

لە هەر زمانێكدا بە پێی دەستەیێك یاسا، كە لە هەموو زمانانی جیهاندا هەمان شتە (بەهۆی جووتۆكەكان) لەم دەنگانەوە سیستەمی فۆنیمیی زمانەكە (واتا فۆنیمەكانی)، دەستنیشان دەكرێن.

بەپێی دەستەیێك یاسای تر ئەم فۆنیمانە لێك دەدرێن بڕگە پێك دەهێنن.

كە دەنگەكان دەكەونە پاڵ یێك كار لێك دەكەن. ئەو كار لێككردنانە بەپێی دەستەیێك یاسا دێنە ئەنجام.

جگە لەم لایەنانە.... هەندێ کەرەسەی تر لە زمانا هەن کە بە ناکەرتییەکان Supra Segmental ناو دەبرێن ئەمانە (هێز) و (ئاوازە) و (تۆن) دەگرنەوە.


ئەو بەشەی زانستی زمان کە هەوڵ دەدا فۆنیمەکانی زمان لە دەنگەکانییەوە دەستنیشان بکات و چۆن فۆنیمەکان لێك دەدرێن بۆ داڕشتنی بڕگەکان چین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دەنگەکاندا دێن لە ئەنجامی کەوتنە پاڵ پیکیان هەروەها کەرەسە ناکەرتییەکان چین و چۆن کاردەکەن، بە فۆنۆلۆجی Phonology ناو دەبرێت. ئەمە ئاستی دووەم.

لە ناو قالبی بڕگەکاندا فۆنیمەکان لێکدەدرێن مۆڕفیمەکان پێك دەهێنن. لە مۆڕفیمێ یا زیاتر وشە پێك دێت.

ئەو بەشەی زانستی زمان کە هەوڵ دەدات مۆڕفیمەکانی زمان دەستنیشان بکات و چۆن ئەم مۆڕفیمانە لێکدەدرێن بۆ داڕشتنی وشەکان بە مۆڕفۆلۆجی Morphology ناو دەبرێ. ئەمە ئاستی سێیەم.

بە پێی دەستەیێك یاسا ئەم وشانە لێکدەدرێن فرێز Phrase پێك دەهێنن. بە هۆی دەستەیێك یاسای تر ئەم فرێزانە لێکدەدرێن رستە پێك دەهێنن. ئەمە ئاستی چوارەم.

پەیوەندیی نێوان ئاستەکان لە سەر پێڕەوێکی تەپۆلکەیی ئەم جۆرەیە:




ئەمە لە رووی داڕشتن و پێوەندییەوە.

ئەرکی سەرەکیی زمان گواستنەوەی بیر و چەمك و واتایە. (واتا) لە پەیژەی تەپۆلکەیی ئاستەکانی شیکردنەوەدا لە مۆڕفیمەوە دەست پێ دەکات و بەرەو ژوور تا دەگاتە رستە و دەرەوەی رستە.

ئەو لقەی زانستی زمان کە لە واتا دەکۆڵێتەوە لەناو چوارچێوەی وشەو ڕستەدا بە واتاسازی Semantics ناو دەبرێ. ئەمە ئاستی پێنجەم.

ئەمانە ئاست و لقە سەرەکییەکانی بواری لێکۆڵینەوەی شیتەڵین. هەر یەکە لەمانە لقی تری لێ دەبێتەوە. ئەم لقانەش لقۆکەی تریان لێ دەبێتەوە و بەم جۆرە.

**أ- فۆنەتیك:**

قسە بە سێ قۆناغ ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات. کە قسەکەر دەدوێ بەهێزی بای لە سییەکانەوە هاتوو بە قوڕگ و زار و لووتدا تێدەپەڕێ و لە ئەنجامی چەند جووڵانەوەیێکی ئاڵۆزی ئەندامانی ئاخاوتن رەوت و زنجیرەی دەنگ دروست دەبێ. ئەم دەنگانە لە هەوادا بە هۆی شەپۆلەکانەوە دەگوێزرێنەوە و گوێگر بە گوێ دەیانبیستێ و هەواڵەی مێشکیان دەکات.

مێشك ئەم دەنگانە شی دەکاتەوە، واتاکانیان دەپارێزێ. واتا دەنگەکانی زمان دەشێ لە سێ رووەوە سەیریان بکرێ و لێیان بکۆڵرێتەوە.

١- لە رووی دروستکردنەوە Articulatory Phonetics ئەمە میکانیزمییەتی ئەندامانی ئاخاوتن دەگرێتەوە. روونی دەکاتەوە چۆن دەنگەکانی زمان دروست دەکرێن. چین ئەو جووڵانەوانانەی بەشەکانی ئەندامانی ئاخاوتن کە دەبنە هۆی دروستکردنی هەر تاکە دەنگێك و لە چ بەشێکی زاردا دروست دەکرێن. سیماکانی هەر دەنگێ چین و بە چی لە دەنگەکانی تر جیا دەبێتەوە. لە فۆنەتیکدا یاسا نییە. تەنیا وەسفە.

٢- لە رووی فیزیاوییەوە Acoustic Phonetics دەنگەکان لە هەوادا دەگوێزرێنەوە بە هۆی ئەو شەپۆلانەی بە هێزی بای لە سییەکانەوە هاتوو و جووڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دروست دەبن. ئەم لقە لەلایەنە فیزیکییەکانی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە بە هۆی ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ دەستنیشانکردنی

سیماو لەرەو درێژیی شەپۆلەکانی هەر تاکە دەنگێکی زمانی.

٣- لە رووی وەرگرتنی دەنگەکانەوە Auditory Phonetics بە گوێ و حەواڵە کردنیان بۆ مێشك و شیکردنەوە و پاراستنیان لە مێشکدا ئەمە میکانیزمییەتی گوێ و مێشك دەگرێتەوە.

**ب- فۆنۆلۆجی:**

ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە یاسا دەنگییەکان دەکۆڵێتەوە. هەر زمانێك دەستەیێك یاسای تایبەتی بەخۆوەی هەیە ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکەن :

١ – لە رێی جووتۆکە و سێتۆکەکانییەوە فۆنیمەکانی دەستنیشان دەکەن.

٢- لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکی، دەستەیێك یاسای تایبەت بە زمانەکەوە فۆنیمەکانی لێك دەدات و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێك دەهێنێ. ئەم لقە بە Phonatactic structure ناو دەبرێ.

٣- دەنگەکانی زمان، لە ئەنجامی لێکدان و کەوتنە پاڵ یەکیان، کار لێك دەکەن. دەنگ هەیە سیمای دەگۆڕێ، هەیە دەتوێتەوە، یا دەقرتێ هەیە لەگەڵ دەنگی تردا ئاوێتە دەبێ و دەنگی سێیەم دێننە ئەنجام و هەشە دەنگی تر پەیا دەبێ... ئەم کارلێککردنانە کە هەموو بەهۆی دەستەیێك یاسای تایبەت بە زمانەکەوە دێنە ئەنجام بە یاسا فۆنۆلۆجییەکان Phonological Rules ناو دەبرێن.

٤- کەرەسەی دەنگیی تر هەن لە هەر زمانێکا بە (ناکەرتییەکان) Suprasegmental ناو دەبرێن. ئەمانە (هێز Stress و ئاوازە Intonation و تۆن Ton) دەگرنەوە. هەر زمانەی یاسای تایبەتیی خۆی هەیە بۆ بەکار هێنانیان.

**جـ- مۆڕفۆلۆجی:**

شیکردنەوەی مۆڕفۆلۆجیی هەر زمانێك ئەبێ ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات:

١- دەستنیشان کردنی مۆڕفیمەکانی Morpheme مۆڕفیمەکان. سادەترین کەرەسەی ئاستی مۆڕفۆلۆجیان.

٢- دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی ئەم مۆڕفیمانە لێك دەدات بۆ داڕشتنی وشەکان.

٣- کە مۆڕفیمەکان دەکەونە پاڵ یەك، دەنگەکانیان کار لێك دەکەن. شێوەیان دەگۆڕێ بە پێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییانەی بە کەتنە پاڵ یەك دروست دەبن. واتــا دەستـنـیشانـکـردنـی مـۆڕف Morph و ئـەلـەمۆڕفـەکـانـی Allomorph مـۆڕفـیـمـەکـان. ئـەم بـەشـەی زمـانـەوانـی بـە مـۆڕفـۆفـۆنیم Morphophonemic نـاودەبرێ.

**د- سینتاکس:**

بــە پــێی دەستــەیــێك یــاسای تــایـبــەت بــە زمــانــەکــەوە وشەکــان لــێك دەدرێن بۆدارشتنی فرێزەکان و بە هۆی دەستەیێك یاسای تر فرێزەکان لێکدەدرێن بۆ دارشتنی رستە. دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی وشە و فرێزەکان لێك دەدەن بە رستەسازی Syntax نـاودەبرێ.

**هـ- واتـاسازی:**

سیمـانتیك semantics ئەو لقەی زانستی زمـانە کە هـەوڵدەدا پێوەندیی نێوان فـۆڕم و چـەمك دەستـنیشان بکـات. پێکـهاتـە سیمـانـتیکییـەکـانی مۆڕفیمەکان و وشەکــان دەخــاتــە روو و پــێوەنـدیــیــە واتــایــیــەکــان لــە ئــاستــی مـۆڕفـۆلـۆجـی و سینتـاکسیدا دەستنیشان دەکات.

سنووری سیمـانتیك لێکۆڵینەوەیە لەو واتـایانەی لە نـاو چواچێوەی وشە و رستـەدا بـەدی دەکرێن و هـەڵدەهێنجرێن.

**و- پراگماتیك**

زۆر واتــای شاراوە هــەیــە تــەنـیــا بــە رەچـاوکـردنـی بــارودۆخـی رستـەکـە لـەنـاو دەقـەکـەیدا یـا لـەنـاو چوارچێوەی زەمینـە و بـارو دۆخـی کـۆمـەڵایـەتی و کـەلتووری و مێژوویی قسەکەر و گوێگرەکە دەرك دەکرێ.

ئـەو لقـەی زانستی زمـان کە لە پێوەندییەکانی واتـایی نێوان زمـان و دەرەوەی زمـان دەکـۆڵێتـەوە بـە پراگمـاتیك Pragmatics نـاو دەبرێ.

لقەکانی زمانەوانیی شیتەڵی لەم نەخشەیەدا خراوەتە روو:

| | ئاست | ئامانج |
|---|---|---|
| بێ واتا | فۆنەتیک | دروستکردن |
| | | گواستنەوە |
| | | وەرگرتن |
| | فۆنۆلۆجی | فۆنیمەکان |
| | | بڕگە |
| | | کارلێککردن |
| | | ناکەرتییەکان |
| واتادار | مۆرفۆلۆجی | مۆرفیم |
| | | وشە |
| | | مۆرفۆفۆنیم |
| | سینتاکس | فریز |
| | | رستە |
| | واتاسازی | سیمانتیک |
| | | هێماسازی |
| | | پراگماتیک |

## ٢- زمانەوانیی بەراوردی Comparative Linguistics

### أ- بەراوردیی مێژوویی

سێر ولیەم جۆنس (١٧٩٤- ١٧٤٦) Sir Willam Jones زمانەوانێکی بەریتانی بوو، لە هیندستان دەژیا. شارەزای زمانی لاتینی و گریکی بوو، کە زمانی سەنسەکریتی فێر بوو. بینی لێکچوونێکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەم سێ زمانانەدا هەیە. لە ساڵی ١٧٨٦ دا وتارێکی لە کۆنگرەی کۆمەڵەی ئەسیەوی - بەنگالی پێشکێش کرد تیایا ئەم دیمانەی خستە روو:

"زمانی سەنسەکریتی هەر چەند کۆن بێ، دارِشتنێکی قەشەنگی هەیە، لە گریکی تەواوترە و لە لاتینی دەوڵەمەندتر و بە پیتترە و لە هەردووکیان

دڵگیرتره. لەگەڵ ئەمەدا لێکچوونێکی زۆر سەیر لە نێوان هەرسێ زماندا بەدی دەکرێت، چ لە رووی فەرهەنگ و رەگی کارەوە، چ لە رووی رێزمانەوە. ئەم لێکچوونە ئەوەندە زۆر و ئاشکرایە کە هەرگیز ناشێ بخرێتە پاڵ رێکەوت. هیچ زمانەوانێ نییە لە هەر سێ زمان نەکۆڵێتەوە و نەگاتە ئەو بڕوایە کە هەرسێ زمان هاونژاد و هاوسەرچاوەن.″

ئەمە ئاسۆییێکی نوێی کردەوە و بوو بە هۆی پەیابوونی رێباز لە شیکردنەوەی زمانەوانیدا.

زمانەوانان لە هەموو جیهانا کەوتنە بەراورد کردنی زمانەکانیان لەگەڵ زمانانی تر بەو ئاواتەی پەیوەندیی خزمایەتیی نێوانیان بدۆزنەوە. دوای زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵ لێکۆڵینەوە لە سەرتاپای جیهاندا، سروشتی خزمایەتی و پێوەندیی مێژوویی نێوان سەدان لە زمانە هاورەگەزەکانی ئەم بەر و ئەو بەری جیهان دەستنیشان کران. ئەنجام زۆربەی زمانەکانی جیهان لە چەند بنەماڵەییێکدا کۆکرانەوە و دووری و نزیکیی خزمایەتی و مێژوویی نێوان زمانە هاو بنەماڵەکان ئاشکرا بوو و رێگا دۆزرایەوە بۆ دەستنیشانکردنی نژادی تاکە زمانەکان.

تا سەرەتای سەدەی بیستەم بواری زمانەوانی بە تەواوی بە پێڕەوی مێژوویی داگیر کرابوو. ئامانجی سەرەکیی زمانەوانان دۆزینەوەی جۆری پێوەندیی خزمایەتیی نێوان زمانەکانی جیهان بوو. خۆیان بە بەراورد کردنی وشە سەرەکییە هاوواتاکانی زمانە جیاوازەکان خەریك کردبوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕینانەی بە سەر دەنگ و وشەکانا هاتووە بە ئامانجی گەڕاندنەوەی وشە هاوواتا و هاوڕەگەکان بۆ هەمان سەرچاوە ، کە لە رێیانەوە یاساکانی دەنگ گۆڕین لە زمانا دۆزرایەوە و بە هۆی ئەم یاسایانە رادەی پێوەندی و سروشتی خزمایەتی نێوان زۆربەی زمانەکانی جیهان دەستنیشان کرا.

ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ، سەرەڕای گرنگیی و سەرەڕای ئەوەی زۆر دیاردەی سەیر و لایەنی شاراوەی لە زمانا دۆزییەوە و ئاشکرا کرد ، بەڵام زمانەوانیی لە ئەرکی سەرەکی و راستەقینەی خۆی لادابوو ، کە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی خودی

زمـان خۆی و چۆنیـەتی کـارکردنی وەك سیستـەمێکی دینـامێکیی زیندوو.

لە سـاڵی ١٩١٦ دا کتێبـەکەی فـەردینـاند دیسـاسۆر (١٨٥٧ - ١٩١٣) Cours de linguistique generale (کۆرسێ لە بـارەی زمـانـەوانیی گشتییەوە) بڵاو بووەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە تێبینییەکانی ئەو قوتابییانەی کە دیساسۆر لە ساڵانی (١٩٠٩ - ١٩١١) وانـەی زمـانـەوانی و فـەلسـەفـەی پێ وتبوونـەوە. واتـا دیسـاسۆر خۆی ئـەم کتێبـەی نـەنووسیوە و دانـەنـاوە ، بـەڵکو بیـرو بـۆچـوونـەکـانـی لـە تێبـینـییـەکانی قوتـابییەکانییەوە هـەڵێنجراون و لـە کتێبێکدا کۆ کراونـەتەوە و دوای مردنـی بـە سێ ساڵ بڵاو کراوەتـەوە. زمـانـەوانیی (زانستی) بـە پێی چـەمکی نوێ Linguistics لـەگەڵ بڵاوبوونـەوەی ئـەم کتێبـەدا دەست پێ دەکات.

سـەرەڕای ئـەو کـەموکوڕی و کـەلێن و کـەلـەبـەر و پـچڕپـچڕییـەی لـە نێوان بـەش و بـابـەتـەکـانـی ئـەم کـتـێبـەدا بـەدی دەکرێ ، دەرچـوونـی بـە مـەزنـتـرین شۆڕش و گرنگترین رووداوی زمـانـەوانیی سـەدەی بیستـەم دەژمێررێ.

دیسـاسۆر هـات و ئـەم گـۆمـەی شـلـەقـانـد ، زمـانـەوانـیی لـە تـەوقـی مێژوویی رزگارکرد و دەرگـای ئـاسۆیێکی تری فراوانی ، لـە جیهـانی زمـانـەوانیدا ، خستـە سـەر گـازی پشت. چـەن راییێکی سـادەی جووتلایی یـا (جووتـەکی) dichotomy بـەڵام یـەکجـار گرنگی پێشکێش کرد ، بـە هـۆیـانـەوە رێچکـەی شیکردنـەوەی زمـانی گـۆڕی و زمـانـەوانیی هێنـایە مـەیدانی راستـەقینـەی خۆی.

دیسـاسۆر ئـەوەی راگـەیـاند کـە، لـە شیکردنـەوەی زمـانـا ئـەبێ سـەیری زمـان بکرێ وەك سیستـەمێکی تـەواوی زیندووی سـەربـەخۆ. ئـامـانجی زانستی زمـان و زمـانـەوان ئـەبێ هـەوڵدان بێ بۆ تێگـەیشتن و دەرخستن و چۆنیـەتی کـارکردنی ئـەم سیستـەمـە ئـەم جۆرە لێکۆڵینـەوەیـەی لـە پێڕەوی مێژوویی جیـا کردەوە کـە نزیکـەی سـەدە و نیوێك زاڵ بووبوو بـە سـەر زمـانـەوانییدا. بـەمـە دیسـاسۆر دوو لقی سـەرەکیی لـە لێکۆڵینـەوەی زمـانـەوانیدا جیـا کردەوە.

١- لایـەنی شیتـەڵی (وەسفی) Synchronic بـایـەخ بـە شیکردنـەوە و پێشـاندانی شێوە و چۆنیـەتی کـارکردنی زمـان دەدات کـە لـە لایـەن کۆمـەڵـە خـەڵکێکەوە لـە کـاتێکی

دەستنیشانکراودا بە کار دەهێنرێ.

٢- لایەنی مێژوویی Diachronic لەو گۆڕینانە دەکۆڵێتەوە کە بە سەر زمانا دێت بە تێپەڕینی کات.

*زۆر گرنگە ئەوە بزانرێ کە (وەسفی) رێباز نییە. ئیستا بە دەیان رێباز لە بواری زمانەوانیدا هەیە کە هەموو (وەسفین) چونکە وەسفی زمان دەکەن وەك سیستەم. ( وەسفی) Synchronic زاراوەیێکی دیساسۆرییە بۆ جیاکردنەوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی Historical لە شیکردنەوەی سیستەماتیکی زمانەوانیدا.*

زمان وەك دیاردەیێکی ئاڵۆز و سرك، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی لایەنەکانی گەلێ بۆچوون و پێڕەوی جیا هەڵدەگرێ. هەر بۆچوونێك رێبازێکە، پێڕەو و تەکنیکی تایبەتی خۆی لە شیکردنەوەی زمانیدا هەیە.

**ب- بەراوردیی تایپۆلۆجی** Typological Linguistics

هەزاران زمان لەسەر رووی ئەم زەمینە هەیە. هەندێ لەم زمانانە لێك دەکەن و هەندێ جیاوازن. هەر لە کۆنەوە زمانەوانان بیریان لە لێکچوون و جیاوازیی نێوان زمانان کردووەتەوە.

زمانەوانی ئەڵەمانی ویلهێلم ڤۆن هەمبۆڵدت (١٧٢٦ ـ ١٨٣٥) زمانانی جیهانی دابەش کردە سەر سێ type (جۆر) بە پێی سروشتی داڕشتنی وشەکانیان.

١- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێك دێن، مۆرفیمەکانی بەڕیز پێکەوە دەنووسێن یا دەلکێن و قاڵبی هەر یەکەیان بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت و لێك جیا دەکرێنەوە، ناوی نان agglutinative (نووساو) یا (لکاو). وەك کوردی و یابانی و تورکی و سواهیلی.

٢- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێك دێن و مۆرفیمەکانی لەناو یەکتردا تواونەتەوە و قاڵبەکانیان دەستنیشان ناکرێن و لێك جیا ناکرێنەوە ناوی نان Fusional یا Inflecting (تواوە) وەك زمانی لاتینی و یۆنانی.

٣- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە تاکە مۆرفیمێك پێك دێت و هەرگیز رێگە نادەن مۆرفیمی تریان پێوە بلکێ، ناوی نان Isolating یا analytic (دوورەپەرێز).

وەك چینی و بورمی.

ئەمە یەکەم هەوڵدان بوو بۆ پۆلکردنی زمانانی جیهان بە پێی لێکچوونیان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا.

بەمە ڕێبازی تایپۆلۆجی سەری هەڵدا. ئەم ڕێبازە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرا تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو. لە ساڵی ١٩٦٣ دا گرینبێرگ H. J. Greenberg باسێکی بە ناونیشانی Some uviversals of grammar with particular reference to the order of meaningful elements بڵاو کردەوە تیایا ژمارەییێکی زۆر زمانانی سەر بە بنەماڵەی جیاجیای ئەمبەر و ئەوبەری جیهانی بەراورد کرد لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیدا. لەئەنجامی ئەم لێکوڵینەوەیەدا دەرکەوت کە سروشتی ریزبوونی بەشە بنجییەکانی رستە ( بکەر – بەرکار– کار) پێوەندییان بە جۆری دارشتنی وشەکانی زمانەکەوە هەیە (نووساو – تواوە – دوورەپەرێز) هەروەها بە وەی کە زمانەکە پێشبەندییە Prepositinal یا پاشبەندی postpositional. ئەمانە و چەن ئەنجامێکی تریش. بەمە ڕێبازی (تایپۆلۆجی) Typology بە گیانێکی نوێ سەری هەڵدایەوە.

ئامانجی ئەم ڕێبازە دەستنیشانکردنی قاڵبە گشتییەکانی Universal هاوبەشی نێوان هەموو زمانانە لە ڕێی بەراوردکردنیان لە پێناو لێکدانەوەو دۆزینەوەی بنەمای گشتی گشتیی دارشتنی زمانی مرۆڤێ.

ئەم ڕێبازە لە بواری فێرکردنی زمانیشا Pedagogical قۆزراوەتەوە بۆ مەشقکردن و دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکانی فێربوونی زمانی تر. بۆ جیاکردنەوەی لە ئامانجی تیۆریی، بۆ ئەم پێرەوە زاراوەی Contrastive دانراوە.

بەم جۆرە زمانەوانیی بەراوردی سێ لقی لێ دەبێتەوە:

١– بەراوردیی مێژوویی Historical

٢– بەراوردیی تایپۆلۆجی Typological

٣– بەراوردیی مەشقی Contrastive یا Applied Linguistics

### ٣- زمانەوانیی مێژوویی Historical Linguistics

گۆڕان یاساییێکی ئەزەلیی ئەم سروشتەیە. باری ئێستای هەر شتیٚ جیایە لە هی هەر کات و سەردەمێکی تری. هیچ هێز نییە گۆڕین بوەستێنیٚ. گۆڕان دوو هۆی هەیە، (ناوەکی) Internal و(دەرەکی) External هۆی (ناوەکی)ئەوەیە کە هێزێکی شاراوە هەیە کار لە شت دەکا و دەیگۆڕیٚ، ئەم هێزە هەرگیز دەستی بەسەرا ناهێنریٚ و راناگیریٚ. گۆڕین پێوەندیی بە دینامیکییەتی ناوەوەی گەوهەری کەرەسە و سروشت خۆیەوە هەیە. ئەم سروشتە هەمووی و هەرچییەکی تیایە لە جوولە و گۆڕانێکی بەردەوامە. هیچ هێز نییە بتوانیٚ رایگریٚ.

هۆی (دەرەکی) کە ژینگە دەگرێتەوە، رۆڵی بالاّ دەگێڕیٚ لە ئاڕاستە کردنی سروشتی گۆڕینەکە. گەر سیستەمیٚ خرایە دوو ژینگەی جیاوە پاش ماوەییٚ دەگۆڕیٚ لە هەر ژینگەیێکا بە جۆریٚ و لە ئەنجام دەبیٚ بە دوو سیستەمی جیاواز. هەر یەکە بە گوێرەی بار و دۆخی ژینگە تایبەتییەکەی خۆی.

زمان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. باری جوغرافی و ئابووری و کومەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر دەور دەگێڕن لە چۆنیەتی ئاڕاستەکردن و شێوە گرتنی ئەم گۆڕانە کە هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە ( دەنگەکان- یاسا فۆنۆلۆجی و مۆڕفۆلۆجی و سینتاکسییەکان و سیمانتیك و پڕاگماتیك).

زمان زۆر لەسەرەخۆ دەگۆڕیٚ هەرگیز قسەکەرانی زمان هەستی پیٚ ناکەن. ئەو زمانانەی قۆناغە پێشووەکانی لە نووسینا پارێزراون ئەم گۆڕینە بەئاسانی دەرك دەکرێت. گەر چاویٚ بخشێنریٚ بەو گۆڤار و رۆژنامە کوردییانەی پەنجا شەستساڵێکی بەر لە ئیستا، زۆر بە روونی دەردەکەویٚ کە زمانی کوردی لەم ماوەیەدا چەند گۆڕاوە.

بۆ دەستنیشانکردنی ئەم گۆڕینانە دەبیٚ زمانەکە لە قۆناغە جیاوازەکانا، لە هەموو ئاستەکاندا شی بکرێتەوە و بەراورد بکریٚ و جیاوازییەکان دەستنیشان بکرێن.

ئەو لقەی زمانەوانی کە لە مێژووی وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدا

بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕەچەڵەکەکانیان بە ئەتیمۆلۆجیا Etemology ناو دەبرێ.

**زمانەوانیی شێوەزاری** Diactology

گەر کۆمەڵە خەڵکێکی هاوزمان هەموو لە ناوچەیێکا بە یەکەوە ژیان و مانەوە و پێوەندیی جوغرافی و کۆمەڵایەتیی نێوانیان نەپچڕا، زمانەکەیان کە دەگۆڕێ ئەوە لە هەموو ئاست و بەشەکانیدا هەمان شێوە دەگرێتە خۆ. ئەگەر هات و ئەم کۆمەڵە خەڵکە پەرش و بڵاو بوون و لێك دابڕان چ لە ئەنجامی پەیابوونی سنووری سروشتی یا سیاسی لە نێوانیاندا یا لە ئەنجامی بارکردن، ئەوە هەر بەشەی دەکەوێتە ژینگە و بارودۆخێکی جیا، بۆیە گۆڕینەکەیان وەك یەك نابێ. لە هەر ناوچەیێکا سیمایەکی جیا لەوانی تر دەگرێتە خۆ. پاش ماوەیێك دەبن بە چەن شێوەیێکی جیا. چەن کاتی بەسەرا تێپەڕێ شێوەکان لێك دوورتر دەکەونەوە و زیاتر لێك دەترازێن و جیاوازیی نێوانیان زیاتر دەبێ.

ئەو بەشەی زمانەوانی کە لەم لایەنەی زمان دەکۆڵێتەوە بە شێوەزارناسی Diactology ناو دەبرێ.

لە ناو چوارچێوەی شێوەیێك یا زمانێکدا و لە ئەنجامی هەبوونی سنووری کۆمەڵایەتی و پیشەیی و ئابووری لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە، هەر کۆمەڵەی فەرهەنگ و دەربڕینی تایبەت بە خۆوەی دەبێ. بەمە شێوەزاری کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات.

بەم جۆرە شێوەزارناسی دوو لقی لێ دەبێتەوە:

١ – جوغرافی

٢– کۆمەڵایەتی

**٤– نژادی زمان وەك دیاردەیێکی مرۆڤیی گشتی**

هەزاران ساڵە زمانەوان و فەیلەسووفان هەوڵ دەدەن بزانن چۆن و کەی و لە کوێ زمانی مرۆڤ پەیابووە. لەم بارەیەوە گەلێ لیکۆڵینەوە و چەن تیۆرییەك پێشکێش کراون بەڵام هیچ یێکێکیان ناتوانن وەڵامێکی تینووشکێن پێشکێش

بکەن لەم بارەیەوە.

سەرهەڵدانی زمان وەك هەر دیاردەیێك کە پێوەندیی بە سەرەتای پەیا بوونی مرۆڤەوە هەیە ئاڵۆز و لێڵە. ئیستا زمانەوانی وازی لەو جۆرە باس و لیکۆڵینەوانە هێناوە و زیاتر لە بواری پەرەسەندنی مرۆڤ سەیری دەکرێت.

(نژاد) و (مێژوو) دوو شتی جیان. نژاد لەو بارودۆخانە دەکۆڵێتەوە کە دەبنە هۆی پەیابوونی شتیّ. مێژوو ئەو قۆناغانەیە کە شتەکە پێیدا تێدەپەڕی لە پەیابوونییەوە و بەرەو ژوور.

بوار و لقە سەرەکییەکان و ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی لەم نەخشەیەدا کۆکراوەتەوە.

جگە لە لقەکانی زمانەوانیی وەسفی لێرە بوارەکانی تری زمانەوانی خراونەتە ڕوو:

| | |
|---|---|
| Computational linguistics | زمانەوانیی کۆمپیووتەری |
| Comparative linguistics | زمانەوانیی بەراوردی |
| Contrastive linguistics | زمانەوانیی بەراوردیی فێرکاری |
| Dialectology | شێوەزارناسی |
| Discourse analysis | زمانەوانیی گفتوگۆیی |
| Etymology | مێژووی وشە |
| Forensic linguistics | زمانەوانیی دادی |
| Grammar | ڕێزمان |
| Historical linguistics | زمانەوانیی مێژوویی |
| Language didactics | زمانەوانیی ڕەوشتی |
| Language acquisition | وەرگرتنی زمان |
| Language for specific purposes | زمان بۆ مەبەستی تایبەتی |
| Lexicology | لیکسیکۆلۆجی و فەرهەنگسازی |
| Linguistic statistics | زمانەوانیی ژمێریاری |
| Linguistic typology | تایپۆلۆجی |
| Neurolinguistics | زمانەوانیی دەماری |
| Orthography | نووسینزانی و مێژووی |

| | |
|---|---|
| Psycholinguistics | زمانەوانیی دەروونی |
| Rhetoric | ڕەوانبێژی |
| Sociolinguistics | زمانەوانیی کۆمەڵناسی |
| Stylistics | شێوەناسی |
| Text linguistics | دەقسازی |
| Cognitive linguistics | زمانەوانیی هۆشەکی |
| Mathematical linguistics | زمانەوانیی ماتماتیکی |
| Origin of language | نژادی زمان |
| Animal languages | زما نی ئاژەڵ |
| Semiotics | زمانەوانیی هێمایی |
| Applied linguistics | زمانەوانیی مەشقی |
| Philosophical linguistics | زمانەوانیی فەلسەفی |
| Anthropological linguistics | زمانەوانیی ئەنترۆپۆلۆجی |
| History of linguistics | مێژووی زمانەوانی |

سەرچاوەکان

1- Aitchison, J. (2005) Linguistics. London.

2- Crystal, D. (1989) The Cambridge Encyclopedia of language. Cambridge University press.

3- Fromkin, V et al. (2003) An Introduction to Language. 7th ed. Thomson - Heilin.

4- Hockett. Ch. F. (1969) A course in Modren Linguistics. Toronto.

5- Robins, R. H. (1997) A short History of Linguistics. Longman.

## له ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە

گۆڤاری (ئەکادیمی) ژ ٣ ساڵی ٢٠٠٥

بەدەرچوونی کتێبە ٧٥ لاپەڕەییەکەی چۆمسکی (داڕشتەی ڕستە) Syntactic Structure لە ساڵی ١٩٥٧دا ڕێبازی گوێزانەوە لە دایك بوو. لە سەرەتادا زۆر لە بڵاوکەرەوەکان ڕازی نەبوون ئەم کتێبەی بۆ بڵاو بکەنەوە بەو هەنجەتەی، کە هی زمانەوانێکی گەنجی کەم تەجرەبەیە ، هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئەو پلەیەی کتێبی بۆ بڵاو بکرێتەوە، تا مامۆستاییێکی خۆی کە لە لێهاتوویی چۆمسکی دڵنیا بوو ، هەوڵێکی بۆ دا لای سەرنووسەری Hague بەڵکو بۆی بڵاو بکاتەوە. ئەویش لە پێناو هاندان و لە بەر خاتری هاوڕێکەی کتێبەکەی بە نا بەدڵی بۆ بڵاو کردەوە.

لەگەڵ ئەمەدا دەرچوونی ئەم کتێبە بوو بە گرنگترین ڕووداو لە مێژووی زمانەوانیدا. شۆڕشێکی کۆپرینیکیی بەرپا کرد هەموو پێوانەکانی سەرەوژێرکرد. ڕێبازێکی دامەزراند هەموو قوتابخانەکانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی پێ ڕامالی و ئاسۆییێکی فراوانی بێ پایانی لە بەردەم لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا کردەوە. ئەنجام زۆربەی هەرە زۆری زمانەوانانی جیهان کەوتنە ژێر کاریگەریی و وای لێ کردن دووبارە بە بیر و باوەڕ و پێڕەو و بۆچوونەکانیان بێنەوە و زمانەکانیان لە ژێر ئالای ئەم ڕێبازە نوێیە شی بکەنەوە.

لەم ٤٥ ساڵەی دواییدا ئەم ڕێبازە زۆر بە خێرایی پەرەی سەند و تەشەنەی کرد. چۆمسکی خۆی و سەدان کەڵە زمانەوانانی جیهان بەشدارییان لەم پەرە پێدانە کرد. گەلێ ڕێبازی تر لە سایەیدا سەری هەڵدا و ڕوا بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ڕووەکانی.

ڕێبازی گوێزانەوە بە چەن قۆناغێکا تێپەڕیوە کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- قۆناغی SS لە ساڵی ١٩٥٧ دا لەگەڵ دەرچوونی کتێبەکەی چۆمسکی Syntactic Structure دەست پێ ئەکات.

٢- قۆناغی Aspect له ساڵی ١٩٦٥ دا لەگەڵ دەرچوونی کتێبی (ئەسپێکتی) چۆمسکی دەست پێ ئەکات.ئەم قۆناغە بە ستاندەرتیش Standard theory ناو ئەبرێ

٣- قۆناغی درێژە پێدراوی ستاندارد.

٤- قۆناغی پێداچوونەوە بە درێژە پێدراوی ستاندارد.


٥- قۆناغی فرمان

٦- قۆناغی دەسەلآت - بەستنەوە

له ناو چوارچێوەی گشتیی ڕێبازی گوێزانەوەدا، هەر یێکێ لەم قۆناغانە بە ڕێبازێکی سەربەخۆ و پڕکەرەوەی کەموکوڕیەکانی قۆناغەکانی پێش خۆی ئەژمێررێ. تیشکی نوێ ئەخاتە سەر سروشتی زمان و زاراوە و تەکنیکی تایبەتیی خۆی هەیە.

یێکێ له ڕووە هەرە گرنگەکانی ڕێبازی گوێزانەوە ئەوەیە ئەم ڕێبازە ئەتوانێ چەن ڕستەیێکی بە سیما و ڕواڵەت جیاواز بخاتە پاڵ هەمان بنجەوە Deep Structure و هەمان ڕستە بخاتە پاڵ چەن بنجێکی جیاوازەوە.

یەکەم: کە ڕستە یەك بنج و زیاتر له سیمایەکی دەبێ:




بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە سەیرێکی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە و له ڕووی داڕشتن و واتاوە بەراوردیان بکە:

١- من تۆم بە ئەوان سپارد.

٢- تۆم بە ئەوان سپارد.

٣- من بە ئەوانم سپاردیت.

٤- بە ئەوانم سپاردیت.

٥- من تۆم پێ سپاردن.


٦- تۆم پێ سپاردن.

٧- من پێم سپاردنیت.

٨- پێم سپاردنیت.

ئەم هەشت ڕستەیە لە ڕواڵەتدا جیاوازن. هەر یێکە قاڵبێکی جیاوازی هەیە. کەچی هەموو هاوواتان. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەم هەشت ڕستە بە سیما جیاوازانە هاوبنجن. لە ئەنجامی سەپاندنی دەستەیێك یاسای جیای بەئارەزووی Optional گوێزانەوە بنجەکەیان بەرەو سیمای Saurface Structure جیا گواستەوە و قاڵب و شێوەی جیایان پێ بەخشی.

بنجی ئەم هەشت ڕستەیە لەم درەختەدا Tree diagram ڕوون کراوەتەوە:




**بۆ سیمای یەکەم...**

دەستەیەك یاسای بەخورتی Obligatory (یەك لەمانە یاساکانی ڕێککەوتنە کە بەهۆیەوە ڕاناوی لکاو بەکارەکە دەناسێنێ و شوێنەکەی لەڕستەدا دەستنیشان دەکات) ڕستەی بیناغە (بەچەمکی قۆناغی SS) دادەڕێژن. بەمە ڕستەی یەکەم هەڵقولا Generated. ڕستەکە دەبێتە:


**من تۆم بە ئەوان سپارد**

هیچ یاسایەکی بەئارەزوو بەسەر ئەم ڕستەیە نەسەپێنراوە.

بۆ سیمای تری ئەم ڕستەیە دوای سەپاندنی یاسا خورتییەکان دەشێ هەندێ یاسای بەئارەزوو بەسەر ئەم ڕستییە بسەپێنرێ و سیمای تری جیا لەڕستەی بیناغە بەڕستەکەوە ببەخشێ. وەك ئەمانەی خوارەوە.

**بۆ سیمای دووەم ...**

یاسایێکی گوێزانەوە لە زمانی کوردیدا هەیە ئەڵێ (دوای سەپاندنی یاسای ڕێکەوتن و وەرگرتنی ڕاناوی لکاو ئەشێ بکەری ڕستەکە لاببرێ). ئەم یاسایە بە (یاسای بکەر لادان Subject NP deletion) ناودەبرێ.




(من تۆم بە ئەوان سپارد) دەبێتە:

**تۆم بە ئەوان سپارد** ... بە یاسا ژ (١) [ ئەمە سیمای دووەم ]

**بۆ سیمای سێیەم ...**

لە زمانی کوردیدا دەستەیێك یاسا بەئارەزوو هەن بە هۆیانەوە دەشێ ڕاناوی


جودای بەرکاری (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) چ هەر یەکە بە تەنیا چ هەردوو پێکەوە بە ڕاناوی لکاو جێگیر بکرێن.

ا – ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر کرا:

لەم ڕستەیەدا کاتی کارەکە ڕابردووە بۆیە ڕاناوی لکاوی بکەری (ڕێکەوتن) لە کۆمەڵی (A)یەوە (م – ت – ی – مان – تان – یان) دەبێت. بۆ (بەرکاری) ڕوو لە کۆمەڵی (B) (م – یت – Ø – ین – ن – ن) دەکەین.

لەم ڕستەیەدا (تۆ) بەرکاری ڕاستەوخۆیە، لە کۆمەڵی (B)دا (یت) بەرامبەریەتی، جێی دەگرێ و بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ. (م) ی بکەری کە لە کۆمەڵی (A) یەوەیە بەرەڵلا بوو، بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ:

هەنگاوەکانی گوێزانەوەی ئەم ڕستەیە بەم جۆرەیە:




ڕستەکە دەبێتە:

**من بە ئەوانم سپاردیت** .... بە یاسا ژ (٢) [ئەمە سیمای سێیەم ]

کە (یت) جێی (تۆ) دەگرێ (م) بەرەڵا دەبێ. بە پێی یاساکانی ڕێکەوتن بەبەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێت.


بە سەپاندنی یاسا ژ (١)ی (بکەر لابردن) بە سەر ئەم ڕستەیەدا ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ:

**بە ئەوانم سپاردیت** [ئەمە سیمای چوارەم ]

٢ – ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر کرا:

بە هەمان پێڕەو دەشێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ئەوان) بە ڕاناوێکی لکاوی کۆمەڵی (B) جێگیر بکرێ. بەرانبەرەکەی (ن) ە دەلکێ بە ڕەگی کارەوە.

بەپێی یاسای [ئەگەر ڕاناوی جودای دوای (بە – لە) کرا بە لکاو (بە) دەبێتە (پێ) ، (لە) دەبێتە (لێ)].





[ئەمە سیمای پێنجەم ]

بە سەپاندنی یاسا ژ (١) ی (بکەر لادان) ڕستەکە ئەم سیمایەی لێ دەنیشێ

**تۆم پێ سپاردن** [ئەمە سیمای شەشەم ]

٣ – ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەردووك بە ڕاناوی لکاو جێگیر کران:





[ئەمە سیمای حەوتەم]

بە سەپاندنی یاسا ژ (١) ی (بکەر لابردن) ڕستەکە ئەم سیمایەی لێ دەنیشێ:

**پێم سپاردنیت** [ئەمە سیمای هەشتەم ]

**دووەم: یەك ڕستە زیاتر لە بنجێكی دەبێ:**




ڕستەی: **(لەوانەیە ئازاد بێ)** لێڵە بەلای كەمی ئەم چوار واتایە دەگەیێنێ:

١ – لەوانەیە ئازاد (ئیمڕۆ) بێت (بۆ ئێرە).


٢ – لەوانەیە ئازاد بێ (وا لە دەرگا دەدات).

٣ – لەوانەیە ئەو (كە بەند بوو ئیستا) ئازاد بووبێت.

٤ – لەوانەیە ئەو (لە داهاتوودا) ئازاد بێت.

هۆی ئەم لێڵییە ئەوەیە ئەم ڕستەیە زیاتر لە یێك بنجی هەیە (لێرەدا چوار بنجی هەیە). چەن یاسایێكی گوێزانەوەی جیا ئەم بنجانە دەگوێزنە سیما و ڕێكەوت دەیانكات بە هاوسیما.

١– بۆ واتای یەكەم ئەم ڕستەیە ئەم بنجەی هەیە:




(بـ) نیشانەی كاتی داهاتووی (ئەگەری)یە.

(ێ) ڕەگی (هاتن)ە

(ێت) ڕاناوی لکاوی کەسی ٣ی تاکە


کە ئەم سێ کەرەسەیە لێك دەدەن (ب + ێ + ێت).

ا– (ێ)ی ڕاناوی لکاو لە ناو (ێ)ی ڕەگەکە دەتوێتەوە. (ێ + ێ = ێ) دەبنە (بێت).

ب– (ت) ی ڕاناوی لکاو دەشێ لاببرێ

ئەنجام (ب + ێ + ێت) دەبنە (بێ)


٢ – بۆ واتای دووەم ڕستەکە ئەم بنجەی هەیە:




(بـ) ڕەگی ئێستای (بوون) ـە. کە ئەم سێ کەرەسەیە (Ø + ب + ێت) لێك دەدرێن دەبنە (بێت). بە یاسای لابردنی (ت) ئەمینێتەوە (بێ).

ڕێکەوت وەکو ڕستەی یەکەمی لێ کرد. **لەوانەیە ئازاد بێ**

٣ – بۆ واتای سێیەم ڕستەکە ئەم بنجەی هەیە:



ئەم سێ کەرەسەیە (Ø + ئازاد بـ + ێت)

( Ø ) مۆرفیمێکی سفرە نیشانەی کاتی داهاتووە.

(ئازاد بـ) ڕەگی (ئازاد بوون)ە


(ێت) ڕاناوی کەسی ٣ی تاکە

(Ø+ ئازاد بـ + ێت) کە لێك دەدرێن دەبنە (ئازاد بێت) ، بە سەپاندنی یاسای ژ (١) ی (بکەر لابردن) و یاسای لابردنی (ت)ی ڕاناوی لکاو، ڕستەکە لە سیمادا دەبێتە:

**لەوانەیە ئازاد بێ**

کەرەسە و یاسای جیا ئەم بنجەی گوێزایە سیما و ڕێکەوت وەکو ئەوانەی سەرەوەی لێکرد.

٤ – بۆ واتای چوارەم ئەم ڕستەیە ئەم بنجەی هەیە:




بە یاسای Affix hopping (بـ) ی نیشانەی کات دەگوێزرێتە پێش (ب) ی ڕەگی (بوون) . ڕیزبوونی کەرەسەکان بەم جۆرە دەبێ:

(ئازاد بـ + بـ + ێت)

ا– (بـ) ی ڕەگی (ئازاد بوون) و (بـ) ی نیشانەی کاتی ئەگەری دەکەونە پاڵ یێك. بە یاسای لەناویەك توانەوەی فۆنۆلۆجی assimilation لە ناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەك (بـ).

ب – (ت) ی ڕاناوی لکاو بە یاسای (ت لابردن) لادەبریٚ.

ج – (ئەو) کە بکەرە بە یاسای ژ (١) ی بکەر لادان لادەبریٚ.

لە ئەنجامدا ڕستەکە لە سیمادا دەبێتە:

**لەوانەیە ئازاد بیٚ**

کەرەسە و یاسای جیا ئەم بنجەیان گواستە سیما و ڕێکەوت وەکو ئەوانەی سەرەوەی لیٚ کرد.

٥– بۆ واتای پێنجەم:

لە زمانی کوردیدا کاتی ئێستا Present و داهاتوو Future بە نیشانەی ڕێزمانی لێك جیا ناکرێنەوە Unmarked هەردوو بەهەمان قالب دەردەبڕێن. بۆیە کاری ئەم ڕستەیە جگە لە کاتی ئێستا، کاتی ئایندەش دەگەیەنیٚ.

واتای ئەم ڕستەیە و ئەوانی تر و هی ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕێی پراگماتیك و بارودۆخی قسەکە و بە هۆی ئاوەڵکارەوە ڕوون دەبنەوە.


ڕستەیەکی لێڵی وەك (ئازاد لایدا) بەلای کەمی ئەم دوو واتایە دەگەیەنیٚ:

١– ئازاد ئەوی لادا          ٢– ئازاد خۆی لادا


واتا ئەم ڕستەیە دوو بنجی هەیە:

بۆ واتای یەکەم (ئازاد ئەوی لادا) بەیاسای جێگیرکردنی ڕاناوی بەرکاری (ئەو) بەلکاو. کاتی کارەکە ڕابردووە، ڕاناوی لکاو لەکۆمەڵی (B) وەردەگیریٚ کە بەرامبەرەکەی مۆرفیمی(o)ە بەپێی یاسای شوێن دەچێتە سەر ڕەگی کارەکە. (ی)ی ڕاناوی ڕێککەوتن بەرەلا دەبیٚ و تاکە پەناگەیەك بۆی بەپێی یاساکانی شوێن (پێشگر)ە و پێوەی دەلکێت.

بۆ واتای یەکەم



بۆ واتای دووەم




ئەم جووتە ڕستانەی خوارەوە هەموو لێڵن بەپێی ئەو یاسایانەی لە سەرەوە باس کران شی دەکرێنەوە لێك دەدرێنەوە.

| (ا) | (ب) |
|---|---|
| ١ – لە گەڵ هی وا بێ سوودە | لە گەڵ هیوا بێ سوودە |
| ٢ – بۆتانم نارد | (بۆتان) م نارد |
| ٣ – ئەوان وەستان | ئەوان (وەستا)ن |
| ٤ – بۆ شایی دڵم | (بۆشایی) دڵم |
| ٥ – کێشەکانی شیعری کوردی | (کێشە) کانی شیعری کوردی |
| ٦ – پێی دەشکێ | (پێ) ی دەشکێ |
| ٧ – بۆ چیمە ؟ | بۆ ؟ چیمە |

پەراوێزەکان

١– بۆ ڕێزمانی گشتیی زمانی کوردی بە پێی ڕێبازی گوێزانەوە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە.
Waria Omar Amin (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish, Thesis presented to the University of London. SOAS.

* سوپاسی کاك (فەیسەل غازی محەمەد)ی بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد دەکەم بۆ یارمەتیدانم لە ڕێکخستنی وێنەکان.

# تایپۆلۆجیای زمانی کوردی

گۆڤاری ئەکادیمی ژمارە ٦ ساڵی٢٠٠٧ ل ٣١٣– ٣١٧

هەزاران زمان لەسەر رووی ئەم زەمینە هەیە. هەندێ لەم زمانانە لێك دەکەن و هەندێ جیاوازن. هەر لە کۆنەوە زمانەوانان بیریان لە لێکچوون و جیاوازیی نێوان زمانان کردۆتەوە.

زمانەوانی ئەڵمانی ویلهێلم ڤۆن هەمبوڵدت (١٧٢٦– ١٨٣٥) زمانانی جیهانی دابەش کردە سەر سێ تایپ (جۆر) بە پێی سروشتی داڕشتنی وشەکانیان. بەمە رێبازی پۆلکردنی تایپۆلۆجی لە زمانەوانیدا سەری هەڵدا.

زمانەکان دەشێ لە هەموو ئاستەکاندا بەراورد بکرێن. یەکێ لەم ئاستانە (مۆڕفۆلۆجیا) یە. مۆڕفۆلۆجیا لە یاساکانی داڕشتنی وشە لە زمانا دەکۆڵێتەوە.

مۆرفیم کەرەسەی خاوی داڕشتنی وشەیە، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە رۆڵێکی لە رێزمانا دەخرێتە پاڵ، لە فۆنیمێ یا زیاتر پێك دێت. بۆ نموونە رستەی:

**بەرخە جوانەکە ئاو دەخواتەوە**

لەم چوار وشەیە پێك هاتووە (بەرخە – جوانەکە – ئاو – دەخواتەوە)

وشەی یەکەم (بەرخە) لەم مۆڕفیمانە پێکهاتووە:

١– (بەرخ) یەك مۆڕفیمە، لە چوار فۆنیم پێك هاتووە. یەك واتای هەیە

٢– (ە) مۆڕفیمێکە لە یەك فۆنیم پێك هاتووە، دەوری لە رێزمانی کوردیدا لێکدانی ناو و ئاوەڵناوە گەر ناوەکە ئامرازی پێناسینی لەگەڵدا دەرکەوت.

وشەی دووەم (جوانەکە) لەم دوو مۆڕفیمە پێکهاتووە:

١– (جوان) لە چوار فۆنیم پێك هاتووە.

٢– (ەکە) لە سێ فۆنیم پێك هاتووە.

وشەی سێیەم (ئاو) یەك مۆڕفیمە: لە دوو فۆنیم (a:w) پێکهاتووە.

وشەی چوارەم (دەخواتەوە)لە چوار مۆڕفیم پێك هـاتووە:

١– (دە) لە دوو فۆنیم پێکهـاتووە، ئـامرازی بـەردەوامییە.

٢– (خۆ) لە دوو فۆنیم پێکهاتووە، رەگی کاتی داهـاتووی (خواردن) ـە.

٣– (ات) لە دوو فۆنیم پێکهاتووە. راناوی رێکەوتنە، کەسی سێیەمی تـاك (ئەو) دەگەیێنێ.

٤– (ەوە) لە سێ فۆنیم پێکهاتووە. مۆڕفیمێکی مۆڕفۆلۆجییە، وشە داڕێژە.

وشەکانی زمـان لە رووی پێکهاتنی مۆڕفۆلۆجییەوە و پێوەندیی مۆڕفیمەکان بە یەکتر لەناو چوارچێوەی وشە دا سێ جۆرن.

یەکەم– ئەو وشانەی لە زیاتر لە مۆڕفیمێك پێك دێن، مۆڕفیمەکانی بەریز پێکەوە نووساون و قـاڵبی هەر یەکەیان بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت و لێك جیا دەکرێتەوە، وەك:

نەمامەکەتم / نەمام – ەکە – ت – م (چاند)

دابڕینەوە / دا – بڕ – یـ – ن – ەوە

دووەم– ئەو وشانەی لە زیاتر لە مۆڕفیمێك پێك دێن و مۆڕفیمەکانی لەناو یەکتردا تواونەتەوە و قـاڵبەکانیان دەستنیشان نـاکرێن و لێك جیا نـاکرێتەوە.

وەك وشەی (هـات) کە لەم سێ مۆڕفیمە پێك هـاتووە:

١– رەگی داهـاتووی لە (هـاتن) وەرگیراو.

٢– مۆڕفیمی کاتی ڕابردوو.

٣– راناوی کەسی سێیەمی تاکی بەرامبەر (ئەو)

هـەرگـیـز قـاڵبی تـەواوی ئـەم سێ مۆڕفیمە لـە نـاو ئـەم وشەیەدا دەستنیشان ناکرێن بە پێچەوانەی وشەی (هێنای) کە لەم مۆڕفیمانە پێك دێت:

١– (هێن) – رەگی کاتی داهـاتووی لە چاوگی (هێنان)ەوە وەرگیراو.

٢– (ا) مۆڕفیمی کاتی رابردوو.

٣- (ی) ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو).

سێیەم- ئەو وشانەی لە تاکە مۆڕفیمێك پێك دێت و هەرگیز ڕێگە نادەن هیچ مۆڕفیمێکی تریان پێوە بلکێ وەك (بۆ - تا - بەڵام )

لەهەموو زمانێکدا هەرسێ جۆر داڕشتن بەرچاو دەکەوێ ئەوەندەیە ڕێژەی جۆرێکیان لەوانی تر پتر دەبێ. ڕێژەی جۆرێکی تر بە پلەی دووەم دێ ئەویتریان بە پلەی سێیەم.

زمانەوانی ئەڵەمانی ویلهێلم ڤۆن هەمبۆڵدت (١٧٢٦ - ١٨٣٥) زمانانی جیهانی دابەش کردە سەر سێ جۆر بە پێی سروشتی مۆڕفیمی وشەکانی.

١- ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری یەکەمە agglutinative (نووساو). وەك کوردی و یابانی و تورکی و سواهیلی

٢- ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری دووەمە Fusional یا Inflecting (تواوە) وەك لاتینی و یۆنانی.

٣- ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری سێیەمە Isolating یا analytic (دوورە پەرێز) . وەك چینی و بورمی.

دوایێ و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی ژمارەیێکی زۆر لە زمانانی جیهان بە پێی ئەم بنەمایە لە بواری بەراوردیی Typology دا، دوو جۆری تر دەستنیشان کران کە ئەمانەن:

٤- زمانی Incorporating یا Polysenthetic (فرە مۆڕفیمدار): ئەمە تایپێکە لە agglutinative. ئەوەندەیە وشەی وای تیایا ژمارەی مۆڕفیمەکانی زۆرن و دەشێ ڕستەی تەواوی تیا لە قاڵبی وشەیەکدا داڕێژرێ.

٥- زمانی ناوگری Infix لەم جۆرە زمانەدا مۆڕفیمەکان ڕەگی یەکتر دەسمن.

. قاڵبی هەر یەکە لە مۆڕفیمەکان بە روونی دەستنیشان دەکرێ. زمانی عەرەبی لەم تایپەیە. بۆ نموونە رەگی (ع - م - ل - ) ئەگەر ریزە بزوێنی (ە - ە) تێهەڵکێش بۆشایی یەکەم و دووەم بکرێ , دەبێتە (عەمەل) واتا (ئیش) . ئەگەر ریزە بزوێنی (ە - ە - ە ) تێهەڵکێشی بۆشایی یەکەم و دووەم و سێیەم کرا دەبێتە (عمل -

عەمەلە) واتا (کردی). ئەگەر (ا – ی) خرایە بۆشایی یەکەم و دووەم دەبێتە (عامل – عامیل) واتا (کرێکار) و .. بەم جۆرە دەیان ئیحتیمالی هەیە.

پە شیکردنەوەی زمانی کوردی لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا لە ژێر تیشکی ئەم پێوانانەی سەرەوە دەرئەکەوێ کە کوردی زمانێکی **(نووساوی پۆ لۆسینسیتیکیە)** بە تایبەتی لە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا کە تیایاندا رستەییێکی تەواو لە قاڵبی تاکە وشەیەکدا دادەرێژرێ. وەك لە (راماننە گرتبوویت – ئێمە تۆمان رانەگرتبوو). کە لەم نۆ مۆرفیمانە پێکهاتووە (را – م – ان – نە – گر – ت – ب – وو – یت).


سەرچاوەکان

Amin. W.O (1976) Some fundamental rules of kurdish Syntax Structur London.

Amin.W.O (1979) Aspects of the verbal Construction in kurdish. Uniersity of London

Bazel, C.E.(1958) Linguistic Typology. London.

Matthews P.H(1971) Morphology.Cambridge Press.

Robins R.H.(1971) General Linguistics - An Introdutory Survey- Longman. London.

وریا عمر امین (١٩٨٦) مردنی وشە. گۆڤاری کاروان. ژمارە ٤٥ ل ٨ – ١٤. هەولێر.

## جووشه

گۆڤاری ئەکادیمی ژ ٨ ساڵی ٢٠٠٨

جووشه کردەیێکی زمانییه به هۆیەوه دانەیێکی وەك (وشه – مۆرفیم – برگه) دووباره ئەکرێتەوه بۆ داڕشتنی وشەی تر بۆ (دەربڕینی واتای تر) یا بۆ (جێبەجێ کردنی ئەرکێکی ڕێزمانی).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنه و چۆنیەتی دەرکەوتنی له زمانی کوردیدا سەیرێکی ئەم ڕستانه بکه و له واتای یەکه یەکەی وشەکانیان ڕامینێ:

(١) أ – ئەچم نەختێ تەخته و مەخته ئەکڕم.

ب – وریا به به قسەی سەخته و مەخته هەڵنەخەڵەتێی.

(٢) أ – هەندێ ترێ و مرێم بۆ هێنا

ب – هەندێ پارەی کرێ و مرێم لەسەره ئەبێ به زووترین کات بیاندەمەوه.

له قسەی ئاسایی ڕۆژانەدا ئەم جۆره دەربڕینانه زۆر بەر گوێ ئەکەون. وشەیێك دووباره ئەکرێتەوه به گۆڕینی دەنگی یەکەمی به (م)، (تەخته و مەخته) و (ترێ و مرێ).. (مەخته) و (مرێ) له ناو ئەم ڕستانەدا هەموو (وشەن) و (واتا) یان ئەخرێته پاڵ به پێی ژینگەکەیان و یاسا هەیه بۆ داڕشتنیان.

له ڕستەی (١ – أ) دا تەنیا تەخته نییه دەکڕرێ، بەڵکو شتی تری وەك بزمار و کەلوپەلی دارتاشیی له گەڵدا ئەبێ. (مەخته) لێره ئەو شتانه ئەگرێتەوه که پێوەندییان بەو جۆره کارانەوه هەیه تەختەیان تیا بەکار ئەهێنرێ.

له (١ – ب) دا (مەخته) قسەی درۆ و دەڵەسه و فڕوفێڵ ئەگەیێنێ.

واتاکانی (مەخته) ی (أ) زۆر له هی (ب) جیاوازن.

له ڕستەی (٢ – أ) دا وشەی (مرێ) ئەوه ئەگەیێنێ که تەنیا ترێ نەهێنراوه بەڵکو میوەی تری وەك سێو و قازمانه و هەرمێی له گەڵدایه.

له ڕستەی (٢ – ب) دا وشەی (مرێ) ئەوه ئەگەیێنێ که تەنیا پارەی کرێی

خانووی لەسەر نییە بەڵكو قەرزی تریشی لەسەرە.

(مەختە)ی یەكەم پێوەندیی سیمانتیكیی بەو كەرەسانەوە هەیە كە لەگەڵ (تەختە)دا بەكار ئەهێنرێن. (مەختە) ی دووەم لەگەڵ ئەو چەمكانەی سیمای درۆ و فڕ و فێڵیان پێوەیە.

(مرێ)ی یەكەم پێوەندیی سیمانتیكیی لەكەڵ میوەجاتا هەیە. (مرێ)ی دووەم لەگەڵ پارە و قەرز.

گەر (مەختە) و (مرێ) لە رستەكان دەربهێنرێن هیچ جۆرە چەمك و واتاییێكیان نامێنێ و ناشێ بخرێنە ناو فەرهەنگەوە. ئەم جۆرە وشانە خەسڵەتی ڤایرۆسیان پێوەیە. ڤایرۆس گەر لە دەرەوەی شانەی زیندوودا بێ مردووە. هەر كە چووە ناو شانەی زیندوو گیانی دێتە بەر و چالاك ئەبێ. وەك لە سەرەوە دەركەوت , ئەم وشانەش لە دەرەوەی رستەدا مردوون هیچ دەور و چەمكێكیان نییە، لە ناو رستەكاندا گیانیان دێتە بەر. بۆ ئەم جۆرە كەرەسانە (**وشەی ڤایرۆسی**) م پێشنیار كردووە[١].

یاساكەی بەم جۆرەیە: وشە دووبارە ئەكرێتەوە بە جێگیر كردنی دەنگی یەكەم لە وشەی دووەمدا بە (م) و بە ئامرازی بەستن (و) وشەكان لێك ئەدرێن.

چیا – چیا و میا

ژوور – ژوور و موور

هەژار – هەژار و مەژار

پارە – پارە و مارە

ناز – ناز و ماز

بەڕوو – بەڕوو و مەڕوو

هەر وشەیێ بە (م) دەست پێ بكات بەر ئەم یاسایە ناكەوێت. لەگەڵ ئەو وشانەی بە (م) دەست پێ ئەكەن، ئەو چەمكە واتاییانە بەكەڵۆكێشن collocation دەرئەبڕێن وەك (مێش و مەگەز – مار و مێروو).

ئەم جۆرە دارشتنانە جۆرێكن لەو جووتە وشانەی بە (جووشە[٢] Reduplication) ناو ئەبرێن. شیكردنەوە و لێكۆڵینەوەی ئەم لایەنەی زمان ئەبێ بە سێ ئاستی شیكردنەوە (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و پراگماتیكی) ئەنجام بدرێ.

ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە. لە رووی دارِشتنەوە لە زمانی کوردیدا بەلای کەمی سێ جۆری لێ دەستنیشان ئەکرێ:

١ – تەواو : وشەکە بە تەواوی دووبارە ئەکرێتەوە وەك پرِپرِ – کەم کەم– وردە وردە (کانییەکە پرِپرِ بوو).

٢ – دووبارەکردنەوە بە گۆرِینی دەنگ: وشەکە دووبارە ئەکرێتەوە بە گۆرِینی دەنگێ یا زیاتر بە دەنگی تر, وەك (زۆر یارمەتیی برادەر و مرادەری خۆی ئەدات.)

٣ – دووبارەکردنەوە بە هۆی ئامراز (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار.)

لە زمانی کوردیدا گەلێ جۆر (جووشە) هەن و هەر جۆرەش چەمکی سیمانتیکیی تایبەتیی خۆی و یاسای خۆی هەیە بۆ دارِشتنی. ئەمانە بەشێکیانە:

١ – (ئاوەڵناو + ئاوەڵناو)

أ – (ئەگەر هێز لەسەر وشەی یەکەم توند کرا) واتای ئێجگار و زۆر و بەتەواوی ئەگەیێنێ :

پیر پیر: ئێجگار پیر (تا پیرپیر نەبوو نەمرد)

تێرتێر: ئێجگار/ زۆر تێر (تێر تێرم خوارد)

پرِ پرِ: بەتەواوی (دوێنێ ئەم وەختە کانییەکە پرِ پرِ بوو)

ب – (ئەگەر هێز لەسەر هەردوو وشەکەدا یەکسان بوو) هەڵبژاردنی جۆر و جیا کردنەوە.

درشت درشت: هەناری درشت درشت هەڵبژێرە.

گەورە گەورە: قسەی گەورە گەورەی کرد

گەش گەش: ئەستێرەی (گەش گەش)مان ئەژمارد.

٢ – (ناو + و + ناو) واتای فراوانکردنی واتایی و گرتنەوەی شتی تر:

کەر و مەر – دار و مار – گوڵ و موڵ – رێ و مێ

ئەم یاسایە ئەو وشانە ناگرێتەوە کە بە (م) دەست پێ ئەکەن وەك (مەرِ – ماسی – مانگ)

٣ – (شوێن + شوێن + ـەوە) واتا ئەوپەڕی شوێنەکە:

پێش پێشەوە – پشت پشتەوە – سەر سەرەوە.

لە پێش پێشەوە دانیشتبووین.

٤ – (شوێن + او + شوێن) چەمکی جۆری گوێزانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ:

پشتاوپشت – دەشتاودەشت – تەنیشتاو تەنیشت – دۆڵاو دۆڵ – شاراوشار – دەستاو دەست – دەماو دەم – تووناوتوون.

٥ – (ناوی کات + ناوی کات) هەر خولەی جارێك. ئەم داڕشتنانەی هەیە:

أ – (ناوی کات + ناوی کات)

ساڵ ساڵ – مانگ مانگ – حەفتە حەفتە – ناوە ناوە

حەفتە حەفتە ئەیبینم.

ناوە ناوە بیرەوەرییەکانی خۆی بۆ ئەگێڕامەوە.

ب – (ناوی کات + ـە و ناوی کات)

ساڵە و ساڵ – مانگە و مانگ – حەفتەو حەفتە

ساڵە و ساڵ دەرئەکەوێ.

ج – (ناوی کات + بە + ناوی کات)

ساڵە بە ساڵ – مانگە بە مانگ – حەفتە بە حەفتە

مانگ بە مانگ کرێکەی بۆ ئەبەم.

د – (ناوی کات + نا + ناوی کات)

ساڵ نا ساڵ – مانگ نا مانگ – حەفتە نا حەفتە

بەری ئەم درەختە ساڵ نا ساڵ باش ئەبێ.

٦ – (ناوی سروشتی + ـە + ناوی سروشتی) ئەنۆمەتۆپیا

قیژە قیژ – زیکە زیك – ناڵە ناڵ

٧ – جۆر و شێوەی ئەنجامدان (ئاوەڵکار)

بەرەبەرە – وردە وردە – ناوە ناوە – توند توند – زوو زوو

وەکو سوورایی خۆرنشین (بەرەبەرە) توایەوە.

دەموچاومان پاك پاك ئەشۆین

(وردە وردە) نانمان ئەخۆین

٨ – (ژمارە + ژمارە) دەستە و کۆمەڵ و بەشداری:

یەك یەك – دوو دوو – هەزار هەزار

با قوتابییەکان دوو دوو ریز بن.

٩ – (کۆمەڵ + کۆمەڵ)

پۆل پۆل – دەستە دەستە – کەم کەم

خەڵکەکە پۆل پۆل دەهاتنە ژوورەوە

١٠ – (ناو + ناو) خەسڵەت و شێوە.

کون کون – لەت لەت

گوللە ئوتومبیلەکەی کون کون کردبوو.

ئەی ئەو دڵەی ئیمڕۆ لەداخا لەت لەتی.

١١ – جگە لەمانە زۆر جووشە لە زمانی کوردیدا هەن کە ئەکەونە خانەی چەن جۆرێکی تێکئالاو و چووەناو یەکەوە وەك:

تاو تاو / تك تك / ئەنجن ئەنجن / هەرگیزاوهەرگیز / ناخی ناخ / هەلا بە هەلا / فلس فلس / بست بست / دەنك دەنك / هەنگاو بە هەنگاو / بن بنەوە / سەرسەر/ سەرسەرەوە / رەنگاوڕەنگ / کەل و پەل / هەلا بە هەلا / هەرچی و پەرچی / پەڕ پەڕ / جگ جگانێ/بەرە بەرە/ تۆپ تۆپانێ/ کە چوو چوو / پیاوە پیاو/ عەزەنوزە...هتد.

ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانانی جیهان هەیە.

## پەراوێزەکان

١ – بۆ ئەم جۆرە کەرەسانە (وشەی ڤایرۆسی) م پێشنیار کردووە. (سەیری سەرچاوە ژمارە١ بکە).

ڤایرۆس ئەندامێکی یەکجار بچووکی مایکرۆسکۆبییە لە ناو شانەی زیندوودا ئەژیێ. سادەترین و بچووکترین شێوەی ژیانن، هۆی سەرەکیی گەلێ نەخۆشین. سۆریژە و ئاوڵە و پەسیوی و هەڵامەت و زۆر نەخۆشیی کوشندەی تر ڤایرۆسین. هەندێ ڤایرۆس پەلاماری رووەك و ئاژەڵ ئەدەن هەشە پەلاماری بەکتریا ئەدەن. ڤایرۆس ئەبێتە هۆی تەنچەوتی بە تێکدان و دارزاندنی شانە زیندووەکان. جۆرە ڤایرۆسی واش هەن بێ ئەزیەتن.

خەسڵەتی سەرەکیی ڤایرۆس ئەوەیە کە بووەرێکی هەم زیندووە هەم مردوو. گەر لەدەرەوەی شانەدا بێ، مردووە، هەرگیز زیاد ناکات. کە دەچێتە ناو شانەی زیندووەوە ژیانی دێتە بەر و چالاك ئەبێ و ئەکەوێتە زیادکردن. ڤایرۆس لە ساڵی ١٨٩٨دا لە لایەن زانای هۆڵەندی (مارتینۆس بێیجیرێنك) دۆزراوەتەوە. هەر ئەم خۆی ناوی نا (ڤایرۆس) کە وشەیێکی لاتینییە واتای (ژەهر) ئەگەیێنێ.

٢ – زاراوەی (جووشە) بە پێڕەوی (ئاوێتە) Blend دارێژراوە. جۆرێکە لە وشەی لێکدراو. لە وشەی لێکدراودا دوو وشە بە یاسا لێك ئەدرێن. لەم جۆرە لێکدانەدا دووشە لێك ئەدرێن دوای پاچینی نیوەی دووەمی یا بەشێکی وشەی یەکەم و نیوەی یەکەمی یا بەشێکی وشەی دووەم. (جووشە) بەم پێڕەوە لە (جووتە + وشە) وەرگیراوە بە لابردنی (تە) ی جووتە و (و) ی (وشە).

## سەرچاوەکان


١– وریا عمر أمین (١٩٩٠) جووتە وشە. رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١١٧٠ی ١٩٩٠/٤/١٦.

٢– (٢٠٠٤) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. هەولێر. ئاراس.

3- Amin, W. O.(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. Thesis presented to the University of London, SOAS.

4- Crystal, D (1989) The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University Press.

5- Katamba, F(1993). Morphology. London.

6- Matthews,P. H(1974) Morphology. Cambridge University Press.

7- Robins, R H(1980). General Linguistics: An Introductory Survey. 3. rd edn. Longman.

## دیساسۆر... دامەزرێنەری زانستی زمانی تازە

رۆژنامەی (ئاسۆ) ژ ١ی ٢٩/ ٧/ ١٩٨٩

دامەزرێنەر و بناغە داڕێژی زمانەوانیی نوێ فەردیناند دی ساسۆر (١٨٥٧ –١٩١٣) مامۆستای فەلسەفە لە پاریس و جەنەوا، زمانەوانێکی سویسری بوو، دوای مردنی بە سێ ساڵ، واتا لە ساڵی ١٩١٦ دا، کتێبەکەی Course in gereral Linguistics (کۆرسێ لە بارەی زمانەوانیی گشتییەوە) بە زمانی فەرەنسی بڵاو کرایەوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە تێبینییەکانی ئەو قوتابییانەی کە دیساسۆر لە ساڵانی (١٩٠٩ – ١٩١١) وانەی زمانەوانی و فەلسەفەی پێ وتبوونەوە. واتا دیساسۆر خۆی ئەم کتێبەی نەنووسیوە و دانەناوە، بەڵکو بیرو بۆچوونەکانی لە تێبینییەکانی قوتابێیەکانییەوە هەڵێنجراون و لە کتێبێکا کۆ کراونەتەوە.

سەرەڕای ئەو کەموکوڕی و کەلێن و کەلەبەر و پچڕپچڕییەی لە نێوان بەش و بابەتەکانی ئەم کتێبەدا بە دی دەکرێ، دەرچوونی بە مەزنترین شۆڕش و گرنگترین رووداوی زمانەوانیی سەدەی بیستەم دەژمێررێ. هەموو قوتابخانە و رێبازەکانی سەدەی بیستەمی زمانەوانی، بە شێوەیێکی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ئەنجامی کارتێکردنی بیر و راکانی دیساسۆرەوە سەریان هەڵداوە.

دوای سەرهەڵدانی رێبازی بەراوردی مێژوویی لە ساڵی ١٧٨٦ دا لە لایەن سێر ولیەم جۆنسەوە و بە درێژایی سەدەی نۆزدەم و تا دەرچوونی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩١٦ دا، بواری زمانەوانی بە تەواوی بە پێڕەوی مێژوویی داگیر کرابوو. ئامانجی سەرەکیی زمانەوانان و زمانەوانی دۆزینەوەی جۆری پێوەندیی خزمایەتیی نێوان زمانەکانی جیهان بوو. نزیکەی ١٥٠ساڵ زمانەوانان خۆیان بە بەراورد کردنی وشە هاوواتاکانی زمانە جیاوازەکان خەریك کردبوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕینانەی بە سەر وشەکاندا هاتووە بە ئامانجی گەڕاندنەوەی وشە هاوواتا و هاوڕەگەکان بۆ هەمان سەرچاوە، کە لە رێیانەوە

یاساکانی دەنگ گۆڕین لە زمانا دۆزرایەوە و بە هۆی ئەم یاسایانە رادەی پێوەندی و سروشتی خزمایەتیی نێوان زمانەکانی جیهان دەستنیشان کرا.

ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، سەرەڕای گرنگی و سەرەڕای ئەوەی زۆر دیاردەی سەیر و لایەنی شاراوەی لە ژیانی زماندا دۆزییەوە و ئاشکرا کرد، بەڵام زمانەوانیی لە ئەرکی سەرەکی و راستەقینەی خۆی لادابوو، کە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی خودی زمان خۆی و چۆنیەتی کارکردنی وەك سیستەمێکی زیندوو.

دیساسۆر هات و ئەم گۆمەی شلەقاند، زمانەوانیی لەم کۆتە رزگار کرد و دەرگای ئاسۆیێکی تری فراوانی لە جیهانی زمانەوانیدا خستە سەر گازی پشت. چەند راییێکی سادەی جووتلایی یا (جووتەکی) Dichotomy بەڵام یەکجار گرنگی پێشکێش کرد، بە هۆیانەوە رێچکەی شیکردنەوەی زمانی گۆڕی و زمانەوانیی هێنایە بواری راستەقینەی خۆی.

دیساسۆر ئەوەی راگەیاند کە، لە شیکردنەوەی زماندا ئەبێ سەیری زمان بکرێ وەك سیستەمێکی تەواوی زیندووی سەربەخۆ. ئامانجی زانستی زمان و زمانەوان ئەبێ هەوڵدان بێ بۆ دەرخستنی ئەم سیستەمە و چۆنیەتی کارکردنی. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەی لە پێڕەوی مێژوویی جیا کردەوە کە نزیکەی سەدە ونیوێك بە سەر زمانەوانییدا زاڵ بوو بوو. بەمە دیساسۆر دوو لقی جیای سەرەکیی لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا جیا کردەوە.

١ – لایەنی وەسفی synchronic بایەخ بە شیکردنەوە و پێشاندانی شێوە و چۆنیەتی کارکردنی زمان ئەدات کە لە لایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە لە کاتێکی دەستنیشانکراودا بە کار ئەهێنرێ.

٢ – لایەنی مێژوویی Diachronic لەو گۆڕینانە ئەکۆڵێتەوە کە بە سەر زمانا دێت بە تێپەڕینی کات.

را و بۆچوون و تێبینییەکانی دیساسۆر لە بارەی زمانەوە بوون بە هەوێنی سەرهەڵدانی رێبازی (بنیاتگەری) Structuralism لە زمانەوانیدا. کە سیمای سەرەکیی زانستی سەدەی بیستەمە و رێگای پاك کردەوە بۆ سەرهەڵدانی رێبازی گوێزانەوە.

بە لای دیساسۆرەوە زمان سیستەمێکی تەواوە بریتییە لە دەستەیێك پێوەندیی رێکی لۆژیکیی یاسادار لە نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی. کەرەسەکانی لە دەرەوەی سیستەمەکە نرخیان نابێ. لەم رووەوە زمان بە شەترەنج ئەشوبهێنێ.

شەترەنج بریتییە لە سیستەم و کەرەسە. کەرەسەکان (کە تەختە و داشەکانن) هەر یەکە لە ناو سیستەمەکە نرخی خۆی هەیە و بە پێی شوێن و پێوەندییان بە یەك نرخەکەیان دەستنیشان ئەکرێت، نەك بە هۆی شێوە و رەنگ و سروشتی ئەو کەرەسەیەی لێی دروست کراوە (لە زێڕ بێ یا لە دار). بەڵگەش ئەوەیە ئەگەر هەر داشێك ون بوو، بۆ نموونە (وەزیر)، ئەشێ قلە بەردێك لە جیاتی بەکار بهێنرێ. ئەم قلە بەردە لە ناو ئەم سیستەمەدا لەو شوێن و کاتە تایبەتییەدا دەوری وەزیر ئەبینێ. زمانیش ئاوایە، گەر بۆ نموونە (وشەیێك) بۆ مەبەستێك نەبوو، ئەوە ئەتوانرێ وشەیێکی بۆ داڕێژرێ. ئەو وشەیە لە ناو سیستەمی ئەو زمانەدا لەو کاتەدا ئەو نرخەی ئەبێ.

واتا (جەوهەر) بناغەیە و (شێوە و قاڵب) نیشانەیە بۆ ئەو بناغەوجەوهەرە. هەر وشەیێك کە لە مێشکی قسەکەردایە نیشانەیێکی زمانەوانییە بریتییە لە دوو لایەن (چەمك) کە بینراوە یا هەست پێکراوە و (وێنەی دەنگیی) (گەیێنەر). ئەم دەنگانە یا وشەیە هیچ پێوەندییێکی سروشتیی بە جەوهەری مەبەستەکەوە نییە. (ئەگەر پێوەندی هەبا یەك زمان لە جیهانا ئەبوو).

دیساسۆر ئەوەی دەرخست کە پێوەندیی لە نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی زماندا لە دوو ئاستدا دەستنیشان ئەکرێ، (ئاسۆیی Syntagmatic و ستوونی Paradigmatic).

پێوەندیی ئاسۆیی لە نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی هەمان دەربڕینی زمانی (رستە یا وشە یا بڕگە... هتد) دایە.

پێوەندیی ستوونی لە نێوان هەر دانەیێکی زمانی ناو دەربڕینەکە و دەرەوەی دەربڕینەکە دایە. بەم نەخشەیە ئەم دوو لایەنە روون کراوەتەوە:

بۆ نموونە لە رستەی (ئازادی زیرەك هات) پێوەندیی نێوان (ئازاد) و (زیرەك) و (هات) ئاسۆییە بە هۆی دەستەیێك یاسا دامەزراوە.

هەر وشەیێکی ئەم رستەیە پێوەندییەکی ستوونیی لەگەڵ سەدان وشەی تری دەرەوەی رستەکە هەیە. (ئازاد) لەگەڵ هەر وشەیێکی تر کە بتوانیٚ لەم رستەیەدا جێی بگریٚ بیٚ ئەوەی کار لە رێزمانییەتی رستەکە بکات، وەك (کورێك – رزگار – ئاهەنگ – ئاواز... هتد).

(زیرەك) پێوەندیی ستوونی لەگەڵ (بلیمەت – پیس – رووخۆش – لاسار... هتد) هەیە. (هات) پێوەندیی ستوونی لەگەڵ (دەرچوو – خەوت – گەڕایەوە... هتد) دا هەیە.

گرنگترین راکانی دیساسۆر لە بارەی سروشتی زمانەوە ئەوەیە کە (زمان) langue لە (قسە) parol جیا ئەکاتەوە.

زمان بەلای دیساسۆرەوە توانای سروشتیی ناوەوەی قسەکەرە، بریتییە لە توانینی (پەنامەگی). هەموو ئەو زانیارییە ژوورهۆشییانەی قسەکەرە لەبارەی زمانەکەیەوە. ئەمە وشەکان و یاسا رێزمانییەکان و فۆنۆلۆجییەکان و سیمانتیکییەکان و پراگماتییەکانی زمانەکەی ئەگرێتەوە. ئەم زانیارییانە چوونەتە ناو مێشکی و تیایا چەسپاون لە ئەنجامی تێکەڵبوون و پەیوەندیی کۆمەلایەتی نێوان قسەکەر و ئەندامانی کۆمەڵەکەی کە لە رۆژی لە دایکبوونییەوە دەست پیٚ ئەکات. قسە parol بریتییە لە دەربڕین و بەکار هێنانی کارەکی (فعلی) ئەم توانینە پەنامەگییە.

ئەم رایە جووتلایییانەی دیساسۆر بوون بە تۆ و هەوێن بە سایەیانەوە گەلیٚ رێبازی زمانەوانی سەریان هەڵدا. بۆ نموونە دەستنیشانکردنی دوو جۆر پێوەندێی (ئاسۆیی و ستوونی) لە نێوان کەرەسەکانی زمان بووە هۆی سەرهەڵدانی رێبازی (براهۆ– جنێفا – گلۆسیماتیکس) و هەر ئەمە بوو رێگای پاك کردەوە بۆ سەرهەڵدانی رێبازی (بنیاتی – structuralims) و ئنجا رێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی. گرنگترین خاڵ لە رێبازی چۆمسکی جیا کردنەوە و دەستنیشانکردنی دوو لایەنی (بنج – deep structure ) بەرامبەر (سیما – surface structure)، کە ئەمانە هەر (Parol , Langue)ەکەی دیساسۆرن.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١) ی رۆژی ٢٩/٧/ ١٩٨٩، ل ٩ .

## له ڕووەکانی تێپەڕی

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٧٦ی ٢٢/ ١٢/ ٢٠٠٦

زۆربەی ئەوانەی هەوڵی جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە تێنەپەڕیان لە زمانی کوریدا داوە ئەم پێوانەیە بەکارئەهێنن.

[کارەکە بخەرە کاتی ڕابردوو گەر کۆمەڵە ڕاناوی (م – ت – ی – مان – تان – یان)ی وەرگرت بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەردا ئەوە تێپەڕە. ئەگەر کۆمەڵە ڕاناوی (م – یت – × – ین – ن – ن)ی وەرگرت ئەوە تێنەپەڕە.] وەك لە:

(من خواردم – تۆ خواردت – ئەو خواردی – ئێمە خواردمان – ئێوە خواردتان – ئەوان خواردیان). (خوارد) تێپەڕە.

(من نوستم – تۆ نوستیت – ئەو نوست – ئێمە نوستین – ئێوە نوستن – ئەوان نوستن). (نوست) تێنەپەڕە.

شیکردنەوە دەری ئەخات کە ئەم پێوانەیە لە کەموکوڕی بەدەر نییە، چونکە:

١– کاری لێکدراو هەن کە بە پێوانەی سیمانتیکی تێنەپەڕن کەچی دەستەی (م – ت – ی – مان – تان – یان) وەرئەگرن، وەك (ڕاکردن).

(ڕام کرد – ڕات کرد – ڕای کرد – ڕامان کرد – ڕاتان کرد – ڕایان کرد)

٢– کاری لێکدراو هەن کە بە پێوانەی سیمانتیکی تێپەڕن کەچی دەستەی (م – یت –×– ین – ن – ن) وەرئەگرن، وەك لە:

(من تێگەیشتم – تۆ تێگەیشتیت – ئەو تێگەیشت – ئێمە تێگەیشتین – ئێوە تێگەیشتن – ئەوان تێگەیشتن)

٣– هەموو ئەو کارانەی کە لە دەنگە سروشتییەکانەوە وەرئەگیرێن بەهۆی پاشگری (اند – ێن) تێنەپەڕن کەچی هەموو لە ڕابردوودا کۆمەڵەی (م – ت – ی – مان – تان – یان) وەرئەگرن:

(من چریکاندم – تۆ چریکاندت – ئەو چریکاندی – ئێمە چریکاندمان – ئێوە

چریکاندتان – ئەوان چریکاندیان).

٤- دەستەی (م – یت – × – ین – ن – ن) لەگەڵ تێپەڕیشا لە ڕابردوودا دەرئەکەوێ. وەك لە:

(ئەو بۆی هێنام – من بۆم هێنایت – ئەو بۆی هێنا – تۆ بۆت هێناین – ئەو بۆی هێنان – من بۆم هێنان).

جیاکردنەوەی تێپەڕ لە تێنەپەڕ لە زمانا بەگشتی کێشەیێکی ئاڵۆزە و هەر ڕێبازەش بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، بۆچوونی واش هەیە جیایان ناکاتەوە و ڕستەی تێنەپەڕ بە بکەر نادیار لە قەڵەم دەدات. (بۆ ئەمەیان سەیری سەرچاوە ژ ٤ بکە)

لەو پێوانانەی کە ئەشێ بۆ ئەوانەی زمانی دووەم فێر ئەبن و پێویستە تێپەڕ و تێنەپەڕ لێك جیابکرێنەوە بۆ دەستنیشان کردنی لایەنە ڕێزمانییەکانی ئەشێ ئەم پێوانەیە (نازانستییە) بەکاربهێنرێ:

[گەر بکەر هەموو گیانی بەشداریی لە ئەنجامدانی کاری ڕستەکە کرد ئەوە تێنەپەڕە. (گەر ئەندامێکی لەشی) کارەکەی هێنایە ئەنجام دا ئەوە تێپەڕە]

بەپێی ئەم پێوانەیە (خوارد) تێپەڕە چونکە ئەندامێکی بکەر (کە دەمیەتی) کارەکە دێنێتە ئەنجام.

(بینین) تێپەڕە چونکە کارەکە تەنیا بەچاو دێتە ئەنجام، (نووسین) بەدەست... هتد.

بەڵام (هاتن) تێنەپەڕە چونکە یێکێ دێ هەموو لەش و گیانی دێ. (ڕۆیشتن) هەموو گیانی ئەڕوات، هەمان شت لەگەڵ (مردن – کەوتن – ڕاکردن – گەیشتن... هتد).

بەم پێوانەیە (شکاندن – خوێندن – لێدان – دڕین–... هتد) هەموو ئەبێ تێپەڕ بن. ئەم پێوانەیە وەك وتمان زانستی نییە و کەم و کەلەبەری تیا دەرئەکەوێ.

لە ڕێزماندا ڕەگی کار لە چاوگەوە وەردەگیرێ، چاوگە ڕەسەنەکانی کوردیی وەك (کەوتن – خواردن – هاتن – وەرین... هتد) لە زمانی کوردیدا زۆر نین.

ژمارەیان لە دەوروبەری ٤٠٠ دا دەبێ بەشێکیان تێپەڕن و بەشێکیان تێنەپەڕن. لە زمانی کوردیدا تێنەپەڕەکانن دەکرێن بەتێپەڕ بە دوو جۆر یاسا.

أ– یاسای مۆڕفۆلۆجی .Synthetic Causativization

ب – بە یاسای سینتاکسی .Analytic Causativization

بۆ ئەمە سەیری سەرچاوە ژمارە (٧) ل (١٢٤– ١٣٤) بکە.

**یەکەم – یاسا مۆڕفۆلۆجییەکان**

١– ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێ.

٢– بۆ کاتی داهاتوو (– ین) و بۆ کاتی ڕابردوو (–اند)ی دەخرێتە سەر.

کارە تێنەپەڕەکان لە ڕووی بوونیان بەتێپەڕەوە دەبن بەچوار بەش:

١– بەشێ کە زۆربەیان دەگرێتەوە، بەهۆی ئەو یاسایانەی سەرەوە دەبن بە تێپەڕ.

| چاوگی تێنەپەڕ | ڕەگی داهاتوو | ڕەگی ڕابردووی تێپەڕ | چاوگی بە تێپەڕکراو |
|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕۆ | ڕوا + اند | ڕواند + ن |
| مردن | مر | مر + اند | مراند + ن |

گریان – گریاندن

سووتان – سووتاندن

نوستن – نواندن

٢– بەشێ تێپەڕی ڕەسەنی بەرامبەریان هەیە. ئەمانە بەیاسا مۆرفۆڵۆجییەکان ناکرێن بە تێپەڕ. وەك:

کەوتن – خستن

هاتن – هێنان

بوون – کردن

٣- بەشێ تێپەڕی ڕەسەنی بەرامبەریان هەیە و بەیاساکان دەکرێن بە تێپەڕ. ئەمانە لە ڕووی واتاوە جیاوازی پێشان ئەدەن وەك (مردن) كە (كوشتن)ی بەرامبەری هەیە و دەکرێ بەتێپەڕ.

مردن - مراندن

قالە مرد - (مردووە و تەواو بووە)

قالە خۆی مراند - (نەمردووە و خۆی وا پێشان داوە كە مردووە)

٤- بەشێ ناکرێن بە تێپەڕ، وەك:

گەنین - زان - پشکووتن - زەڕین

**بەتێپەڕ کردنی کارە لێکدراوەکان**

١- زۆربەی ئەو تێپەڕانەی بەکاری بوون دا دادەڕێژرێن، بە گۆڕینی (بوون) بە (کردن) دەبن بە تێپەڕ.

ئاسان بوون - ئاسان کردن

سەوز بوون - سەوز کردن

دیل بوون - دیل کردن

دەربەدەر بوون - دەربەدەرکردن

٢- بەشێ لە چاوگە تێنەپەڕە لێکدراوەکان بەهەمان یاسای خستنەسەری (ین- اند) دەکرێن بەتێپەڕ:

تێگەیشتن - تێگەیاندن

هەڵوەرین - هەڵوەراندن

ڕاپەڕین - ڕاپەڕاندن

٣- بەشێ دەکرێن بەتێپەڕ بەگۆڕینی کارەکە بەکارێکی تر:

بەربوون – بەردان

تووش بوون – تووش کردن

غەم خواردن – غەم دان

گڕتێبەربوون – گڕتێبەردان

٤– بەشێ لەو کارە تێنەپەڕانە کە دەکرێن بە تێپەڕ، کارەکە و ئەوەی لەگەڵیشیدایە بەهی تر دەگۆڕێن:

سەیر کردن – پێشاندان

٥– کاری لێکدراوی وا هەیە هەم تێپەڕە و هەم تێنەپەڕ وەك (لادان)

**دووەم – بە یاسای سینتاکسی**

ئەوەی لە بارەی پێناسینی تێپەڕ و تێنەپەڕەوە باوە ئەوەیە (تێپەڕ ئەو کارەیە کە بەرکار وەرئەگرێ وەك لە (ئازاد ڕۆژنامە ئەخوێنێتەوە) و تێنەپەڕ ئەو کارەیە کە بەرکار وەرناگرێ وەك لە (ئازاد هەڵسا) ئێستا لە ژێر تیشکی ئەم پێناسینانە سەیری ئەم ڕستەیە بکە:

**دەرگاکە کرایەوە.**

تیایا (دەرگاکە) بکەرە و (کرایەوە) کارێکی تێنەپەڕە.

گەر بە وردی لە ڕووی واتاوە لەم ڕستەیە بکۆڵرێتەوە دەرئەکەوێ کە ئەوەی بە بکەر لەقەڵەم دراوە لە ڕاستیدا لەڕووی واتاوە بەر چەمکی بەرکاری ئەکەوێ. چونکە دەرگاکە هەرگیز لەخۆیەوە ناکرێتەوە. ئەبێ هۆیێ یا هێزێ کاری تێ کردبێ و کردبێتیەوە. ئەو هێزە شاراوەیە بکەرەکەیە. کە ئەشێ بەیاسایێکی ڕێزمانی بخرێتە سەری:

**کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.**

لێرە (کلیلەکە) بوو بە بکەر کە ئەمیش بەرکاری بکەرێکی ترە، چونکە کلیل هەرگیز لەخۆیەوە دەرگاکە ناکاتەوە. ئەبێ یەکێ کارەکە ئەنجام بدات.

**ئازاد بە کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.**

لێرە (ئازاد) بوو بە بکەر و (کلیلەکە) بە بەرکاری یەکەم و (دەرگاکە) بە بەرکاری دووەم. لێرەشدا ئەبێ هۆیێ هەبێ کاری لە (ئازاد) کردبێ کلیلەکەی بۆ کردنەوەی دەرگاکە بەکاربهێنێ.

بەم جۆرە تا بێ کۆتایی ئەشێ هەر (بکەرێ) بکرێ بە بەرکاری بکەرێکی تر. واتا هیچ سنوورێك لە نێوان بکەر و بەرکاردا لە ڕووی تێپەڕییەوە دەسنیشان ناکرێت. لە ڕووی نەزەرییەوە پێوەندییەکە لەم بەر و ئەوبەر تا بێ کۆتایی ئەکشێ. واتا هەر بکەرێك بەرکاری بکەرێکی ترە و هەر بەرکارێکیش بکەری بەرکارێکی ترە. هەر هەنگاوێك لەمانە (پلەیێك)ی تێپەڕی پێك ئەهێنێ.

ئەم پێوەندییانە لە دوو ئاستدا خۆیان دەرئەخەن:

**١– ئاستی مۆرفۆلۆجی:**

لەم ئاستەدا هەر زمانەی بەجۆرێ خۆی دەرئەخا. زمانی کوردی (یەك پلەییە) تێنەپەڕ دەکرێ بەتێپەڕ (نوستن . نواندن). پلەی دووەم و ژوورتر بە یاسای سینتاکسی دادەڕێژرێ.(١)

**٢– ئاستی سینتاکس:**

لە زمانی کوردیدا بۆ ئەم لایەنە چەند یاسا و فۆرمێکی سینتاکسی دەستنیشان دەکرێت.

أ– [بە (ناو – چاوگ) دان] (دوو پلەییە)

بە کوشتن دان

حەمە مرد – کارەکە تێنەپەڕە، حەمە بکەرە

قالە حەمەی کوشت – کارەکە تێپەڕە، حەمە بەرکارە (پلەی یەکەم)

قالە حەمەی بە کوشتن دا – حەمە بەرکاری دووەمە (پلەی دووەم)

هەمان شت لەگەڵ (بەگرتن دان) دا

حەمە گیرا

پۆلیس حەمەی گرت (پلەی یەکەم)

قالە حەمەی بەگرتن دا (پلەی دووەم)

ب- [وا لە... کردن] کە بێ سنوور پلەدارە

١- ڕزگار دەرچوو.

٢- ئازاد وای لە ڕزگار کرد دەرچێ.

٣- ئازاد وای لە ئاواز کرد وا لە ڕزگار بکات دەرچێ.

٤- ئازاد وا لە ئاواز دەکات وا لە ئاهەنگ بکات وا لە ڕزگار بکات دەرچێ. تا بێ سنوور.

لە ڕستەی (١)دا (رزگار) بکەرە. لە (٢)دا بەرکاری یەکەمە. لە (٣)دا بەرکاری دووەمە. لە (٤)دا بەرکاری سێیەمە و بەم جۆرە.[٢]

**پەراوێزەکان**

١- (ناسین) تاکە نموونەیێکە لە زمانی کوردیدا تێپەڕە و بە پێڕەوی مۆڕفۆلۆجی دەکرێ بە تێپەڕی پلە دوو (ناسین - ناساندن). زمانی تورکی لەم ڕووەوە دوو پلەییە (ئۆلدی - مرد) (ئۆلدردی - کوشتی) (ئۆلدریتی -بەکوشتنی دا).

٢- بۆ ئەمە سەیری سەرچاوە ژمارە (٧) ل١٢٤-١٣٤ بکە.

**سەرچاوەکان**


١– کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٦) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی. بەغداد

٢– نوری علی امین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. سلێمانی

٣– وریا عمر امین (١٩٨٤) تێپەڕ و تێنەپەڕ. ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٥٣٤ ی ١٩٨٤/٥/٣٠.

٤– ____________ (١٩٨٥) تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە – گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٠٧ ل ١٩٦–٢٠٠

٥– ____________ (١٩٨٨) تخووبی تێپەڕ و تێنەپەڕ. پاشکۆی عیراق. ژ ٢٦ی ١٩٨٨/٣/٩.

٦– ____________ (١٩٩٠) جۆرەکانی تێنەپەڕ. هاوکاری ژ ١٢٠٤ی ١٩٩٠/٨/٢٠

7- Amin, Wirya. Omar (1979) Aspects of the verbal Construction in Kurdish. London University, SOAS.

8-Mackenzie, D.N. (1961) Kurdish Dialect Studies. v. 1 London.

# جووتۆکە

ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ١١٧٠ی ١٦/٤/١٩٩٠

ئەگەر (ڕ) خرایە جێی (ر) لە وشەی (برین)دا، دەبێتە (بڕین) کە وشەیێکی ترە و واتاییێکی تری هەیە. ئەمە ئەوە ئەگەیێنێ کە (ڕ) و (ر) لە زمانی کوردیدا دوو نرخی جیاوازیان هەیە و دوو شتی جیان.

ئەگەر (ز) خرایە جێی (ن) لە وشەی (هەنار)دا، دەبێتە (هەزار)، کە وشەیێکی ترە، واتاییێکی تر دەبەخشێ. ئەگەر (ژ) خرایە جێی (ن) یا (ز) لە وشەی (هەزار) و (هەنار) دا دەبنە (هەژار) و واتای سێیەم سەرهەڵدەدا، بەمە دەردەکەوێ کە (ز – ن – ژ) سێ نرخی جیا لە سیستەمی زمانی کوردیدا پێشان دەدەن واتا سێ (فۆنیم)ن.

لە وشەی (بار) دا ئەگەر (ك) خرایە جێی (ب)، دەبێتە (کار) کە وشەیێکی ترە و واتایێکی تری هەیە. ئەگەر (ش) خرایە شوێنی (ب) یان (ك) وشەی سێیەم دەرئەکەوێ (شار) واتای سێیەم سەرهەڵدەدا.

هەمان شت لەگەڵ (ز – م – هـ – پ). وشە و واتای چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم (زار – مار – هار – پار) پێك دێت.

بەم جۆرە (ك – ب – ش – ز – م – هـ – پ) حەوت نرخی جیا پێشان دەدەن لەزمانی کوردیدا. واتا حەوت (فۆنیم)ن.

بە لێکدانەوە ی نموونەکانی سەرەوە دەردەکەوێ کە ئەگەر دوو دەنگی جیاواز توانییان لە هەمان شوێندا دەرکەون و دەرکەوتنی هەریەکە واتاییێکی جیا لە دەرکەوتنی ئەویتری بە وشەکە بەخشی ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنیمی جیان.

نە دەنگ فۆنیمە و نە فۆنیم دەنگە. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. دەنگ کەرەسەیێکی (فیزیاوی)یە و (بوون)ی هەیە، فۆنیم شتێکی پەنامەگییە (موجەڕەد) abstract چەن دەنگێکی جیاواز دەنوێنێ، کە هۆی جیاوازیی نێوانیان دەخرێتە پاڵ ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایاندا دەردەکەوێ.

هەندێ لەم جیاوازییانە بەئاسانی هەستیان پێ دەکرێ وەك دوو دەنگی (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا کە سەر بەهەمان فۆنیمن، چونکە هیچ وشەیێك لەزمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە تێیدا یەکێ لەم دوو دەنگەی تیابێ و بە گۆڕینی بە ئەویتر کار لە واتاکەی بکات.

زۆر جووتە دەنگ هەن لە دوو زمانا هاوبەشن کەچی لە یەکێکیانا سەر بە دوو فۆنیمی جیان و لەویتردا سەر بە هەمان فۆنیمن، بۆ نموونە (ر)ی لاواز و (ڕ)ی قەڵەو لە زمانی کوردی و عەرەبیدا.

ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا سەر بە دوو فۆنیمی جیان چونکە زۆر وشە لەم زمانەدا هەن یەکێ لەم دوو دەنگەی تیایە، گەر بەدەنگەکەی تر جێگیر کرا واتاکەی دەگۆڕێ. وەك لە وشەی (کەر)دا. (ر) لاوازە گەر جێگیر کرا بە (ڕ) دەبێتە (کەڕ) و واتاکەی دەگۆڕێ. واتا (ر) و (ڕ) دوو نرخی جیایان لە زمانی کوردیدا هەیە. لە وشەی (وەڕین) دا (ڕ) قەڵەوە گەر بە لاواز جێگیر کرا وشەکە دەبێتە (وەرین) کە واتایێکی تر دەبەخشێ. هەمان شت لەگەڵ (پەری – پەڕی)... هتد

ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشدا هەن. بەڵام هیچ وشەیێکی تیا نادۆزرێتەوە یێکێ لەم دەنگانەی تیابێ، بەئەویتر جێگیر بکرێ کار لە واتا بکات. بۆیە ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیدا یەك نرخیان هەیە و سەر بەهەمان فۆنیمن.

بە پێچەوانەوە (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا سەر بەهەمان فۆنیمن چونکە لەم زمانەدا هیچ وشەیێك نادۆزرێتەوە یەکێ لەم دەنگانەی تیابێ بەجێگیر کردنی بە ئەویتر واتاکەی بگۆڕێ. کەچی لە زمانی عەرەبیدا گەلێ وشە هەن یێکێ لەم دەنگانەیان تیایە، بە جێگیر کردنی بە ئەویتر واتاکانیان دەگۆڕێ. وەك لە (فسیح – فصیح)، (عسیر– عصیر)... هتد.

ئەم جۆرە جووتە وشانەی وەك یەکن لە تاکە دەنگێکا نەبێ بە جووتۆکە minimal pair ناو دەبرێن وەك:

ژیان – گیان/ شەو – خەو/ زار – هار

بۆ دەستنیشان کردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ دەبێ (جووتۆکەکانی) بەم جۆرەی سەرەوە بەرامبەر بکرێن.

## سێتیله*

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ۹۰ی ۲۰۰۸/۲/۲۲

ئەم وشانەی خوارەوە هەر یەکەیان جووتۆکەی هەریەکە لە ئەویتریانە:

[هەزار – هەنار – هەژار – هەوار – هەکار]

بە جووتۆکەی (هەزار – هەنار) دوو فۆنیمی (ز) و (ن) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەزار – هەوار) دوو فۆنیمی (ز) و (و) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەزار – هەکار) دوو فۆنیمی (ز) و (ك) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەنار – هەژار) دوو فۆنیمی (ن) و (ژ) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەنار – هەوار) دوو فۆنیمی (ن) و (و) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەنار – هەکار) دوو فۆنیمی (ن) و (ك) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەوار – هەکار) دوو فۆنیمی (و) و (ك) دەستنیشان کرا.

بەم جۆرە لە ڕێی ئەم پێنج وشانەوە کە هەریەکەیان جووتۆکەی ئەویترە ئەم پێنج فۆنیمەی زمانی کوردی (ز – ن – ژ – و – ك) دەستنیشان کرا.

هەر کۆمەڵە وشەیێك هەریەکەیان تێیدا جووتۆکەی هەر یێکێکی تریان بێ (سێتیلە) یێك minimal set پێك دەهێنن.

بەهەمان پێڕەو لە ڕێی سێتیلەیەکی تری وەك (چەور – هەور – کەور) تیایدا:

بە جووتۆکەی (چەور – هەور) دوو فۆنیمی (چ) و (هـ) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (چەور – کەور) دوو فۆنیمی (چ) و (ك) دەستنیشان کرا.

بە جووتۆکەی (هەور – کەور) دوو فۆنیمی (هـ) و (ك)دەستنیشان کرا.

ئەم فۆنیمانە (چ – هـ – ك) دەست نیشان کران.

---

* ئەم زاراوەیە بە (سێتۆکە) لە وتارەکەدا پێشکێش کرا.

(ك) لە هەردوو دەستەكەدا دەركەوتووە. هەر فۆنیمێ دووبارە دەركەوێتەوە لادەبرێ.

بە بەراورد كردنی سێتۆكەی تر فۆنیمی تر دەدۆزرێتەوە، تا ڕادەییێك هەر چەن سێتۆكەی تر بەراورد بكرێن هیچ فۆنیمی تر نادۆزرێتەوە. بەم جۆرە سیستەمی فۆنیمی phonemic system زمانەكە دەستنیشان دەكرێت.

هەندێ نموونەی سێتیلە لە زمانی كوردیدا:

| سێتیله | فۆنیمە دەسنیشانكراوەكان | ژ |
|---|---|---|
| نان – ژان – ڕان – پان – كان – شان – خان | ز – ژان – ڕ– پ– ڕ– ك – ش – خ | ٨ |
| سوور – پوور – دوور – زوور – ژوور | س – پ – د – ز – ژ | ٥ |
| كوڕ – قوڕ – دوڕ – هوڕ | ك – ق – د – هـ | ٤ |
| لات – كات – تات – مات – سات | ل – ك – ت – م – س | ٥ |
| شار – زار – پار – كار – هار – مار – دار – جار – یار – بار – بار – لار – تار – غار | ش – ز – پ – ك – ه – م – د – ج – ی – ب – پ – ل – ت – غ | ١٤ |
| تاڵ – ساڵ – زاڵ – ناڵ – خاڵ – ماڵ – پاڵ – داڵ – چاڵ | ت – س – ز – ن – خ – م – پ – د – چ | ٩ |
| كچ – كل – كڕ – كپ | چ – ل – ڕ – پ | ٤ |
| كەژ – كەس – كەف – كەم – كەر – كەل – كەش – كەچ – كەڕ – كەو | ژ – س – ف – م – ر – ل – ش – چ – ڕ – و | ١٠ |
| دڵ – گڵ – سڵ – چڵ | د – گ – س – چ | ٤ |
| پیر – تیر – شیر – سیر – میر – ژیر – لیر – بیر | پ – ت – ش – س – م – ژ – ل – ب | ٨ |
| سەر – بەر – كەر – گەر – هەر | س – ب – ك – گ – هـ | ٥ |
| پەڕ – تەڕ – كەڕ – بەڕ – مەڕ – لەڕ | پ – ت – ك – ب – م – ل | ٦ |
| نێر – فێر – تێر – ژێر | ن – ف – ت – ژ | ٤ |

| | | |
|---|---|---|
| گێڕ – تێڕ – زێڕ | گ – ت – ز | ٣ |
| تاڵ – ساڵ – زاڵ – ناڵ – خاڵ – ماڵ – پاڵ – داڵ – چاڵ | ت – س – ز – ن – خ – م – پ – د – چ | ٩ |
| کچ – کل – کڕ – کپ – کز – | چ – ل – ڕ – پ – ز | ٥ |
| کەژ – کەس – کەف – کەم – کەر – کەل – کەش – کەچ – کەڕ – کەو | ژ – س – ف – م – ر – ل – ش – چ – ڕ – و | ١٠ |
| دڵ – گڵ – سڵ – چڵ | د – گ – س – چ | ٤ |
| پیر – تیر – شیر – سیر – میر – ژیر – لیر | پ – ت – ش – س – م – ژ – ل | ٧ |
| دوور – دار – دەر – دێر | وو – ا – ـە – ێ | ٤ |
| پار – پیر – پوور | ا – ی – وو | ٣ |
| تەڕ – تێڕ – تۆڕ | ـە – ێ – ۆ | ٣ |
| ژن – ژان – ژین | i – ا – ی | ٣ |
| ژەنگ – ڕەنگ – هەنگ – دەنگ – مەنگ – پەنگ – لەنگ – سەنگ | ژ – ڕ – هـ – د – م – پ – ل – س | ٨ |
| گن – ژن – من – ون – | گ – ژ – م – و | ٤ |

# ئەلەمۆرف و جۆرەکانی

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٤٥٠٦ی ١٩٩٠/١٠/٣١

مۆرفیم بچووکترین دانەیە لە زمانا کە واتاییك دەگەیەنێ یا دەورێکی ڕێزمانیی دەخرێتە پاڵ. وشەی (کراسەکەت) لەم سێ دانە واتاییە (کراس – ەکە – ت) پێك هاتووە. هەریەکە لەمانە واتا و دەوری تایبەتیی خۆی لە ڕێزمانی کوردیدا هەیە، بۆیە هەریەکە لەمانە مۆڕفیمێکە .

هەندێ مۆرفیم بە زیاتر لە یەك قاڵب و داڕشتن خۆی دەردەخا. هەر جۆرە قاڵب و داڕشتنێك (مۆرف)ێکی مۆرفیمەکەیە، مۆرفەکان ئەلەمۆرفی یەکترن

بوونی قاڵبی جیاواز بۆ هەمان مۆرفیم چەن هۆیەکی هەیە. هەندێکیان دەستنیشان دەکەین.

١– هۆی دەوروبەر و ژینگە: ئەنجامی کارتێکردنی دەنگەکانی ئەم بەرو ئەو بەری ئەو شوێنەیە کە مۆرفیمەکەی تیا دەردەکەوێ. بۆ نموونە ئامرازی پێناسین لە زمانی کوردیدا بەم چوار قاڵبە (ەکە – کە – ەك – ك) خۆی دەردەخا. بەپێی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەردەکەوێ.

أ– گوڵەکە –––– گوڵ + **ەکە**

ب– پەنجەرە –––– پەنجەرە + **کە**

ج– مناڵەکان –––– مناڵ + **ەك** + ان

د– ئەستێرەکان –––– ئەستێرە – **ك** – ان

(ەکە – کە – ەك – ك) چوار مۆڕفی مۆڕفیمی ئامرازی پێناسینن، ئەلەمۆرفی یەکترن.

٢– هۆی ڕێزمانی: وەك پێشبەندی (لە) دەبێتە (لێ) و (بە) دەبێتە (پێ) ئەگەر ئەو دانەیەی داوایان کرایە ڕاناوێکی لکاو.

لە تۆ دەترسم – لێت دەترسم.

بە تۆم وت – پێم وتیت.

٣- هۆی فۆنۆلۆجی: (ات) ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ ئەو ڕەگانەدا دەردەکەوێ کە بە (ۆ) یا (ە) کۆتاییبیان دێت.

(خواردن – خۆ – دەخوات) (کردن – کە – دەکات). لە هەموو حاڵەتێکی تردا بە (ێت) دەردەکەوێ (دەفڕێت – دەچێت – دەنووسرێت...)

بەپێی یاسایێکی تری فۆنۆلۆجی دەشێ (ت)ی (ات، و ێت) لاببرێ (گەر بزوێنی دوایان نەهات) بێ ئەوەی کار لە مانا و ڕێزمانییان بکات (دەخوات – دەخوا) (دەچێت – دەچێ) بەمە ژمارەی مۆرفەکانی مۆرفیمی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی داهاتوو بوو بە چوار (ات – ێت –ا –ێ)

٤- هۆی مێژوویی: لە ئەنجامی ئەو گۆڕینانەی بەسەر زمانا دێت یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر هەندێ مۆڕفیم مۆڕفیمی هاو واتا و هاوئەرکیانی بۆ پەیا دەبێ هەردوو دەبنە دوو مۆڕفی هەمان مۆرفیم و ئەلەمۆرفی یەکتر و شان بەشان یەکتری بەکار دەهێنرێن. هەندێ جار بەکارهێنانی یەکێکیان (بەزۆری کۆنەکەیە) بەرە بەرە کەمتر دەبێ و دەپووکێتەوە تا وای لێ دێ تەنیا لە هەندێ حاڵەتا بەکاردەهێنرێ یا بەیەکجاری لە بەکارهێنان دەکەوێ. وەك (ها) و (ات)ی ئامرازی کۆ لە (هەزارەها) و (میوەجات – ئەدەبیات) دا. (ها– ات– ان–) ئەلەمۆرفی یەکترن.

# بۆ (پشكووتن) ناكرێ بە تێپەڕ

ڕۆژنامەی (العراق) ٤٦١١ی ١٩٩١/٣/٤

لە زمانی كوردیدا دوو پاشگری (اند) و (ین) بە ڕەگی كاری تێنەپەڕەوە دەلكێن و دەیكەن بە تێپەڕ. (اند) بۆ كاتی ڕابردوو و (ێن) بۆ داهاتوو. وەك لە:

فڕین – فڕ – فڕاند – فڕێن

من چۆلەكەكەم فڕاند

من چۆلەكەكە دەفڕێنم

كارە تێنەپەڕەكانی كوردی لە ڕووی بوونیان بە تێپەڕەوە دەكرێن بە چوار جۆر

١– ئەوانەی ناكرێن بە تێپەڕ چونكە تێپەڕی ڕەسەنی بەرامبەریان هەیە. وەك:

هاتن – هێنان

كەوتن – خستن

بوون – كردن

٢– ئەوانەی دەكرێن بە تێپەڕ سەرەڕای هەبوونی تێپەڕی بەرامبەریان. لەم حاڵەتەدا واتای تێپەڕی بەرامبەر و بەتێپەڕ كراوەكە یەكسان نابن، وەك (مردن) تێپەڕی بەرامبەری (كوشتن)ەو دەكرێ بە (مراندن) بەڵام لە ڕووی واتاوە (مراندن) و (كوشتن) جیان

پیاوەكە خۆی كوشت – لێرە مردووە

پیاوەكە خۆی مراند – لێرە نەمردووە

٣– ئەوانەی كە ناكرێن بە تێپەڕ وەك (گەنین – پشكووتن – زان)

لێكدانەوەی لۆژیكی بۆ ئەمە ئەوەیە ڕوودانیان لە ژوور ئارەزوو و دەسەڵاتی مرۆڤدایە. هیچ هێزێكی دیار دەستنیشان ناكرێت بكرێ بە بكەری ئەم جۆرە فرمانانە. دارێ دەشكێ. منیش دەتوانم بیشكێنم. مناڵێ لە خۆیەوە دەنوێ منیش

دەتوانم بینوێنم. بەڵام هەرگیز ناتوانم و دەسەڵاتی ئەوەم نییە وابکەم گوڵێ بێشکوێ یا ئاژەڵێ بزێ... یا شتێ بگەنێ... بۆیە (پشکوواندن و زاندن و گەناندن) نین.

٤- ئەوانەی دەکرێن بە تێپەڕ هەموو ئەوانەن بەر سێ بەشەکەی تر ناکەون.

## نەریٚ لە کوردییدا

رۆژنامەی (العراق) ژ ٢٢٣٨ی ٨/٦/١٩٨٣دا بلاوبۆتەوە

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی نەریٚ دەکەن وای بۆ دەچن کە نەریٚ ئەو ئامرازەیە کە دەچێتە سەر کار بۆ دەربڕین لە چەمکی بەجیٚ نەهێنانی کاری کارەکە وەك لە:

ئازاد کتێبەکەی بۆ نەکڕیم.

بەیانی دەرناچم.

لە زمانی کوردیدا زۆر نموونەی وا هەیە ڕوونی دەکەنەوە کە مەرج نییە ئامرازی نەریٚ تەنیا چەمکی ئەنجام نەدانی کارەکە بگەیەنیٚ بەڵکو هەندیٚ جار دەبێتە ئامرازی جەختکردن بۆ بەجێهێنانی کاری کارەکە وەك:

أ– ئەگەر نەمکوشت من حەمە نیم. (واتا ئەبیٚ بیکوژم)

ب – پارەی نەبیٚ چۆن ئەم بەزمە دەکات. (واتا پارەی هەیە)

ج– خۆزگە نەهاتایە. (واتا هاتووە)

ڕستەی واش هەیە تیایا بوون و نەبوونی ئامرازی نەریٚ وەك یەکە. وەك لە ڕستەی پرسیاردا.

أ– ئازاد هات؟

ب– ئازاد نەهات؟

یا لەم دوو ڕستەیەدا بوون و نەبوونی نەریٚ کار لە واتا ناکات.

أ– هەر کە نا منی بینی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

ب– هەر کە منی بینی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

ئامرازەکانی (نەریٚ)ی کار لە زمانی کوردیدا ئەمانەن (نە – نا – مە – نی)

کات و جۆری کار هەموو دەور ئەگێڕن لە هەڵبژاردنیان. دەرکەوتنیان لەگەڵ

کارا بەم جۆرەیە.

**١- نە**

**أ-** ئامرازی نەرێیە بۆ هەموو کارێك ڕەگەکەی لە کاتی ڕابردوودا بێ:

نووستین    نەنووستین

دەنووستین    نەدەنووستین

بنووستینایە   نەنووستینایە

نووستبووین   نەنووستبووین

ب- (نە) ئامرازی نەرێیە بۆ کاری کاتی داهاتووی ئەگەری.

بخۆم - نەخۆم

بڕوات - نەڕوات

بنوویت - نەنوویت

٢- **نا**: ئامرازی نەرێیە بۆ کاری کاتی داهاتوو:

دەخوێنم - ناخوێنم

دەڕۆین - ناڕۆین

٣- **مە:** ئامرازی نەرێیە بۆ کاری داخوازی.

بخۆ - مەخۆ

بڕۆن - مەڕۆن

٤- **نی**: ئامرازی نەرێیە بۆ کاری بوونی کاتی ئیستە (verb to be): واتا بۆ ڕستەی ناوی

من قوتابیم - من قوتابی نیم

ئێمە برسیمانە - ئێمە برسیمان نییە

لەوەی ڕابورد دەردەکەوێ کە:

**١– ئامرازی نەرێ لە زمانی کوردیدا (لەگەڵ ڕابردووی بەردەوامیدا نەبێ) وەك** پێشگر دەردەکەوێ. هەمیشە پێش ڕەگی کار دەکەوێ و کارەکە سادە بێ یا لێکدراو.

کەوتیت – نەکەوتیت

تێ گەیشتن – تێ نەگەیشتن

خوێندمان – نەمان خوێند

ڕامان کرد – ڕامان نەکرد

دەچوون – نەدەچوون

**٢– ئامرازی نەرێ شوێنی نیشانەی جۆری کات (ئەسپێکت Aspect ) [ دە – بـ]** دەگرێ واتا لای دەبا.

دەنووسم – نانووسم

بنووسم – نەنووسم

بنازە – مەنازە

**چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئامرازەکانی نەرێ لە زمانی کوردیدا لەم نەخشەیەدا** ڕوون کراوەتەوە.

| نەرێکان | دەرکەوتنیان | تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| نە | ڕەگی ڕابردوو | نە نوستم | نەیخوارد |
| | مەرجیی داهاتوو | نەچین | نەشۆین |
| | نەهی | نەخەویت | نەکەیت |
| نا | داهاتووی سادە | نارۆین | نانووسێت |
| مە | داخوازی | مەخەوە | مەخوێنە |
| نی | بوونی کاتی ئێستە | ئەولێرە (نی)یە | |

**نەرێ و پێناسینی بەرکار**

ئەگەر بەرکار ئەو کەسە یا ئەو شتە بێ کە پێشوازیی کاری بکەرەکە دەکات و کاری بکەرەکەی بەسەردا تێدەپەڕێ، دەبێ ئەوەی بە بەرکار لەقەڵەم دەدرێن لە ڕستەی نەرێدا بەرکار نەبن چونکە هیچ کارێکیان بەسەردا تێنەپەڕیوە و پێشوازی هیچ کارێکیان نەکردووە و ئاگاشیان لێ نییە وەك لەم ڕستانەدا.

**أ**– من ئازادم نەبینی.

ب– ئەوان نانەکەیان نەخوارد.

ج– تۆ کتێبەکەت نە خوێندۆتەوە.

(ئازاد و نان و کتێب) لەم سێ ڕستەیەدا هیچ کارێکیان بەسەردا تێنەپەڕیوە بۆیە ئەبێ بەر پێناسەی بەرکار نەکەون؟

# ئەسپیرانتۆ

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٢٦٢ی ٦/٧/١٩٨٣دا

وەتی مرۆڤ بیری لە زمان کردۆتەوە ، مەسەلەی هەبوونی ژمارەیێکی زۆر زمانی جیاواز جیاواز و نەبوونی تاکە زمانێ بۆ هەموو ئادەمیزادی سەر ڕووی زەمین سەرنجی ڕاکێشاوە و بۆتە جێی سەرسوڕمان بۆی. خۆزگەی تاکە زمانێکی بۆ هەموو مرۆڤ خواستووە و بیری لەوە کردۆتەوە چۆن بتوانی زمانێکی گشتیی هاوبەش داهێنێ بە هۆیەوە هەر کەسێ سەر بە هەچ زمان و خاك و نەتەوەیەکدا بێ بتوانێ لەگەڵ هەر کەسێکی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە بدوێ و لەیەك بگەن بە هۆیەوە.

خێڵە ڕەمەکییەکانی ئەفەریقیا و باکووری ئەمەریکا بەردەوام پێوەندیی هاوسێیەتی و دۆستایەتی یا دوژمنایەتییان لە نێواندا هەبووە. هەر خێڵە زمانی تایبەتیی خۆی هەبووە و لەگەڵ خێڵەکانی تر لێك نەگەیشتوون. پێویستی وای لێ کردوون سیستەمی لێکگەیشتن بە دەهۆڵ لێدان و هێما دابهێنن. ئەم پێڕەوە بەرەبەرە پەرەی سەندووە و تەواوبووە تا وای لێ هاتووە ببێ یە هۆکارێکی ڕێك و تەواوی لە یەکگەیشتن لە نێوان خێڵە زمان جیاوازەکاندا. واتا بۆتە زمانێکی هاوبەش .

لە رووی زمانەوانییەوە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە گەلێ هەوڵدراوە بۆ داهێنانی زمانێکی دەسکرد بەو ئاواتەی هەموو کەس لەم جیهانەدا فێری بن و بەهۆیەوە لەگەڵ یەکتر بدوێن و لەیەك بگەن.

ژمارەی ئەو زمانە دەسکردانە زۆرە ، بەناوبانگترینیان ( ئەسپیرانتۆ ) یە واتا (ئاواتخواز).

ئەوانەی ئاواتیان ئەوە بوو ئەسپیرانتۆ ببێ بە زمانێکی جیهانی و بە فەرمی دانی پێ بنرێ بە ( فینڤێنکستۆی) ناودەبران. ئەمە لە وشەی (فینا) و (ڤێنکۆ) وە داڕێژراوە کە واتای (سەرکەوتنی کۆتایی ) دێت. (راومیستۆ) ئەوانە بوون کە

بایەخیان بە گرنگێتی و بەهای ئەسپیرانتۆ دەدا.

زمانەوانی پۆڵۆنی لویس لودویچ زامنهۆف (١٨٥٩ – ١٩١٧) زمانی ئەسپیرانتۆی لە ساڵی ١٨٨٧ دا داهێنا. یەکەم کتێبی ئەسپیرانتۆی بە زمانی رووسی بڵاوکردەوە بە ناوی ( زمانی نێودەوڵەتی) . کە پێڕەوێکی ئاسانە بۆ فێربوونی ئەسپیرانتۆ.



یەکەم کتێبی ئەسپیرانتۆ

ئەسپیرانتۆسەکان ، ئەوانەن کە تێ دەکۆشن لە پێناو بڵاوبوونەوە و بە جیهانی کردنی زمانی ئەسپیرانتۆ، دەڵێن (زمانی ئەسپیرانتۆ زۆر ئاسانە و هەموو رۆشنبیرێك دەتوانێ بە ئاسانی فێری بێت) .

ئەسپیرانتۆ ئەلفوبێی لاتینی بەکاردەهێنێ. ٢٨ پیتی هەر یەك پیت بۆ یەك دەنگ. شەش پیتی نیشانەدارە:

a b c ĉ d e f g ĝ h ĥ i j ĵ k l m n o p r s ŝ t u ŭ v z

رێزمانی ئەم زمانە بە جۆرێ دامەزرێنراوە هیچ ناوێزەی تێدا نەبێ. وشەکانی هەموو لە سەربناغەی زمانەکانی لاتینی و گریکی دارێژراون.

هەموو ناوێکی بە (o) و هەموو ئاوەڵناوێکی بە (a) کۆتایی دێت.

ئامرازی كۆی (j) یە . واتە ناوی كۆی بە (oj) و ئاوەڵناوی كۆی بە (aj) كۆتایی دێت.

(as) نیشانەی كاتی ئیستایە.

(os) نیشانەی كاتی ئایندەیە.

( is) نیشانەی كاتی ڕابردووە.

( ia) ئامرازی پێناسینە.

بەردەوام دەسكاری دەكرا و گۆڕانكاریی بەسەردا دەكرا بۆ ڕێكخستن و ئاسانكردنی . بۆ نموونە نیشانەی بەركاری و ڕێكەوتن لەنێوان بكەر و كار لابرا و زۆر دەكاریی تر.. لەگەڵ ئەمەشا گیروگرفتەكە هەر مایەوە و هیچی لە مەسەلە بنجییەكە نەگۆڕی چونكە مەسەلەی ئاسانی و زەحمەتی لە زماندا گوێرەییە (نسبییە).

گوایا ئیستا چەن ملیۆن كەسێ هەن لە سەرتاپای جیهاندا زمانی ئەسپیرانتۆ دەزانن و قسەی پێ دەكەن. هەندێ لەمانە ئەسپیرانتۆ زمانی یەكەمیانە. شیعر و ئەدەبی پێ دەنووسرێ. ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەردەچێ. زۆر شاكاری جیهانیی گرنگی وەك ئنجیل و قورئان وەرگێڕاونەتە سەری. لە نزیكەی ١٠٠٠ قوتابخانەو ٣١ زانكۆدا دەخوێنرێ. لە ساڵی ١٩٧٩ دا ژمارەی ئەندامانی چالاكی دەزگای ئەسپیرانتۆ گەیشتە ٣١٠٠٠ سی و یەك هەزار. ١٢٥٠ سەنتەری لە ٦٠ وڵاتدا هەبوو. یابان تاكە وڵاتێكی نەوروپییە ( نا ئەورپی) قسەكەری ئەسپیرانتۆی تیا بێ. گەلێ داو و دەزگا و پەیمانگا لەم بەر و ئەوبەری جیهانەدا هەن بۆ فێركردنی ئەم زمانە كە لەلایەن چەن ناوەندێكی ئەكادیمیاوە دانی پێ نراوە.

لە ساڵی ١٩٠٥ دا وەك زمانێكی جیهانی دانی پێوە نرا.

یەكەم كۆنفرانسی جیهانیی ئەسپیرانتۆ لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٠٥دا گیرا. لەوساكەوە كۆنفرانس ساڵانە لە وڵاتەكانی تر دەگیرێ ( لە كاتی شەڕە جیهانییەكاندا وەستا)

لە ساڵی ١٩٥٤ دا یۆنیسكۆ دانی پێدا هێنا وەك زمانێكی یارمەتیدەری جیهانی.

له ساڵی ١٩٢١ دا ئەکادیمیای زانستیی فەڕەنسی پێشنیازی کرد ئەسپیرانتۆ وەك زمانێکی جیهانیی زانست بەکار بهێنرێ. هەندێ زانا بەشێکی کارەکانی خۆیان بە زمانی ئەسپیرانتۆ بڵاو کردەوە. لەمانە زانای بیرکاریناس (مەوریکا فریچێت) و (جۆن ویڵس ) ی زمانەوان و (هێلمەر فرانك ) ی بایۆلۆجی و هەڵگری پاداشتی نۆبل ( ڕێنهارت سێڵتێن) ی ئابووریناس و زۆری تر . لەمانە (فرانك) و (سێڵتێن) دامەزرێنەری ئەکادیمیای زانستیی فەڕەنسی بوون لە (سان مارییۆ ) دا کە هەندێ جار بە ( زانکۆی ئەسپیرانتۆ ) ناو دەبرا تیایدا تیایا ئەسپیرانتۆ زمانی خوێندن بوو.

له ساڵی ١٩٦٦ دا داواکارییەك کە ملیۆن کەس مۆری کردبوو  پێشکێش بە (وڵاتانی یەکگرتوو ) کرا بۆ بڕیاردان لەسەر کردنی ئەسپیرانتۆ بە زمانێکی جیهانی. ئەم داواکارییە ڕەزامەندیی دەسگیر نەکرد.

لە کۆنفرانسی لاوانی جیهانیدا کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەسترا جەخت لەسەر گرینگێتی و ڕۆڵی دواڕۆژی ئەسپیرانتۆ کرا.

زمانەوانی فنلەندی پسپۆری زمانی ئەسپیرانتۆ لە لێکۆڵینەوەیێکیدا لە بارەی زمانی ئەسپیرانتۆوە گەیشتۆتە ئەم ئەنجامانە و دەڵێ لە بواری ئەسپیرانتۆدا نزیکەی :

١٠٠٠ کەس ئەسپیرانتۆ زمانی یەکەمیانە

١٠٠٠٠ بە ڕەوانی قسەی پێ دەکەن

١٠٠٠٠٠ کەس دەتوانن بەکاری بهێنن

١٠٠٠٠٠٠ کەس بە باشی لێی دەگەن

١٠٠٠٠٠٠٠ کەس ئەسپیرانتۆیان خوێندووە و شارەزاییيان لێ پەیا کردووە

لێکۆڵینەوەیەکی تر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ نزیکەی ١٦٠٠٠٠ کەس ئەسپیرانتۆ  بە ڕەوانی دەزانن و بەکاری دەهێنن.

زامنهۆف  دامەزرێنەری زمانی ئەسپیرانتۆ لە کتێبی ( لینگڤۆ ئینتێرناکیا) ی کە لە ساڵی ١٨٨٧ دا بڵاوکراوەتەوە لیستەیێکی ئامادە کردووە ٩٠٠ ڕەگی تیایە.

لەمانە هەزاران وشە بە لێکدان و پاشگر و پێشگرەوە دادەڕێژرێن.

لە ساڵی **١٨٩٤** دا زامنهۆف یەکەم فەرهەنگی زمانی ئەسپیرانتۆی بڵاو کردەوە بە ناوی ( یونیڤێرسالا ڤۆرتارۆ) کە ژمارەیێکی زۆر ڕەگ و پاشگر و پێشگری خستە سەر لیستەکەی پێشووی و یاسای دانا بۆ داڕشتنی وشەی تر.

نموونەی زمانی ئەسپیرانتۆ

| **ئەسپیرانتۆ** | **نووسینی فۆنەتیکی** | **واتا بە کوردی** |
|---|---|---|
| Jes | [ˈjes] | بەڵێ |
| Ne | [ˈne] | نا |
| Bonan matenon | [ˈbo.nan ma.ˈte.non] | بەیانی باش |
| Bonan vesperon | [ˈbo.nan ves.ˈpe.ron] | ئێوارە باش |
| Bonan nokton | [ˈbo.nan ˈnok.ton] | شەو باش |
| Ĝis revido | [dʒis re.ˈvi.do] | خوا حافیز |
| Kiel vi nomiĝas? | [ˈki.el vi no.ˈmi.dʒas] | ناوت چییە؟ |
| Mi nomiĝas Johano | [mi no.ˈmi.dʒas jo.ˈha.no] | ناوم (جۆن ) ـە |
| Kiel vi fartas? | [ˈki.el vi ˈfar.tas] | چۆنی ؟ |
| Ĉu vi parolas Esperanton? | [ˈtʃu vi pa.ˈro.las es.pe.ˈran.ton] | زمانی ئەسپیرانتۆ دەزانی ؟ |
| Dankon | [ˈdan.kon] | سوپاس |
| Nedankinde | [ˌne.dan.ˈkin.de] | سەرچاو هاتی |
| Mi amas vin | [mi ˈa.mas vin] | تۆم خۆش دەوێ |

ئاڵاکانی زمانی ئەسپیرانتۆ





( مۆناتۆ ) بڵاوترین گۆڤارە بە زمانی ئەسپیرانتۆ دەردەچێ




پشتگیرییەکی زۆری ئەم پڕۆژەیە کرا ، گەلێ داو و دەزگای بەدەسەڵات و هەداری جیهانی هەوڵیان دا بۆ چەسپاندنی ، پڕوپاگەندەییەکی زۆری بۆ کرا..بەڵام ئەم پڕۆژەیە سەری نەگرت چونکە:

١- ئەم پڕۆژەیە قۆزرایەوە و بەکار هێنرا لە پێناو وەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی چەن وڵاتێکی ڕۆژئاوایی کە بەلای ئەوانی ترەوە گرنگ و پێویست نەبوو ، بەڵکو جێی گومان بوو. وا لەقەڵەم درا کە ئەمە هۆکار و پیلانێکە بۆ تێخزینە ناو وڵاتان و دەسدان لە کاروباریان. بۆیە زۆربەی وڵاتانی جیهان لێی سڵەمینەوە و بایەخیان پێ نەدا و پشتگیرییان نەکرد تەنانەت دژیشی وەستان.

٢- وشە و یاسا ڕێزمانییەکانی ئەم زمانە بە کەرەسەو لۆژیکی زمانە ئەورووپییەکان داڕێژرابوون ، ئەمە قورس و سەیر هاتە بەرچاوی قسەکەرانی زمانەکانی ئەفەریقی و ڕۆژهەڵاتی دوور.

٣- ئەگەر بهاتایە ئەم پڕۆژەیە سەریشی بگرتایە و ئەم زمانە بەسەر هەموو ئەم جیهانە بسەپێنرایە ، ئەم سەرکەوتنە درێژەی نەدەخایاند و هەر بۆ ماوەیەکی

کورت ئەنجامی خۆی دەهێنایە دی چونکە وەك یاسایێکی گشتی هەموو شتێ لەم سروشتەدا لە گۆڕیندایە ، ژینگە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە ئاراستە کردنی سروشتی ئەم گۆڕینە ، ئەم زمانەش بەر ڕەوڕەوەی گۆڕین دەکەوت و لە هەر وڵات و ژینگەیەکدا بە جۆرێ .. ئینجام دەبوو بە چەن شێوەزارێك و لێك دەترازان و دوور دەکەوتنەوە تا دەبوون بە چەن زمانێك.

ئەگەر دامەزرێنەرانی ئەم پرۆژەیە ئاگاداری ئەم ڕاستییە بان ، خۆیان هیلاك نەدەکرد و ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایانەیان نەدەدا و ئەم هەموو ڕەنجەیان بە فیرۆ نەدەدا لە پێناو چەسپاندنی ئەم پرۆژەیە. لەگەڵ ئەمەشا تەجرەبەیێکی مەزن بوو لە مێژووی زمانەوانیدا.

# زمانی دەسکرد

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٣٠٢٤ی ٦/١/١٩٨٦دا

لە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی **١٩٨٥/١٢/١٠** کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا کۆڕێکی بۆ دکتۆر وریا عمر امین ڕێکخست تیایا لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی دەربارەی زمانی دەسکرد پێشکێش کرد، بەچاکمان زانی کە لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەماندا بڵاوی بکەینەوە.

ئەو زمانانەی سەر ڕووی زەمین هەموو سروشتین و ئەنجام و بەرهەمی سەدان هەزار ساڵی ئەو پەرەسەندنەن مرۆڤی گەیاندۆتە ئەم پلەی ئێستای.

زمان چۆن پەیا بووە و قۆناغە هەرە زووەکانی چۆن بووە... لە ڕووە هەرە تاریکەکانی مێژووی زووی مرۆڤایەتییە.

دەیەها لێکدانەوە و بۆچوون لە ئارادان هەوڵ ئەدەن تیشکێ بخەنە سەر ئەم لایەنە تاریکە... بەڵام هیچ کامێکیان ناتوانێ شتێکی ئەوتۆی لێڵڕەوێن پێشکێش بکات.

زانستی زمان لە ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی سەدان ساڵی توانی وەڵامی گەلێ لەو پرسیارانەی دەربارەی زمان کە مێشکی مرۆڤیان بۆ ماوەیەکی زۆر خەریك کردبوو بداتەوە و زۆر لایەنی شاراوەی ئەم دیاردە سەیرە ڕوون بکاتەوە و نهێنییەکانی ئاشکرا بکات و گەلێ پرسیار و گیروگرفتی تازەش سەری هەڵدا.

زانستی زمان توانی ئەو هۆیانە دەستنیشان بکات کە وایان کردووە ئەم هەموو زمانە جیاوازانە هەبن. زانستی زمان توانی ڕوونی بکاتەوە بۆ؟ قسەکەرانی هەندێ زمان سەرەڕای دووری جوغرافییان لەیەك ئەکەن و هەندێ زمان سەرەڕای دراوسێیەتییان زۆر لێك جیاوازن. زانستی زمان توانی بیسەلمێنێ کە زمانانی سەر ڕووی زەمین هەموو سەر بە هەچ ڕەگەز و شارستانییەتێك و ناوچەیەکی جوغرافی بن هەموو لە هەمان پلەی پەرەسەندندان و هەموو بەقەد

یەك ئالۆزن و هیچ زمانێ لە هیچ زمانێكی تر پەرەسەندووتر نییە و یەك بناغەی مرۆڤیی گشتی هەیە بۆ كاركردن و هەڵسووڕاندنی هەمووان.

زانستی زمان توانی ڕوونی بكاتەوە چۆن مرۆڤ ئەتوانێ هەر بەو كۆمەڵە وشە سنووردارەی فەرهەنگی مێشكی هەمیشە شتی تازەی پێشتر نەزانراو و نەبیستراو دەربڕێ و تێبگات.

دەیەها ئەنجام و دەسكەوتی تری وا گرنگ... بەڵام بەداخەوە تیشكێ نەخرایە تاریكایی سەرەتای پەیابوونی زمان... ئەوەی لەم بارەیەوە وتراون هەموو لە چوارچێوەی مەزەندە دەرناچن.

یەكێ لەو پرسیارانەی لەمێژە مێشكی مرۆڤی خەریك كردووە ئەوەیە، بۆ ئەم هەموو زمانە جیاوازانە هەن؟ بۆ تاكە زمانێ بۆ هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمین نییە؟ ئایا ئەشێ تاكە زمانێ بۆ هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمین دروست بكرێ یا هەڵبژێررێ هەموو كەس فێری ببن و بەهۆیەوە هەر كەسێ سەر بە هەچ ڕەگەز و ناوچەیەكی جوغرافی و شارستانییەتێك بێ بتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ هەر كەسێكی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە بكات؟

ئاین و میسۆلۆجیا و ئەفسانەكان هەموو بەڵگەن ڕوونی ئەكەنەوە كە هەر لە زووەكەوە ئەم دیاردەیە سەرنجی مرۆڤی ڕاكێشاوە و مێشكی خەریك كردووە.

هەبوونی زمانێكی هاوبەش لە جیهانا ئاواتێكی هەرە كۆنی مرۆڤە. لە پێناو هێنانەدی ئەم ئاواتە زۆری هەوڵ داوەو ئەركی كێشاوە... بۆ نموونە خێڵە ڕەمەكییەكانی ئەفەریقیا و باكووری ئەمەریكا بەردەوام پێوەندیی هاوسێیەتیی و دۆستایەتی یا دوژمنایەتی لە نێوانیانا هەبووە. هەر خێڵەی زمانی تایبەتیی خۆی هەبووە پێویستی وای كردووە بیر لە دانانی زمانێكی هاوبەش بكەنەوە. ئەنجام سیستەمی لەیەكگەیشتن بە دەهۆڵ لێدان و هێمایان داهێنا. پەرەی پێ درا بە ڕادەیەك بتوانرێ هەموو شتێكی پێ دەربڕێ و بەهۆیەوە بە تەواوی لەیەك بگەن. واتا ئەم سیستەمە بوو بە زمانێكی دەسكردی هاوبەش لە نێو خێڵە ڕەمەكییەكاندا.

جگە لەمە لە زۆر شوێنی تری ئەم جیهانەدا چەن میللەتێکی جیاواز پێکەوە ئەژین هەر یەکە زمانی خۆی هەیە و پێوەندی لە نێوانیانا هەیە. یەکێ لەم زمانانە ئەبێ بە زمانی هاوبەش بەهۆیەوە هەموو لەیەك ئەگەن ئەم جۆرە زمانە بە (لینگووەفرانکە) ناو ئەبرێ بۆ نموونە لە عیراقا بەم زمانانە قسە ئەکرێ (عەرەبی – کوردی – تورکمانی – ئاسووری... هتد) ئەوانەی سەر بەم زمانانەن ئەتوانن بەهۆی زمانی عەرەبییەوە لەیەك بگەن. واتا زمانی عەرەبی لینگووەفرانکەی عیراقە. لە راستیدا زمانی عەرەبی لینگووە فرانکەی هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانە.

زمانی ئینگلیزی بە لینگووە فرانکەی جیهان ناوبراوە چونکە لە هەموو وڵاتێکا کەسی وا هەیە ئەم زمانە بزانێ. سەردەمێ زمانی فەرەنسی بە لینگووە دیبلۆماسی ناونرابوو.

لە هیند و پاکستاندا کە سەدان زمانیان تیایە هیندی و ئوردوو لینگووە فرانکەن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستا لینگووەفرانکەی بازرگانی لە شارەکانی سەر دەریای سپی دروست بوو... ئەم شارانە هەر یەکە سەر بە وڵات و زمانێك بوون... بازرگانەکان بۆ بەجێهێنانی کاروباریان جۆرە زمانێکی هاوبەشیان پێك هێنا تێکەڵاو لە زمانەکانی سەر دەریای سپی.

لەم بەر و ئەو بەری جیهانا بە درێژایی مێژوو دەیەها تاقیکردنەوەی لەم جۆرە رووی داوە. ئەمانە هەموو لە لایەك... لە لایەکی ترەوە لە سەدەی حەڤدەمەوە هەوڵ دراوە بۆ داهێنانی زمانی دەستکرد بەو ئاواتەی هەموو کەسێ لەسەر ڕووی ئەم زەمینە فێری ببێ و بەهۆیەوە بتوانێ لەگەڵ هەر کەسێکی تری ئەم جیهانە قسە بکات و لەیەك بگەن.

ژمارەی زمانە دەستکردەکان لە سەد ڕەت بووە. (بۆپاڵ – کۆسمۆس – نۆڤیاڵ – ئەسپیرانتۆ – پارلا – سپۆکی – یونیڤێرسال – ڤولاپوك... هتد) ناون بۆ هەندێ لەو زمانە دەستکردانە.

لە مانە هەموو دووانیان (ڤۆلاپوك و ئەسپیرانتۆ) تا ڕادەیەكی زۆر سەرنجیان ڕاكێشا و ماوەیەكی زۆر خەڵكیان خەریك كرد.

لە ساڵی ١٨٧٠ دا قەشەیەكی پیری كاسۆلیكیی سەر بە گوندێكی وڵاتی بەڤاریا ناوی (جۆهان مارتن شلایشەر) بوو، دراوسێیەكی ئەبێ... ئەم دراوسێیەی نامەیێك بۆ كوڕێكی، كە لە دوور وڵاتا ئەژیا، ئەنێرێ دوای ماوەیەك نامەكەی بۆ ئەگەڕێتەوە چونكە لەو وڵاتەی كوڕەكەی تیابوو كەسێ نەبوو زمانی ئەڵمانی بزانێ و بتوانێ ناوونیشانەكەی بخوێنێتەوە... بۆیە نامەكە نەگەیشت و گەڕایەوە. ئەم ڕووداوە وای لێ كرد بیر لە دانانی ئەلف و بێیەكی جیهانی بكاتەوە هەموو زمانێكی پێ بنووسرێتەوە. هەچ شتێ بە هەچ زمانێ بنووسرێ لە هەموو شوێنێكا بخوێنرێتەوە.

ئەم پێشنیارەی خستە قاڵبێكی ئاینییەوە و وتی چۆن هەموو جیهان پێویستی بە بڕوایەكی یەكگرتووە... ئاواش پێویستی بە ئەلف و بێیەكی یەكگرتووە.

شلایشەر لەم پڕۆژەیەیدا زیاتر ڕۆیی و لە ساڵی ١٨٧٩ دا نەك ئەلف و بێیەكی جیهانیی بەڵكو زمانێكی جیهانیی دامەزراند ناوی نا ڤۆلاپووك.

ڕێزمانەكەی بەجۆرێ دانا هیچ ناوێزەیێكی تیا نەبێ... وشەكان چۆن ئەنووسران ئاواش ئەخوێنرانەوە. نەبرە هەمیشە لەسەر دوا بڕگەی وشەدا بوو. زۆربەی زۆری وشەكانی لە ڕەگی وشەكانی زمانە ئەوروپییەكانەوە وەرگرت دوای شێواندنیان. بۆ نموونە لە (World – جیهان و Speak قسە)ی ئینگلیزییەوە (Vol و Puk)ی وەرگرت. لەم دوو وشانەوە ناوی زمانەكەی داڕشت Volapuk واتا زمانی جیهانی.

كەنیسەی كاسۆلیكی پشتیوانیی ئەم پڕۆژەیەی كرد... كۆمەڵەیێك دامەزرێنرا بۆ پەرەپێدانی و بڵاوكردنەوەی زمانی ڤولاپوك. كۆنگرەی بۆ بەسترا. كۆمەڵەی ڤۆلاپوك؛ ناوی نرا ئەكادیمیای ڤۆلاپوك.

زۆری پێ نەچوو ئەم كۆمەڵەیە دژی شلایشەر هەڵگەڕایەوە. شلایشەر بێ شەرعیەتی ئەم كۆمەڵەیەی ڕاگەیاند و یەكێكی نوێی دامەزراندەوە لقی بۆ لە

هـەمـوو وڵات و شارێكـی ئـەوروپـادا دانـا لـە ساڵـی ۱۸۹۹ بـنـكـەكـانـی كـۆمـەڵـەی ڤولاپوك بوو بە (۲۸۳) ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامەكانی بەم زمانە دەرئەچوون بوو بـە (۲۵). زیـاتـر لـە هـەزار مـامـۆستـا و شارەزا كـەوتـنـە پـڕوپـاگـەنـدە كـردن و بڵاوكردنەوەی ئەم زمانە. سەدەها كتێب و بڵاوكراوەی پێ دەرچوو.

لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵدان و ئەرك كێشانە پرۆژەی ڤولاپوك سەری نەگرت. شلایشەر خەتای ئەم سەرنەگرتنەی خستە ئۆباڵ ئەو هاوڕێیانەی لەبەر هۆی شخصی بوونە تەگەرە و نەیانهێشت پرۆژەكەی سەركەوێ.

لە ساڵی ۱۹۱۲ دامەزرێنەری ڤولاپوك شلایشەر مرد. لەگەڵ مردنیا مەسەلەی ڤولاپوكیش دەنگی نەما.

گرنگترین زمانی دەسكرد جگە لە ڤولاپوك ئەسپیرانتۆیە.

زمانەوانی پۆلۆنی لویس زامنهۆڤ لە ساڵی ۱۸۸۷دا ئەم زمانەی داهێنا. ڕێزمان و وشەكانی هەموو لەسەر بناغەی زمانەكانی لاتینی و جەرمەنی و گریكی دامەزراون. ڕێزمانەكەی بێ ناوێزە بوو. هەموو ناوێكی بە (ه) كۆتایی دێت.

ئامرازی كۆی (j) یە.

(AS) نیشانەی كاتی ئێستایە.

(OS) نیشانەی كاتی ڕابردووە... هتد.

گوایا ئیستە چەن ملیۆن كەسێ لە جیهانا هەیە زمانی ئەسپیرانتۆ ئەزانن و قسەی پـێ ئـەكـەن هـەنـدێ لـەمـانـە ئـەسـپـیـرانـتـۆ یـەكـەم زمـانـیـانـە ئـەدەبـی پـێ ئەنووسرێ، ڕۆژنامەی پێ دەرئەچێ. گەلێ دامودەزگا هەن لە جیهانا بۆ فێر بوونی و لە لایەن چەن دەزگایەكی ئەكادیمیی جیهانییەوە لە ساڵی (۱۹۰۰)دا وەك زمانێكی جیهانیی دانی پێوە نراوە.

ئەسپیرانتۆستەكان ئەڵێن. (زمانی ئەسپیرانتۆ زۆر ئاسانە. هەموو ڕۆشنبیرێك ئەتوانێ بە ئاسانی فێری ببێت).

مەسەلەی ئاسانی و زەحمەتی شتێكی (نسبی)یە زەحمەتی و ئاسانی لەم

ڕووەدا پێوەندی بە سروشتی زمانی قسەکەرەکەوە هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە سەیرێکی ئەم لێکدانەوەیە بکە:

هەر زمانەی سیستەمێکی سەربەخۆیە. هەر لایەنێکی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی لە هەر زمانێکا خۆی بە جۆرێکی جیاواز دەرئەخا، بۆ نموونە ئامرازی کۆ و پێناسین لە زمانی کوردیدا ئەچنە سەر ناو. گەر ئاوەڵناوێ یا زیاتر لەگەڵ ناوەکە دەرکەوت ئەم ئامرازانە ئەچنە سەر دوا ئاوەڵناوەوە.

کوڕەکە کوڕە زیرەکە ئازای یەکە

کوڕەکان کوڕە زیرەکە ئازای یەکان

کەچی لە زمانی عەرەبییا ناو و ئاوەڵناو هەموو ئامرازی پێناسین و کۆ وەرئەگرن. لە زمانی ئینگلیزییا هەر ناوەکە ئامرازی کۆ وەرئەگرێ ئامرازی پێناسین وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەرئەکەوێ. کێ ئەتوانێ بڕیار بدات کامەیان لە هەمووان ئاسانترە. دیارە کە خاوەن هەر زمانێ ئەوە بە ئاسانتر تێ ئەگا کە ئاشنایەتی و لە زمانەکەیا هەیە و شارەزایەتی.

لەبەر ئەم هۆیانە بوو ئەسپیرانتۆ دەسکاری کرا بەو ئاواتەی ئاسانتر و سووکتر بکرێت. لە ئەنجامی ئەم دەسکارییە نیشانەی بەرکاری لابرا... ڕێکەوتن لە نێوان ناو و ئاوەڵناودا لابرا. لەگەڵ ئەمەشا گیروگرفت هەر مایەوە و هیچ لە مەسەلە بنجییەکە نەگۆڕا. چونکە مەبەست لە داهێنانی ئەم زمانە ئەوە بوو ببێ بە زمانێکی جیهانی و هەموو کەس فێری ببێ. دانەرانی ئەم زمانە کۆمەڵە زانایەکی ئەورووپی بوون زمانەکەیان لە ناو قاڵب و بەپێی مەنتیقی زمانە ئەورووپییەکانا داڕشت. سیستەم و چۆنیەتی داڕشتنی ئەم زمانانە زۆر جیاوازە لە هی زمانەکانی وەك چینی و زوولوو و مەلاوی. بۆیە ئەسپیرانتۆ چەن ئاسان بکرێ هەر زەحمەت دێتە بەرچاو قسەکەرانی ئەم زمانانە.

جگە لە مانەش هەموو ئەوانەی بەتەنگ دانان و بڵاوکردنەوەی ئەم زمانە دەسکردانە بوون و ئاواتەخواز بوون ڕۆژێ هەموو کەس لە جیهانا فێری ببێ و قسەی پێ بکا دەرکی ئەوەیان نەئەکرد کە گەر هات و ئەم پرۆژەیان سەریشی گرت

و هەموو کەس فێری بوو زۆری پێ ناچێ ئەبێتە چەن شێوەیێ و زۆری پێ ناچێ ئەبێتە چەن زمانێ. چونکە هەموو شت لەم سروشتەدا لە گۆڕیندایە و ژینگە دەور ئەگێڕێ لە چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی ئەم گۆڕینە. هەر ناوچەیەکیش لە جیهانا ژینگەی جیاوازی خۆی هەیە.

داهێنەران و لایەنگیرانی ئەم پرۆژەیە گەر ئاگاداری ئەم ڕاستییانە بان خۆیان هیلاك نەئەکرد و هەوڵیان بۆ ئەم جۆرە پرۆژە بێ ئەنجامە نەئەدا. بەداخەوە مەسەلەی داهێنانی زمانێکی دەسکردی هاوبەشی جیهانی جارێ هەر وەك خەیاڵ ئەمێنێتەوە.

ئەمەش ناو و ناوی دامەزرێنەرو ساڵی دامەزراندنی هەندێ لە زمانە دەستکردەکانە.

| ناوی زمانەکە | دامەزرێنەری | ساڵ |
|---|---|---|
| ڤولاپوك | جۆهان مارتن شلایشەر | ١٨٨٠ |
| ئەسپیرانتۆ | لودویچ لازاروس زامنهۆف | ١٨٨٧ |
| ئیدیەم نیوترەڵ | ڤ . ك . زۆزینبێرگەر | ١٩٠٢ |
| فلێکسیۆن لاتینۆ سین | گیوسپ پیانۆ | ١٩٠٣ |
| ئایدۆ | لویس کاوتورات | ١٩٠٧ |
| ئۆکیدێنتەڵ | ئیدگار ڤۆن واهڵ | ١٩٢٢ |
| نۆڤیاڵ | ئۆتۆ یێسپرسن | ١٩٢٨ |
| ئینتەر گلۆسە | لانسیلۆت هۆگبێن | ١٩٤٣ |
| ئینتەرلینگوە | دەزگای زمانی جیهانی | ١٩٥١ |
| گلۆسە | و.ئەشبی و ر. کلارك | ١٩٨١ |

## وەرگێڕان

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٣١٣ی ١٩٨٣/٩/٧

زانیاری هەموو ئەو ڕاستی و خەیاڵانەی لە مێشکی ئادەمیزادا هەیە ئەگرێتەوە. شوێنی سروشتی بۆ پاراستنی زانیاری مێشکە. (وتمان شوێنی سروشتی، چونکە گەلێ پێڕەو و ئامێری تری دەسکرد هەن بەهۆیانەوە زانیاری ئەپارێزرێت وەك نووسین، تۆمارکردنی دەنگ، کۆمپیوتەر. کە هەموو دەسکردن و تازە داهاتوون بەگوێرەی مێژووی هەبوونی ئادەمیزادە). هەموو نەستەکان (حواس) دەور ئەگێڕن لە خستنە ناو مێشکەوەی زانیاری. مەبەست لە هەستەکان (بیستن، بینین، بۆن کردن، تام کردن و پێکەتن)ە. بەشێوەیەکی گشتی زانیاری تەنیا لە ڕێی زمانەوەیە لە مێشکەوە دەرئەهێنرێ.

چۆن ئەم نەستانە دەور ئەگێڕن لە گواستنەوەی زانیاری بۆ مێشك؟

١- نەستی بیستن: زۆربەی زۆری ئەو زانیارییانەی لە مێشکی ئادەمیزادا هەن لە ڕێی نەستی بیستنەوەیە چونکە زمان سەر بەم نەستەیە لە ڕووی پێوەندی بە تێگەیشتنەوە.

هەموو دەنگێك هەر چییەکی بێ سەرچاوەکەی پەیامێکە، بۆی هەیە زانیاری بخاتە ناو مێشك. گڤەی با ئەوە ئەگەیەنێ کە ڕەشەبایە. دەنگی دەرگا لێدان یا دەرگا کردنەوە ئەوە ئەگەیەنێ کەسێ هات.

٢- نەستی بینین: ئەم نەستە دەورێکی سەرەکی ئەگێڕێ لە خستنە ناو مێشکەوەی زانیاری (بەتایبەتی دوای داهاتنی نووسین و چاپەمەنی) زۆربەی زانیاری لەم سەردەمەدا لە ڕێی خوێندنەوەوە ئەچێتە ناو مێشك. هەچ ڕووداوێك لەبەر چاومانا ڕووبدات بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێ ببیستین وەك زانیاری ئەچێتە ناو مێشك و ئەپارێزرێ و ئەتوانرێت بە زنجیرەیێکی ڕێکوپێك بگێڕدرێتەوە، ئەو زانیارییانەی زانستی فەلەك دەربارەی ئاسمان و ڕووداوەکانی هەموو

لەڕێی نەستی بینینەوە دەسکەوتوون بە چاودێری کردن چ بەچاوی ڕووت چ بە تەلیسکۆب.

٣- نەستی بۆن کردن: زۆر شت لە ڕێی بۆنەوە ئەزانرێ و ئەناسرێ و ئاشکرا ئەبێ. بۆ نموونە کە شتێ ئەسووتێ بێ بینین و بێ بیستنی هیچ دەنگێ تەنیا لە ڕێی بۆنەکەیەوە ئەزانرێ ئەوە شتێ ئەسووتێ. نەك هەر ئەمە بەڵکو بە جۆری بۆنەکەوە ئەشزانرێ چییە ئەسووتێ وەك بۆنسۆ سووتانی قوماش ئەگەیەنێ.

٤- نەستی تام کردن: لە ڕێی تام کردنیشەوە زانیاری ئەچێتە ناو مێشکەوە. بە تام کردن ئەزانرنێ خواردن کۆنە یا تازەیە. باشە یا خەراب خۆشە یا ناخۆش...

٥- نەستی پێکەتن (حاسة اللمس) گەلێ جۆر زانیاری لە ڕێی پێکەتن و دەس لێدانەوە دەسگیر ئەبێ. لە شەوێکی تاریکا بە دەست لە دیوار دان ڕێگەی خۆمان ئەزانین. یا لە تاریکیدا گەر دەس لە دیوارێ بدەیت هەر بە دەست لێدانەکە ئەزانرێ ئەم دیوارە لە خشت یا چیمەنتۆ یا دار یا بەرد دروست کراوە... هەروا بە دەست لە شتێ دان ئەزانرێ ئەو شتە ئاسن بێ دار بێ. ڕەق بێ نەرم بێ. لووس بێ. دڕ بێ. بەنرخ بێ. زانینی ساردی و گەرمی هەر شتێ لەڕێی ئەم نەستەوەیەیە.

گەلێ نموونەی تر ئەتوانرێ بخرێتە ڕوو بۆ هەر یەکە لەم نەستانە کە دەور ئەگێڕن لە خستنە ناو مێشکەوەی زانیاری.

(هەچ زانیارییێك بکەوێتە ناو مێشکەوە بێ بەشداربوونی ئەم پێنج نەستەی باس کرا گوایا لە ڕێی نەستێکەوەیە کە بەنەستی شەشەم ناوئەبرێت. تاکو ئێستا زانست شتێکی بێ گومانی دەربارەی ئەم نەستە پێشکێش نەکردووە بۆیە جارێ هەر بە خەیاڵی تێ ئەگەین).

ئەم نەستانە هەریەکە سیستەمێکە زانیاریی پێ ئەگوێزرێتەوە. هەچ زانیارییەك لە قاڵبی سیستەمێکا بێ بخرێتە ناو قاڵبی سیستەمێکی تر بە وەرگێڕان لەقەڵەم ئەدرێ. ئەمە پێناسینی درشتی وەرگێڕانە بۆ نموونە کە یاری تۆپێن بە ڕادیۆ

ئـەگـوێزرێتـەوە کـابـرای پـەخشەر ئـەوەی بـەچـاو ئـەیـبـیـنـێ وەك زانـیـاری ئـەچێتـە مێشکییەوە. یەکسەر وەری ئەگێڕێت و ئەیکا بە قسە و گوێگر ئەیبیستێ. واتا: زانیاری لە سیستەمی بینینەوە وەرگێڕایە سەر سیستەمی بیستن.

هەر سیستەمێك زانیاریی پێ بگوێزرێتەوە بە سیستەمی لێك گەیشتنە. هەر زمانەش سیستەمێکی سەربەخۆیە بۆ لێك گەیشتن و پاراستنی زانیاری. بەم جۆرە هەر زانیارییەك لە قالبی زمانێکا بێ بخرێتە قالبی زمانێکی تر بەر چەمکی وەرگێڕان ئەکەوێ.

وەرگێڕان دەورێکی بالای بینیوە لە پێشخستن و پەرەپێدانی زانیاری و زانست و پـێوەنـدیـی مـرۆڤـایـەتی چونکـە بـەهـۆیـەوە تـەجـرەبـە و دەسکـەوت و بـیـروبـاوەڕی میللەتە جیاوازەکان بەیەك ئەناسرێت و لێك موتربە ئەکرێت.

وەرگێڕان هونەرە. ئەو کەسەی دەس لەم کارە ئەدات ئەبێ جگە لەوەی شارەزایی تەواوی ئەو زمانانەی هەبێ کە لێیەوە بۆی وەرئەگێڕێ. چەن مەرج و پەیڕەوێ هەن ئەبێ ڕەچاویان کات و بیانگرێتە بەر. گرنگترینیان ئەوەیە وەرگێڕ ئەبێ شارەزای تەواوی ئەو بابەتەی هەبێ کە وەری ئەگێڕێ. چونکە هەر بابەتەی زمان و فەرهەنگ و زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە. زاراوەیێ لە فەرهەنگی زانستی زمانا چەمکێکی تایبەتی ئەگەیەنێ. هەمان زاراوە لەوانەیە لە فەرهەنگی جیۆلۆجیشدا بەرچاو بکەوێ. کەچی مانا و چەمکێکی تر ئەگەیەنێ. (هەزارەها زاراوەی هاوبەش لە نێوان لقە جیاوازەکانی زانستا بەرچاو ئەکەون). یا هەر بابەتەی چەن قوتابخانەیێکی جیاوازی هەیە بۆ شیکردنەوە. هەر یەکەش زاراوەکان بە مەبەست و چەمکێکی تایبەتی بەکار ئەهێنێ جیا لەوانی تر. گەر وەرگێڕ شارەزای ئەو قوتابخانە و جۆر و سروشتی کێشەی نێوانیان نەبێ لە گەلێ شت حاڵی نابێ و کارەکەی کەموکوڕیی ئەکەوێتێ.

وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گەلێ جۆری هەیە باوترینیان ئەمانەن:

١- وەرگێڕانی لێکدانەوەیی (الترجمة التفسيرية) لەم جۆرە وەرگێڕانەدا تێکستێ لە زمانێکەوە ئەخرێتە سەر زمانێکی تر بەشێوەیێکی فراوان بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی بە دەربڕینێکی سووك و ڕەوان و بێ گرێ.

ئەم جۆرە وەرگێڕانە ئەشێ لە هەمان زمانەوە بۆ سەر هەمان زمان بێ. وەك تێکستێکی کۆن، یا ئاڵۆز و زەحمەت بە هەمان زمان ڕوون بکرێتەوە و لایەنە شاراوەکانی بخرێتە دەر. تەفسیری قورئان بە عەرەبی بەر ئەم جۆرە وەرگێڕانە ئەکەوێ. لێکدانەوەی شیعرێکی نالی، خانی، مەولەوی، جەزیری، بە زمانی کوردی نموونەی تری ئەم جۆرە وەرگێڕانەن.

٢- وەرگێڕان بە خەستکردنەوە (الترجمة التلخيصية) لەم جۆرە وەرگێڕانەدا شیلەی یا گەوهەری باسەکە بە خەستی ئەخرێتە سەر زمانێکی تر. هەچ بەشێکی تێکستەکە کار لە مەبەست و مانا گشتییەکە نەکات لائەبرێ. ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و ڤیکتۆر هۆگۆ و گەلێ لە نووسەرە مەزنەکانی جیهان بەم جۆرە وەرگێڕانەدا خراونەتە سەر گەلێ زمانانی تر.

٣- وەرگێڕان بە خورپەوە (ئیلهامەوە) لەم جۆرە وەرگێڕانە وەرگێڕ دوای خوێندنەوەی شیعرێ یا چیرۆکێ یا باسێ شتی تازەی دێتە خەیاڵ. پارچە شیعرەکە یا چیرۆکەکە یا باسەکە وەرئەگێڕێتە سەر زمانێکی تر بەتێهەڵکێش کردن و خستنەسەری ئەو ڕا و ئەندێشە و خەیاڵەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی تێکستەکە بۆی دێت. بۆ نموونە هەڵبەستی a skylark کە هی شاعیری بەناوبانگی سەدەی نۆزدەمی ئینگلیز شیلییە، بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ شاعیری مەزنی کورد (گۆران) بۆ دانانی شیعرەکەی »بۆ بولبول« کە بریتییە لەوەی لە شیعرەکەی شیلی و ئەو ئەندێشە تازەیەی بۆ گۆران هاتووە لە ئەنجامی خوێندنەوەی شیعرەکەدا. (سەیری دیوانی گۆران چاپی ١٩٨٠ بەغدا ل ١٠٣ بکە).

٤- وەرگێڕانی یەکسەری یا ڕاستەوخۆیی (الترجمة الفورية) لەم جۆرە وەرگێڕانە کابرایێ بە زمانێ قسە ئەکات وەرگێڕ یەکسەر هەر بە قسە چی ئەبیستێ ئەیخاتە سەر زمانێکی تر بۆ ئەوەی گوێگران یا ئامادەبووان کە زمانی قسەکەرەکە نازانن لێی بگەن. ئەم جۆرە لە بواری دبلۆماسیدا زۆر باوە.

٥- وەرگێڕانی شیعری: (الترجمة العروضية) هەر زمانەی تایبەتییەتی خۆی هەیە لە چۆنیەتی داڕشتنی شیعر و قاڵبەکانیدا. وەرگێڕانی پارچە شیعرێ لە

زمـانـێکـەوە بـۆ سەر زمـانـێکـی تـر دوو ئـەرك ئـەنـوێنـێ، یـەکـەم گـواستـنـەوەی واتاکە، دووەم کردنی بە شیعر. لەم حاڵەتەدا وەرگێڕەکە ئەبێ شاعیر بێ و شارەزای کێش و قافیەی ئەو زمانە بێ کە شیعرەکەی وەرئەگێڕێتە سەر. وەك نموونە بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە و نموونەی قسەی جوان. ئەم پارچە شیعرەی شاعیری مەزنی تورك (نازم حیکمەت) تان پێشکێش ئەکەم کە لە لایەن مامۆستا کاکەی فەلاحەوە هەر بە شیعر خراوەتە سەر زمانی کوردی:

*جوانترین دەریا... ئەو دەریایەیە*
*کە تاکو ئیستا مەلەی نەدیوە*
*جوانترین ساوا... ئەو ساوایەیە*
*لێوی گەورەیی پێنەکەنیوە*
*خۆشترین ڕۆژمان ئەو ڕۆژەیە وا*
*بەژینی ئێمە ڕانەچەنیوە*
*جوانترین وشەش کە بە تۆی بڵێم*
*ئەوەیە لە دەم هەڵنەوەریوە*

## مۆڕفیم و جۆره ئەفێکسێکی تری باس نەکراو

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٤٥٠٦ی ٣١/ ١٠/ ١٩٩٠

نەبوونی پێوانەیێکی بێ کەلەبەری سیمانتیکی یا فۆنۆلۆجی بۆ دەستنیشانکردنی چەمکی وشه وای کرد وشه نەشێ پێ بناسرێ و بکرێ بە بناغە بۆ شیکردنەوەی زمان، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زانایانی زمان ڕوو لە وشە وەرگێڕن و هەوڵ بدەن شتێکی گونجاوتر بۆ ئەم مەبەستە بدۆزنەوە. مۆڕفیم یەکێ بوو لەو (جیاتی) یانە (بدیل).

مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ یا زیاتر پێك دێت، دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە. بە گۆڕین یا لابردنی هەر فۆنیمێکی یا بە لەت لەت کردنی، مانا و دەورەکەی تیا ئەچێ. واتا مۆڕفیم سێ ڕووی هەیە:

١- قالبێکی فیزیاویی هەیە - کە فۆنیمەکانییەتی.

٢- واتایەکی هەیە.

٣- دەورێك لە ڕێزمانا ئەبینێ.

بۆ نموونە ڕیزە دەنگی (مانگ) لە زمانی کوردییدا یەك مۆڕفیمە چونکە:

١- قالبێکی فیزیاویی هەیە کە دەنگەکانییەتی (م - ا - ن - گ) ئەوەیە کە لە قسەکردنا ئەبیسترێ.

٢- واتایێکی هەیە. (ئەو تەنە ئاسمانییە کە..بەدەوری ئەرزا ئەسووڕێتەوە.)

٣- دەوری هەیە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا، ئەتوانێ لە ئاستی سینتاکسیدا وەك (بکەر) یا (بەرکار)ی ڕستە دەرکەوێ.

مانگ هەڵات

من مانگ ئەبینم

بە لابردنی هەچ فۆنیمێکی یا بە لەت لەت کردنی، قالب و واتا و دەورە بنجییەکەی تیا ئەچێ. (م - انگ)، (ما - نگ)، (مان - گ)، (م - ان - گ) هیچ

مانا و دەورێکیان لە زمانی کوردیدا بۆ نادۆزرێتەوە پێوەندیی بە مانا و دەورە ئەسڵییەکەوە هەبێ بۆیە (مانگ) یەك دانەی ساغە لەم زمانەدا و یەك مۆڕفیمە.

پەیابوونی مانا بۆ هەندێ لە لەتەکانی مۆرفیم پێوەندیی بە واتا ئەسڵییەکەیەوە نابێ و، ڕێکەوتە. بۆ نموونە لە ئەنجامی ئەو لەت لەت کردنانەی مۆڕفیمی (مانگ) وەك لەسەرەوە پێشکێش کرا ئەم دوو لەتە (مان) و (ان) مانا و دەوریان لە زمانی کوردییا هەیە (مان – چاوگە) و (ان – ئامرازی کۆیە). بەڵام دیارە هیچ پێوەندییەکیان بە مانای مانگەوە نییە.

مۆڕفیم لە چەند ڕوویەکەوە دابەش ئەکرێت

**١– مۆڕفیم (ئازاد)ە یا (بەند).**

مۆڕفیمی ئازاد ئەوەیە کە بەتەنیا وەك دانەیێکی سەربەخۆ وەك وشەیەك دەرئەکەوێ وەك (کچ – منداڵ – چیا)

مۆڕفیمی بەند ئەوەیە کە هەرگیز وەك دانەیێکی سەربەخۆ دەرناکەوێ و ئەبێ لەگەڵ مۆڕفیمێکی تر دەرکەوێ وەك (ەکە – هەڵ – نە– ان).

**٢– مۆڕفیم (ڕەگ)ە یا لکاو (ئەفێکس).**

ڕەگ ئەو بەشەی وشەیە کە ئەمێنێتەوە دوای لابردنی هەموو ئەفێکسەکان (پاشگر و پێشگر و ناوگر). جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆر مۆڕفیمە لەیەك بەتەواوی کارێکی ئاڵۆزە. بەشێوەیێکی گشتی ڕەگ (ناوکی) وشە پێك ئەهێنێ، ئەفیکس ئەکەوێتە ڕیزی دووەمەوە و سەر بە ڕەگن، ڕەگ لە ئەفێکس درێژترە ، بە ژمارە زۆرترە. لە هەر زمانێکا ژمارەی ئەفێکسەکان سنووردارە (داخراوە) واتا ڕێگە نادات هی تر بچێتە ناویانەوە، گۆڕینی ژمارەیان بەندە بە گۆڕینی سیستەمی (ڕێزمانیی) زمانەکە. بۆ نموونە ڕاناوەکانی هەیی لە زمانی کوردیدا ئەم شەشەن (م – ت – ی – مان – تان – یان) کۆمەڵێکی داخراوە ڕێگە نادەن بەهی تر بێتە ناویانەوە و هەر ئەمانەن لای هەموو قسەکەرێکی ئەم شێوەزارەی زمانی کوردی کەچی مۆڕفیمی ڕەگ سنووری بۆ نییە و دەرگای بۆ کراوەتەوە هەمیشە هی تازەی بێتە ناو. ژمارەکەی بەردەوام لە گۆڕیندایە بە نەمان و پەیابوونی هی تر.

ئەفێکس چوار جۆرە.

١- پێشگر: ئەو ئەفێکسەیە کە لەپێش ڕەگەوە دەرئەکەوێ وەك (هەڵ- ڕا- دە-)

٢- پاشگر: ئەو ئەفێکسەیە کە لە دوای ڕەگدا دەرئەکەوێ وەك (- ان -ەوە -ن - ی).

٣- ناوگر: ئەو ئەفێکسەیە کە لە ناو ڕەگدا دەرئەکەوێ (لە زمانی کوردییا ئەم جۆرە ئەفێکسە نییە. ئەو نموونانەی هەندێ لە ڕێزمانەوانان خستوویانەتە بەرچاو و وای لەقەڵەم ئەدەن کە گوایە ناوگرن بەر پێناسینی ناوگر ناکەون دەرکەوتنی ئەو دەنگانە لەو نموونانەی کە هێناویانەتەوە هەندێکیان ئەخرێنە پاڵ هۆی فۆنۆلۆجی و هەندێکیش بەشێکی بنجیی وشەکە خۆیانن...).

پێوانە بۆ ناوگر ئەمانەن:

١- ڕەگ بسمێ - واتا بچێتە ناو ڕەگەکەوە.

٢- بەرهەمدار بێ، بچێتە سەر ژمارەیەکی زۆر ڕەگی جیاواز جیاواز و هەمان دەور بگێڕێ، نەك تاکە وشەیێك.

٤- دوو لاگر: ئەو مۆرفیمەیە کە دەچێتە سەر وشەیێ دەبێ بە دوو لەت. لەتی یەکەم لە پێش وشەکە و لەتی دووەم دوای وشەکە دەردەکەێ. لە زمانی کوردیدا ڕاناوی هێمای دوور و نزیك (ئەمە - ئەوە) لەم جۆرەن.

ئەمە - ئەم (درەخت) ـە

ئەوە - ئەو (منداڵ) ـە

٣- مۆرفیم (وشەداڕێژ)ە یا (ڕێزمانی)یە.

مۆڕفیمی مۆڕفۆلۆجی ئەوەیە کە ئەچێتە سەر مۆڕفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ... وەك (هەڵ-، ڕا-، دا-، تێ) لە (هەڵگرتن، ڕاگرتن، داگرتن و تێ گرتن)دا.

مۆرفیمی ڕێزمانی ئەوەیە کە ئەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پێوەندی نێوان

وشەکان لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا، بۆ نموونە ئەو ڕاناوە لکاوانەی لەگەڵ کار دەرئەکەون لە زمانی کوردیدا هەموو مۆرفیمی ڕێزمانین چونکە پێوەندی نێوان بکەر و کار لە ڕستەدا دەرئەبڕن.

من نووست – م

ئێمە نووست – ین

لە ڕستەی (کچە جوانە زیرەکەکە هات) (ە)ی (کچە) و (جوانە) مۆرفیمێکی ڕێزمانییە چونکە دەوری لەیەکدانی (ناو) و (ئاوەڵناو)ی بینی لەم ڕستەیەدا کە دەورێکی ڕێزمانییە.

لەم خشتەیەدا مۆرفیم و جۆرەکانی خراونەتە ڕوو:

| مۆرفیم | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەند | | | ئازاد | |
| ڕەگ | پێشگر – پاشگر – ناوگر – دوولاگر | | کراوە | داخراو |
| نێر | ڕێزمانی | مۆڕفۆلۆجی | دەرگا | لە |
| شۆ | دە – | هەڵ – | ئازاد | چۆن |
| خەو | بـ – | دا – | هەنار | کە |
| کە | – ـە | وەر – | جوان | بۆ |
| چـ | – ین | – ن | کرێکار | هێشتا |
| نووس | – مان | –ەوە | ژیان | گەی |
| خوێن | | –ی | بەرز | بۆ |

لە زمانی کوردیدا جۆرە ئیفکسێك هەیە کە لە بواری زمانەوانیدا ناوی نەهاتووە و باس نەکراوە. ئەم جۆرەیان کە هەر بە پاشگر دانراوە کەچی لە زۆر باردا وەك پێشگریش ڕەفتار دەکات و بە پێشەوەی ڕەگەوە دەلکێ.

من چاند – م

تۆ چاند – ت

ئەو چاند – ی

ئێمە چاند – مان

ئێوە چاند – تان

ئەوان چاند – یان

(م – ت – ی – مان – تان – یان) وەك پاشگر بە رەگی کارەوە لکاون. بە دەرکەوتنی هەر پێشگرێك چ ڕێزمانی Inflectional چ داڕێژی Derivational راناوەکان بە پێشەوەی رەگی کارەکەوە دەلکێن.

گرت – م/ هەڵ –م – گرت / دە – م – گرت

گرت – ت / هەڵ – ت – گرت / دە – ت – گرت

گرت – ت / هەڵ – ی – گرت / من دە – ی – گرت

گرت – مان / هەڵ – مان – گرت / من دە – مان – گرت

گرت – تان / هەڵ – تان – گرت / من دە – تان – گرت

گرت – یان / هەڵ – یان – گرت/ دە – یان – گرت

بۆ ئەم جۆرە ئەفێکسە من زاراوەی (جووتگر) Doublefix پێشنیار دەکەم.

هەندێ مۆرفیم لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایا دەرئەکەون قاڵب شێوەی جیاواز ئەگرنە خۆ... بەم شێوە جیاوازانە ئەوترێ (مۆرف). بۆ نموونە ئامرازی پێناسین لە زمانی کوردیدا بەم قاڵبانە خۆی پیشان ئەدا.

(ەکە) کوڕ – کوڕەکە

(کە) مامۆستا – کە مامۆستاکە

(ەك) کوڕ –ەك – ان کوڕەکان

(ك) مامۆستا–ك–ان مامۆستاکان

(ەکە– کە– ەك– ك) هەر یەکە مۆڕفێکە هەموو (ئەلەمۆرف)ی یەکترن

جیاوازیی نێوانیان ئەنجامی کارتێکردنی ئەو ژینگە جیاوازانەیە کە تیایاندا دەرکەوتووە.

**مۆرفیم و وشە**

وشە لە زمانی کوردیدا لە مۆرفیمێ یا زیاتر پێك دێت (کەم وشەی تێدا بەرچاو ئەکەوێ لە چوار مۆرفیم زیاتر بێت).

١- وشەی یەك مۆرفیمی (دڵ، ئارەزوو، گەلاوێژ، سروود).

٢- وشەی دوو مۆرفیمی (باڵدار، بێ کەس، ئازادی، کوردستان.).

٣- وشەی سێ مۆرفیمی (دڵخۆشی - ناچن).

٤- وشەی چوار مۆرفیمی (دەخەوێتەوە - ڕادەپەڕم)

٥- وشەی پێنج مۆرفیمی (هەڵ- ی- دە- گر- م/ ڕا-یان-دە- سپێر-ین...).

**مۆرفیم و بڕگە**

مۆرفیم و بڕگە دوو شتی جیان. مۆرفیم سەر بە لایەنی (واتادار)ی زمانە (سیمانتیك). بڕگە قاڵب و دارِشتنە سەر بە لایەنی بێ واتای زمانە (فۆنۆلۆجی).

لە ناو چوارچێوەی بڕگەدا فۆنیمەکان لەیەك ئەدرێن، مۆرفیم پێك ئەهێنن مۆرفم لە فۆنیمێك یا زیاتر پێك دێت. پێوەندیی نێوان مۆرفیم و بڕگە لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە.

١- دوو مۆرفیم ئەشێ لە بڕگەیەکدا دەرکەون وەك (خۆ-ت)، (لا-ی)، (بۆ-م).

٢- سێ مۆرفیم ئەشێ لەبڕگەیەکدا دەرکەوێ (چوو = چـ + وو + کەسی سێیەمی تاك).

٣- مۆرفیم هەیە لە بڕگەیەك پێك دێت وەك (مانگ)، (سەوز)، (دەشت)، (ماست).

٤- مۆرفیم هەیە لە دوو بڕگە پێك دێت وەك (بەهار)، (ئاسۆ)، (سروود)، (جیهان).

٥- مۆرفیم هەیە لە سێ بڕگە پێك دێت وەك (گەلاوێژ)، (ئارەزوو)، (ئەستێرە)...

# ئەم هەموو زمانە بۆ؟

ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ٧٨٨ی ١٩٨٥/٥/١

بۆ ئەم هەموو زمانە جیاوازانە هەن؟ بۆ تاکە زمانێ نەبووە و نییە بۆ گشت مرۆڤ هەمووی!؟ گەلێ لە مێژە ئەم دیاردەیە سەرنجی ڕاکێشاوە و بیری مرۆڤی خەریك کردووە. دەنگدانەوەی ئەم مەسەلەیە لە ئاین و ئەفسانەکاندا بەڵگەی بایەخ پێدان و بیر خەریك بوونە پێی.

هەزار ساڵ پێش زاین تەورات لە بارەی ئەم دیاردەیەوە ئەم چیرۆکە ئەگێڕێتەوە، هۆی هەبوونی ئەم هەموو زمانانە دەرئەخا و ئەڵێ... (سەردەمێك مرۆڤ هەموو یەك زمانیان هەبوو... گەیشتبوونە لووتکەی شارستانییەت هیچ شتێ نەمابوو بیری لێ نەکەنەوەو نەیگەنێ. تاکە شتێ نەبێ ئەویش ئەوە بوو بگەنە لای خوا. بۆ ئەم مەبەستە بڕیاریان دا تەلارێکی یەکجار بەرز دروست بکەن تا بیگەنێ. خواش بۆ ئەوەی ئەم پلانەیان لێ تێکدا نەتوانن ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکەن زمانی شێواندن. هەرکەس بەجۆرێ قسەی کرد. ئیتر لەیەك نەگەیشتن ئەنجام نەیانتوانی پڕۆژەکەیان جێبەجێ بکەن).

تا سەدەی هەژدەم هیچ لێکدانەوەیێکی زانستی بۆ ئەم دیاردەیە نەبوو. لە ساڵی ١٧٨٦دا زمانەوانی بەریتانی (سێر ولیەم جۆنس) وتارێکی بڵاوکردەوە بەهۆیەوە نهێنیی ئەم دیاردەیەی ئاشکرا کرد، ئەم زمانەوانە شارەزاییەکی تەواوی زمانی گریکی و لاتینی هەبوو. لە هیندا ژیا و فێری زمانی سەنسەکریتی بوو. بینی ئەم سێ زمانانە (واتا گریکی و لاتینی و سەنسەکریتی) زۆر لێك دەکەن لە ڕووی داڕشتنی وشەکانیان و ڕێزمانیانەوە. وابوو لە ساڵی ١٧٨٦دا ئەم لێکدانەوەیەی بڵاوکردەوە.

*(وەك زانراوە لاتینی و گریکی لەیەك ئەکەن چونکە لە ڕووی جوغرافییەوە گەلێ لە مێژە دراوسێن و کاریان لەیەك کردووە. ئەی زمانی سەنسەکریتی کە هەزاران میل لێیانەوە دوورە ئەم لەیەکچوونەی چۆن پەیا کرد؟ بەهیچ جۆر ناشێ ئەم*


*دیاردەیە بخرێتە پاڵ ڕێکەوت، هەبێ و نەبێ ئەم سێ زمانانە لەیەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون).*

زمانەوانان لە ژێرتیشکی ئەم بۆچوونە کەوتنە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی زمانەکان. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم (واتا بۆ زیاتر لە ١٢٥ ساڵ) مەیدانی زمانەوانیی داگیر کردبوو... گەلێ پەیڕەوو تەکنیکی تایبەتی دانرا بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی جۆری پێوەندیی نێوان زمانەکان. ئەنجامەکەی ئەوە بوو سەدەها زمان کە هیچ شتێ لە بارەی نەژاد و پێوەندیی مێژووییانەوە نەئەزانرا شوێن و جۆری پێوەندیی مێژوویییان لەگەڵ یەکتردا بەتەواوی دەستنیشان کرا.


ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە سەردەمێکا باو بوو کە نەزەرییەی پەرەسەندنی داروین (١٨٠٩–١٨٨١) کاری لە هەموو لقەکانی زانست ئەکرد. زانستی زمانیش لەم کارتێکردنە بەدەر نەبوو. لە ئەنجاما ئەم ڕاستییە سەری هەڵدا (چەمکی گۆڕینە هۆی هەبوونی ئەم هەموو زمانانە).

گۆڕین یاسایێکی ئەزەلی ئەم سروشتەیە. باری ئێستەی هەر شتێ جیایە لە هی هەر سەردەمێکی تری. (ژینگە) دەورێکی باڵا لە ئاراستەکردنی شێوەی گۆڕینەکە ئەگێڕێ. گەر سیستەمێ بە ژینگەیێك ئابلۆقە درابێ ئەم سیستەمە ئەگۆڕێ. ئەم گۆڕینە هەموو لایەنێکی ئەگرێتەوە و دوای ماوەیێك ئەبێ بە سیستەمێکی تر. بەڵام ئەگەر هات و خرایە دوو ژینگەی جیاوازەوە ئەم جارە گۆڕینەکە لە هەر یەکەیاندا بە جۆرێ ئەبێ بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایاندا دانراوە. دوای ماوەیەك ئەبێ بە دوو سیستەمی جیاواز.


زمانیش وەك دیاردەیێکی سروشتی لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە. ئەگۆڕێ بە تێپەڕینی کات. باری جوغرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلچەری و پێوەندیی لەگەڵ زمانانی تر دەور ئەگێڕن لە چۆنیەتی شێوە گرتنی ئەم گۆڕینە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە گریمان کۆمەڵە خەڵکێك لە ناوچەیەکدا ئەژیان بە زمانی (ز) ئەدوان.





بە تێپەڕینی کات ئەم زمانە ئەگۆڕێ. ئەگەر قسەکەرەکان هەموو بەیەکەوە مانەوە و پێوەندی جوغرافی و کۆمەڵایەتی نێوانیان نەپچڕا ئەو گۆڕینە لە هەموو بەشەکانیدا هەمان شێوە ئەگرێتە خۆ چونکە بەهەمان ژینگە ئابلۆقە دراوە... بەڵام ئەگەر هات و خەڵکەکە لەیەك دابڕان و بوون بە چەند کۆمەڵێ چ لە ئەنجامی بارکردن چ لە ئەنجامی پەیابوونی سنوورێکی سروشتی یا دەستکرد لە نێوانیانا پێوەندیی نێوانیان دەپچڕێ.





دوای جیابوونەوەیان هەریەکە ئەکەوێتە ژینگە تازەی خۆی. زمانەکە ئەگۆڕێ بەڵام چونکە ئەم جارە بەشەکانی بەیەکەوە نین و هەر بەشەی کەوتۆتە ژینگەیێکی تایبەتیی خۆیەوە گۆڕینەکە لە هەر بەشێکا شێوەیێکی جیاواز لەوانی تر ئەگرێتە خۆ... پاش ماوەیێك ئەبن بە چەن شێوەزارێ.



چەند زیاتری بەسەرا تێپەڕێ جیاوازی نێوانیان زۆرتر ئەبێ تا ئەگاتە ڕادەیێك ئیتر لەیەك ناگەن. بەم جۆرە زمانی (ز) دوای ماوەیێك (بە سەدان و هەزاران ساڵ) ئەبێ بە چەند زمانێ.




ئەو زمانە نوێیانە دیسان بەهەمان ڕێڕەو تێئەپەڕنەوە و بەهەمان جۆر هەریەکە ئەبنە چەن زمانێکی تر و بەم جۆرە.





گەر دوو زمان سەر بەهەمان بنەماڵەبن ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەم دوو زمانە بەو جۆرەی باس کرا لە یەك سەرچاوە هاتوونەتە خوارەوە.


بەپێی ئەم پێوەندییانە زمانەکانی جیهان هەموو دابەش کراونەتە سەر چەند بنەماڵەیێك ئایا ئەم بنەماڵانەش لە چەن قۆناغێکی ژوورتردا ئەگەنەوە یەك...؟

ئـەمـە تـا ئـیستـا ساغ نـەبۆتـەوە... گـەر ساغ بـێتـەوە گرێیـەکـی یـەکجـار ئـاڵۆز لـە نهێنییەکانی ژیانمان بۆ ئەکرێتەوە...

کە زمـانـێ ئـەبـێ بـەچـەند شێوەیێ و ئـەم شێوانـە ئـەبن بـە زمـان نـاشـێ هـیـچ شێوەیەك لـەمـانـە بـە ڕەسـەنـتـر یـا بـاشـتـر یـاڕێکـتـر یـا تـەواوتـر لـەوەکـانـی تـر لـەقـەڵـەم بـدرێ... پێوەندیی نێوان ئەو شێوە زارانە و زمانانەی لە نژادێکەوە دێنە خوار وەك پێوەندی نێوان ئەو شانانە (خلیە) وایە کە لە شانەیەکەوە بە جیابوونەوە زیاد ئەبن.




بـە هـیـچ جـۆر نـاشـێ بـووترێ هـیـچ یـەك لـەم خـانـانـە لـەوانـی تـر ڕەسـەنـتـرو بـاشـتـرە پێوەندیی نێوان ئەم چوار شانەیە و دایکەکە هەمان پێوەندییە... کە زمان ئەبێ بـەچـەنـد شێوەیـێ هـەر شێوەیـەی لـەوانـەیـە سیمـایـەکـی زمـانـی دایـکـەکـە بپـارێزێ لەوانی تر نەمێنێ... بۆ نموونە:



ئەم زمانە چوار سیمای هەیە (D. C. B. A) بوو بە چوار شێوە لە شێوەی یەکەمدا (A) پارێزراو ئەوانی تر نەماون. لە شێوەی دووەمدا (B) پارێزراو ئەوانی تر نەماون لە شێوەی سێیەمدا (C) پارێزراو ئەوانی تر نەماون لە شێوەی چوارەمدا (D) پارێزراو ئەوانی تر نەماون... بە چ لۆژیکێ دەشێ بوترێ کام یەك لەم شێوەزارانە لە وانیتر ڕەسەنترە؟

لە زمانی کوردیدا نموونەیەك ئەهێنمەوە لەم بارەیەوە... هەندێ وای لەقەڵەم ئەدەن کە گوایە کرمانجیی ژووروو لە خواروو ڕەسەنترە چونکە لە کرمانجی ژوورووودا (د)ی ئامرازی هەمیشەیی پارێزراوە... (دخۆم- دکەم- دنڤم... هتد) گەر توانەوەی (د)ی ئامرازی هەمیشەیی وای کردبێ کرمانجی ژووروو ڕەسەنتر بێ ئەی چی ئەڵێن دەربارەی توانەوەی (د)ی چاوگی لە کرمانجی ژوورووودا ( کردن بۆتە کرن) (مردن بۆتە مرن) (خواردن بۆتە خوارن)... هتد.

هەردوو شێوە بەقەد یەك ڕەسەنن و هەمان پایەیان لە ناو چوارچێوەی زمانی کوردیدا هەیە.

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چۆنیەتیی بیرکردنەوەی مێشك (العملیة العقلیة) و کارکردن و داڕشتنی زمانا هەیە. هەموو شێوە و زمانانی جیهان هەمان ئەرك بەهەمان پەیڕەو بەجێ ئەهێنن ئەویش گواستنەوەی ئەو بیر و خەیاڵانەی لە مێشکا پارێزراوە بۆ بەرامبەر بەهۆی ئەو دەنگانەی بە ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست ئەکرێن... بۆیە ئەبێ هەموو زمانانی جیهان هەمان بناغەیان هەبێ و هاوپلەبن.

زمانەکانی جیهان هەموو چ ئەوانەی ژمارەی قسەکەرانیان لە سەد ڕەت نابێ چ ئەوانەی گەیشتۆتە ملیار. چ ئەوانەی قسەکەرەکانیان گەیشتوونەتە لووتکەی شارستانییەت چ ئەوانەی هێشتا لە جەنگڵەدان... ئەم زمانانە هەموو بەهەمان پلەی پەرەسەندن و بەقەد یەك ئاڵۆزن.

ئەو جیاوازییانەی لە نێوانیاندا بەدی ئەکرێن دیوی دەرەوەی زمان ئەگرێتەوە وەك جیاوازی نێوان خەڵك وایە سەروسیمایان جیایە بەڵام لە ڕووی بایۆلۆجییەوە هەموو دەقاودەق وەك یەکن هیچ جیاوازییەك لە نێوانیانا

دەستنیشان ناکرێت.

هیچ زمانێ لە هیچ زمانێکی تر پەرەسەندووتر و پێشکەوتووتر نییە... ئەو پەیوەندییە هەرەمییەی لە نێوان سادەترین کەرەسەکانی زمان (کە تاکە دەنگەکانیەتی) و ئاڵۆزترین دانەی زمان (کە ڕستەیە) لە هەموو زمانانی جیهان وەك یەکە.

هەموو زمانێك ژمارەیەکی سنووردار شێوە دەنگی هەیە. بەپێی یاسای تایبەتی بەزمانەکەوە بەپێی ئەو نرخانەی ئەو تاکە دەنگانە لە ناو چوارچێوەی زمانەکەدا پێشانی ئەدەن فۆنیمەکانی زمانەکە دەستنیشان ئەکرێ... لە هەموو زمانێکا لە ناو چوارچێوەی قاڵبێ برگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لەیەك ئەدرێن و برگەی فۆنۆلۆجی پێك ئەهێنن... لە هەموو زمانێکا لە ناو قاڵبی برگەی فۆنۆلۆجی بە فۆنیمێ یا زیاتر مۆرفیم پێك دێت. بە مۆرفیمێ یا زیاتر وشە پێك دێت بە وشەیێ یا زیاتر فریزێك پێك دێت. چەن فریزێکیش ڕستە پێك ئەهێنن.

دەوڵەمەندی و هەژاری لە ڕووی فەرهەنگەوە پێوەندیی بەپەرەسەندنەوە نییە. دەرگای هەموو زمانێ کراوەتەوە ژمارەیەکی بێ دوایی وشەی بێتە ناو... کەی شتێکی تازە لە کۆمەڵێکا پەیا بوو چ (ماددی) چ (مەعنەوی) ئەوە ناوی لێ ئەنرێ چ بە وەرگرتن چ بە داڕشتن. ئەم وشەیە ئەبێ بە بەشێکی فەرهەنگی ئەو زمانە و بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی دائەتەشرێ و شێوەی تایبەتیی زمانەکەی لێ ئەنیشێ.

قسەکەری هەموو شێوەیە زمانێ ئەتوانێ ژمارەیێکی بێ دوایی ڕستە تێبگا و بڵێ و هەمیشە شتی تازەی پێشتر نەبیستراو و نەزانراو دەربڕێ و تێ بگا هەر بەو وشانەی لە فەرهەنگی مێشکیدا هەیە...

هەچ منالێ سەر بە هەچ کۆمەڵ و ڕەگەز و شارستانییەتێك بێ، زمانی ئەو کۆمەڵە بە تەواوی وەرئەگرێ کە تیایا پەروەردە ئەبێ. دەیەها بەڵگەی تری لەم بابەتە ئەشێ بخرێتە ڕوو ئەیسەلمێنن کە زمانی مرۆڤی هەموو بەشێوەکانیشیانەوە هاوپلەو پایەن.

## کەسی سێیەمی تاک

لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژ ٢٨٦١ی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٨

ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکی ڕێکەوتن کە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی کاتی داهاتوودا دەرئەکەوێ چوار مۆڕفی هەیە. واتا بە چوار شێوەی جیا خۆی لە سیمادا دەرئەخات کە ئەمانەن:

ئەو دەخوێنێت – **ێت**

ئەو دەنووسێ – **ێ**

ئەو دەکات – **ات**

ئەو نان دەخوا – **ا**

(ێت – ێ – ات – ا ) ئەلەمۆڕفی یێکترن. ناشێ هیچ کامێکیان بکرێ بە دانەی سەرەکی. هەر چواریان سیمای جیای هەمان مۆڕفیمن. هەر یەکە (مۆڕف)ێکە دەرکەوتنی هەر یەکە بەو شێوەیەی، ئەنجامی ئەو ژینگە جیاوازەیە کە تیایدا دەرکەوتووە. ئەو یاسایانەی سیماکانی ئەم ڕاناوە دەستنیشان ئەکەن ئەمانەن:

یەکەم: ئەگەر ڕەگی داهاتووی کارەکە بە (ۆ) یا (ـە) کۆتایی هاتبێ ڕاناوەکە قاڵبی (ات) ئەگرێتە خۆ.

کە ڕاناوەکە ئەچێتە سەر ڕەگەکە (ۆ) ئەبێتە (و ــ W) ی وەستاو consonant و (ـە) ئەتوێتەوە.

ۆــ W + ات

ڕۆیشتن ــــ ڕۆ ــــ دەڕوات

شوشتن ــــ شۆ ــــ دەشوات

دان ــــ دە ــــ دەدات

کردن ــــ کە ــــ دەکات

له هەموو بارێکی تردا راناوەکە قالبی (ێت) ئەگرێتە خۆ.

کێلا ـــ کێل ـــ دەکێلێت

نووسین ـــ نووس ـــ دەنووسێت

(ت) دانەییێکی (بەئارەزوو) ە optional ئەشێ لابرێ بە مەرجێ بزوێنی لە دوا نەیێ.

دەکرێت ـــ دەکرێ

دەچێت ـــ دەچێ

دەکات ـــ دەکا

دەشوات ـــ دەشوا

له (دەبووژێتەوە ـ دەچێتە بازاڕ ـ دەڕواتەوە)

( ێت/ ات) بزوێنیان لە دوا دێ ، ناشێ (ت) لابرێ:

دەبووژێ (ت) ـەوە

دەچێ (ت) ـەوە

دەڕوا (ت) ـەوە

بەلای منەوە ئەم (ت)یە لە نژادا بەشێك نەبووە لە راناوەکە. بەڵکو هۆییێکی فۆنۆلۆجی و لە ئەنجامی دیاردەی analogy یەوە ئەم (ت) یەی بە سەرا سەپێنرابێ چونکە:

١- لابردنی کار لە واتا و رێزمانێتی ناکات.

٢- جێی تر هەن لە زمانی کوردیدا کە دوو بزوێن لە دوای یەکتردا دەرئەکەون ئەم (ت) یە لە نێوانیانا پەیا ئەبێ، وەك لە:

هاتووە بۆ ئێرە ـــ هاتووەتە ئێرە ـــ هاتۆتە ئێرە

چووم chuwim بۆ ئەوێ ـــ چوومەتە ئەوێ

بە جێگیر کردنی (ـە) لە شوێنی (بۆ) دوو بزوێن ئەکەونە پاڵ یێك ،(ت) لە

نێوانیانا دەرئەکەوێ.

سێوەکەی خواردووە ـــ خواردوویەتی

لای ئەوە ـــ لایەتی

لە زمانی کوردیدا پاشگری (ـ ەوە) ئەچێتە سەر هەموو چاوگێك چ وەك دانەیێکی مۆرفۆلۆجی بۆ دارشتنی وشەی تر وەك لە (پەرینەوە/ چوونەوە/ هاتنەوە) چ وەك مۆرفیمێکی سینتاکسی بە واتای (دیسان یا دووبارە) وەك لە ( ئەوان نوستنەوە ـ واتا – دیسان نوستنەوە) کاری واش هەیە بێ ئەم پاشگرە بەکار ناهێنرێ وەك لە (پارانەوە ـ بوورانەوە)، (پاران و بووران) نییە.

کە کاری کاتی دووەم و سێیەمی تاك لەم چاوگانەوە وەرئەگیرێت (دوو بزوێن) یا (نیمچە بزوێنێك و بزوێنێك) دەکەونە پاڵ یێك ، وەك (نون الوقایە)ی عەرەبی (ت) لە نێوانیانا دەرئەکەوێ . وەك لە.

ئەو دەخۆ ـ ا + ەوە ـــــ دەخوا – ت – ەوە

ئەو دەچ ـ ێ + ەوە ـــــ دەچێـ – ت – ەوە

تۆ دە رۆ ـ ی + ەوە ـــ دەرۆی – ت – ەوە

تۆ دەبە ـ ی + ەوە ـــــ دەبەی – ت – ەوە

ئەم (ت) یە هەرگیز لەگەڵ کەسەکانی تر دەرناکەوێ

ئەوان دەچـ + ن + ەوە

ئێوە دەپارێـ – ن– ەوە

من دەبوور یێـ + م + ەوە

ئێمە دەیشۆ + ین + ەوە

لە زانستی فۆنۆلۆجیدا یاسای خستنەسەری ئەم دەنگە زیادە بە segment addition ناو دەبرێ.

کاتی داهاتووی سادەی دووەم و سێیەمی تاك لەو کاتە رێزمانییانەن کە زۆر لە قسەی رۆژانەدا بە کار ئەهێنرێن و دووبارە ئەبنەوە. لەوانەیە لە ئەنجامی زۆر

دووبـاره کردنـەوەدا بـه پرۆسێسی ئـەنـەڵۆجی analogy بـەره بـەره وا دەرك کرابێ کە ئـەم (ت) یـە بـەشێك بێ لـە رانـاوەکە و ئـەنجـام پێوەی نووسـاوە. (لـە گۆڕینی زمـانـا ئـەم دیـاردەیـە بـاوە)

بـە پێی ئـەم بۆچوونـە ئـەبێ رانـاوی لکـاوی کـەسی دووەمی تـاکی ڕێکـەوتنی کـاتی داهـاتوو لـە نژادا (ی) بێ نـەك (یت) و هـی کـەسی سێیـەمی تـاك (ا/ ێ) بن نـەك (ات/ ێت). بـەم جۆره دەرکـەوتنی ئـەم (ت) یـە ئـەبێ بخرێتـە پـاڵ هـۆی فۆنۆلۆجیێ.

ئـەمـە لـە لایێك، لـە لایێکی ترەوە نـاشێ هـەبوونی دوو شێوەی (ا/ ێ) بـخرێتـە پـاڵ یـاسـایێکی فۆنۆلۆجی، چونکە دەرکـەوتنی (ێ/ ێت) دوای رەگی کـاری بـە (و) کۆتـایی هـاتبێ، لـەگەڵ رەوتی یـاسـا فۆنۆلۆجێیـەکـانی زمـانی کوردیدا ئـەگونجێ و سروشتییـە. وەك لـە:

نـەمـامـەکـە دەڕوێ/ دەڕوێت

ئـاسنـەکـە دەسوێ/ دەسوێت

ئـەو ئـەدوێ/ ئـەدوێت

شتـەکـە ئـەلوێ/ ئـەلوێت

هـۆی هـەبوونی ئـەم دوو قـاڵبـە جیـاوازە تـەنـهـا لـە ڕێی لێکۆڵینـەوەی مێژووییـیـەوە سـاغ ئـەکرێتـەوە.

ڕۆژنـامـەی هـاوکـاری ژ ٢٨٦١ ی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٨

# ئەلفوبێی جیهانی

ڕۆژنامەی (بەدرخان) ژ ٨٩ی ٢٠٠٨/١/٢٢

دەستەیێك مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٨٦ لە پاریسدا، ڕێکخراوێکیان بە ناوی The Phonetic Teachers Association (دەزگای فۆنەتیکی مامۆستایان) دامەزراند وەك پێڕەوێك بۆ ئاسانکردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی جیاوازییان زۆرە چ لە رووی جۆری دەنگەکانیانەوە چ لە رووی پێوەندیی ڕێنووسیان بە قسەوە. سەربارى ئەمەش نووسین و ڕێنووسی ئینگلیزی زۆر شێواو و لێڵ و نەشاز و بێ یاسایە فێربوونی ئاسان نییە. بۆ روونکرنەوەی ئەمە سەیری ئەم نموونانە بکە:

١ – دەنگی (ش) لە زمانی ئینگلیزیدا بەم پێنج شێوەیە ئەنووسرێ (s – sh – tio – ssio – hc) وەك لە machine – mission – station – sugar - she

٢– دەنگی (ف) بەم سێ شێوەیە ئەنووسرێ f – gh – ph وەك لە tough - elephant - knife

٣ – x دوو دەنگی (ك، س) ئەنوێنی کەچی لە هەموو ئەو وشانەی بە x دەست پێ ئەکەن، بە (ز) ئەوترێن xerography. زیرۆگرەفی.

٤ – سەدان وشەی وەك pleasure دەنگی (ژ)یان تیایە کەچی هیچ پیتی بۆ نییە لە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزیدا.

٤ – gh لە وشەی light و bright و.. دا هیچ دەنگێ نانوێنن. لە tough دا (ف) یە.

٥ – لەم وشانەدا: he – believe – Caesar – see – people – seize – sea – key – amoeba – machine - busy ( y– oe – ey – ea – ei – eo – ee – ae – ie –e ) - i هەموو بە (ی) دەخوێنرێنەوە.

٦ – لەم وشانەدا two – too – threw– clue - through – shoe

wo – oo – ew – ough – ue – oe هەموو بە (وو) دەخوێنرێنەوە.

٧ – لە وشەی book و look (oo) بە (و) ئەخوێنرێتەوە.

لە وشەی boot و poor و , shoot بە (وو)

لە وشەی blood و flood بە (ـە)

٨ – ( a)  (لە وشەی (father) (ا) یە لە وشەی want (ۆ) یە، لە وشەی a (ێ) یە لە وشەی many (ـە) یە لە وشەی village (بزرۆکەی i) یە لە وشەی take (ێی) یە

٩ – gh – ph – ch – th – sh هەر یەکە دوو پیتن یەك دەنگ و دوو دەنگی جیا ئەنوێنن. (ف – پ – چ – ش – ذ – پ – ش)

١٠ – th (ث و ذ) یە

١١ – – k – p – s –h - b – g – w – m – gh لەم وشانەدا ناوترێن:

mnemonic – write – resign - lamb – ghost – island – psychology – knot bough -

١١– u - لە put دا (و) ە، لە but دا (ـە) یە و لە urgent دا (ێ) یە.

١٣ – ch – c – ck – k لە وشەی mechanic و clue و black و keep دا هەموو بە (ك) ئەخوێنرێنەوە.

١٤ – c لە cat (ك) یە لە cell (س) یە و لە back ناوترێ.

١٥ – s و cc و c لە وشەی song و necessary و certain هەموو بە (س) ئەخوێنرێنەوە.

بەهەزاران نموونەی تری لەم جۆرانەی سەرەوە ئەهێنرێنەوە.

ئەم شێواوی و ئاڵۆزییە و دوورکەوتنەوەی نووسین لە وتن، هەموو زمانی ئینگلیزیی گرتۆتەوە.. وەك نووسینی وێنەیی (ئیدیۆگرامی) لێ هاتووە. ئەبێ وێنە و جۆری نووسینی هەموو وشەیێك بە لەبەرکردن لەبەر بکرێ. ئەم سروشتەی رێنووسی زمانی ئینگلیزی، وای کردووە فێربوونی نووسینەکەی زۆر قورس بێ، تەنانەت بۆ ئینگلیزیش خۆی. (بە بەراوردکردنی لەگەڵ گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی ئێمە کوا گیروگرفتمان ؟).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە، ماموستاکانی زمانی ئینگلیزیی لەو

پەیمانگایەی پاریسدا ئەلفوبێیەکی فۆنەتیکییان بۆ زمانی ئینگلیزی پێشنیارکرد تیایا هەر دەنگێك یەك پیتی یانیشانەی هەبێ. بەم ئەلفوبێیە نووسین و وتنی زمانی ئینگلیزی لێك نزیك کرانەوە. بەهۆیانەوە دەنگەکانی وشەکان وەك خۆیان ئەخوێنرێنەوە. ئەمە زۆر سوود بەخش بوو لە دانانی فەرهەنگە فێرکارییەکاندا بۆ زانینی چۆنیەتی وتنی هەر وشەیێك بە تەواوی. ئێستا لە هەموو جیهانا، لە دانانی فەرهەنگدا، ئەمە پێڕەو ئەکرێ.

لە پاشانا ئەم پێڕەوە بۆ فێرکردنی زمانەکانی تری ئەوروپیی وەك ئەڵەمانی و ئیتالی و..هتد بەکار هێنرا. پیت و نیشانەکان بەرە بەرە زیاد کران و پەرەیان پێ درا تا وای لێهات زۆربەی زمانە ئەوروپییەکانی گرتە خۆ.

ئۆتۆ یێسپرسن (١٨٦٩ – ١٩٤٣) لە ساڵی ١٨٨٦ بیرۆکەی دامەزراندنی ئەلفوبێیەکی جیهانی پێشنیارکرد. یەکەم خشتەی دەنگە جیهانییەکان لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٨٦ دا لە سەر بناغەی خشتەی دەزگای مامۆستایان The Phonetic Teachers Association دەرچوو.

(ئۆتۆ یێسپرسن) و (ویلهێلم ڤیێتۆر) لە تەمموزی ١٨٨٦ دا بوون بە ئەندام (هینری سویت) و (ج. لۆندێل) لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا بوون بە ئەندام.

لە ساڵی ١٨٩٧دا ناوی دەزگاکە گۆڕرا و کرا بە International Phonetic Association کۆمەڵەی فۆنەتیکی جیهانی. و بە International Phonetic Alphabet یش ناو ئەبرێ واتا (ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی). لەهەردوو حاڵەتدا (IPA) کورتەکەیەتی.

یەکەم جموجۆڵی ئەم کۆمەڵەیە دەرکردنی گۆڤاریك بوو بە ئەلفوبێی فۆنەتیکی.

ئیستا دوای ١٢٣ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم دەزگایە و شان بە شان پەرەسەندنی زانستی فۆنەتیك و لیکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمانانی سەرتاپای جیهان.. خشتەکە بەرەو کاملی رۆیشتووە و وای لێ هاتووە پیت و نیشانە بۆ هەر دەنگ و سیماییێکی هەر زمانێکی ئەم جیهانەی تیا بێ.(وەك خشتەی مەندەلیف لە کیمیادا)

ئەم دەزگا و خشتەیە سەرەتا زۆر بە سادەیی دەستی پێ کرد بە ئامانجی ئاسانکردنی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابییانی فەرەنسی.... ئەنجام بوو

ئاسانکردنی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ قوتابییانی فەرەنسی.... ئەنجام بوو بە دیاردەیێکی جیهانی. دەورێکی سەرەکیی گێڕا لە ساغکردنەوە و پتەوکردنی گشتێتی لە زمانەوانیدا. بۆتە بەشێ لە فەرهەنگی میتالانگویجی زمانەوانی گشتی. زمانەوانان بۆ شیکردنەوەی زمانەکانیان نموونەکانیان ئەخەنە سەر ئەم سیستەمە کە بە هۆیەوە زۆر نهێنی و رووە شاراوەکانی زمانەکەیان ئاشکرا ئەبێ.. ئەمە کاریگەرییەکی زۆر گرنگی کرد لە یێکاندنی بواری زمانەوانی گشتی.

لە سەرەتادا نیشانەکان نرخی فۆنەتیکی جیایان هەبوو و لەزمانێکەوە بۆ زمانێ دەگۆڕان. دوایی بڕیار درا کە هەر نیشانەیەك بەرامبەر تاکە دەنگێك بێ.

یەکەم نەخشەی ئەم بەستاندەرکردنە لە ساڵی ١٨٨٧دا بڵاوکرایەوە. کە ئەمەی خوارەوەیە.

دەنگە وەستاوەکان

| | **Blab.** | **Ldent.** | **Dent.** | **Alv.** | **Palv.** | **Pal.** | **Velar** | **Uvular** | **Glot.** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **Plosive** | p b | | | t d | | | k g | | ' |
| **Nasal** | m | | | n | | N | N | | |
| **Lateral** | | | | l | | ʎ | | | |
| **Rhotic** | | | | r | | | | R | |
| **Semivowel** | w ɥ | U | | | | j | | | |
| **Fricative** | | f v | θ ð | s z | c ʒ | ç | x q | | h |

دەنگە بزوێنەکان

| | **Front** | | **Central** | | **Back** |
|---|---|---|---|---|---|
| **Close** | i • y | | | | u |
| **Close-mid** | e • ɶ | | | | o |
| | | | ə | | |
| **Open-mid** | ɛ • œ | | | | ɔ |
| | æ | | | | |
| **Open** | | | a | | A |
| | **Front** | | **Central** | | **Back** |
| **Close** | i • y | | | | u |
| **Close-mid** | e • ɶ | | | | o |
| | | | ə | | |
| **Open-mid** | ɛ • œ | | | | ɔ |
| | æ | | | | |
| **Open** | | | a | | A |

| | |
|---|---|
| u: | long u |
| ã̆ | nasal a |
| û | long and narrow u |
| –u , u– | weak stressed u |
| u, u:, ù | strong stressed u |

تا ساڵی ١٩٩٠ چارتی ئەلفوبێی زمانی فراوانکردنێکی زۆری بەخۆوە بینی. زمانی عەرەبی و هەندێ زمانی تر کە بە پیتی لاتینی سرکن، ختیە ژێر ڕکێفی خۆی. دەنگە وەستاوو بزوێنەکان کران بەیەك خشتە کە پێشتر بەجیا دەخرانە ڕوو. ئەمەش داتای ساڵی ١٩٠٠ـە لەگەڵیدا نیشانەکان و چۆنیەتی بەکار هێنانیان دەخاتە ڕوو.

| | | Laryn- gales | Gutturales | Uvulaires | Vélaires | Palatales | Linguales | Labiales |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| CONSONNES | Plosives | ʔ | | q ɢ | k g | c ɟ | t d | p b |
| | Nasales | | | | ŋ | ɲ | n | m |
| | Latérales | | | | ɫ | ʎ | l | |
| | Roulées | | Q | ʀ | | | r | |
| | Fricatives | h | ʜ ɦ | ʁ | (ʍ w) x ɡ̱ | (ɥ) ç j | ɹ, θ; ð, ʃ ʒ, s z | f v F ʋ<br>ʍ w ɥ |
| VOYELLES | Fermées<br>Mi-fermées<br>Moyennes<br>Mi-ouvertes<br>Ouvertes | | | | u ɯ ü ï y i<br>ɷ ʏ ɩ<br>o ∀ ö ë ø e<br>ə;<br>ɔ ʌ ɔ̈ ä œ ɛ<br>ɐ æ<br>ɑ a | | | (u ü y)<br>(o ö ø)<br>(ɔ ɔ̈ œ) |

لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی فۆنەتیك و شیكردنەوەی زمانانی تری وڵاتە دەرەوەی ئەورووپییەكان چارتەكە فراوانتر كراو ڕێكتر خرا.. ئەمەش شێوەی دەرچووی ساڵی ١٩٣٢ـە:

| | Bi-labial | Labio-dental | Dental and Alveolar | Retroflex | Palato-alveolar | Alveolo-palatal | Palatal | Velar | Uvular | Pharyngal [sic] | Glottal |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Plosive | p b | | t d | ʈ ɖ | | | c ɟ | k g | q ɢ | | ʔ |
| Nasal | m | ɱ | n | ɳ | | | ɲ | ŋ | ɴ | | |
| Lateral Fricative | | | ɬ ɮ | | | | | | | | |
| Lateral Non-Fricative | | | l | ɭ | | | ʎ | | | | |
| Rolled | | | r | | | | | | ʀ | | |
| Flapped | | | ɾ | ɽ | | | | | ʀ | | |
| Fricative | ɸ β | f v | θ ð s z ɹ | ʂ ʐ | ʃ ʒ | ɕ ʑ | ç ʝ | x ɣ | χ ʁ | ħ ʕ | h ɦ |
| Frictionless continuants | w ɥ | ʋ | ɹ | | | | j (ɥ) | (w) | ʁ | | |

| | | Front | Central | Back |
|---|---|---|---|---|
| Close | (y ʉ u) | i y | ɨ ʉ | ɯ u |
| | (ʏ ɷ) | ɪ ʏ | | ɷ |
| Half-close | (ø ɵ o) | e ø | ɵ | ɤ o |
| | | | ə/ɜ | |
| Half-open | (œ ɔ) | ɛ œ | | ʌ ɔ |
| | | æ | ɐ | |
| Open | | | | |

لەگەڵ هەر چارتێك لیستەیەك بە سەدان (وردە نیشانە diacritics) دەردەچێ چەند نیشانەیەك بۆ نموونە دەخەینە بەر چاو.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ◌̥ | Voiceless<br>ژێدار بێژێکردنی | n̥ | | w | Labalized<br>لێوێنراو | $t^{w}$ |
| ◌̬ | Voiced<br>ژێدارکردنی بێژی | s̬ | | j | Palatalized<br>مەڵاشووێنراو | $t^{j}$ |
| h | Aspirated<br>هەناسەدار | $t^{h}$ | | ɣ | Velarized<br>بزمارۆکێنراو | $t^{ɣ}$ |
| ◌̹ | More rounded<br>خڕتر | ɔ̹ | | ʕ | Pharyngealized<br>قورگێنراو | $t^{ʕ}$ |
| ◌̜ | Less rounded<br>کەم خڕتر | ɔ̜ | | ◌̝ | Raised<br>بەرزێنراو | e̝ |
| ◌̟ | Advanced<br>پێشگەز | u̟ | | ◌̞ | Lowered<br>نزمێنراو | e̞ |
| ◌̠ | Retracted<br>پاشگەز | e̠ | | ◌̃ | Nasalized<br>لووتێنراو | ẽ |
| ◌̩ | Syllabic<br>سیلابیکی | n̩ | | ◌̰ | Creaky voiced<br>ژێداری کەرخ | b̰ |
| ◌̯ | Non-syllabic<br>ناسیلابیکی | e̯ | | ◌̃ | Nasalized<br>لووتێنراو | ẽ |

## یاساکانی ژمارەی رۆمانی

رۆژنامەی هاوکاری ژ ١٠٢١ی ٣/ ١١/ ١٩٨٨

زانینی پێڕەوی ژمارەکانی رۆمانی پێویستە بۆ ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی و ساغکردنەوەی دەقە کۆنەکانن. ئەم وتارە هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پێڕەوە.

سیستەمی ژمارەی رۆمانی ئەم حەوت نیشانەیە بەکار دەهێنی:

I – V – X – L – C – D – M

هەر یەکە نرخێکی هەیە و بەم جۆرە:

1 = I
5 = V
10 = X
50 = L
100 = C
500 = D
1000 = M

ژمارە لەم حەوت نیشانەیە دادەڕێژرێن بەم پێڕەوە:

١ – نابێ زیاتر لە (سێ) هەمان نیشانە لە تەك یەکا پێکەوە دەرکەوێ، چ بە سەربەخۆیی چ بە لێکدراوی. (III MMM-  XXX -  CCC).

٢ – هەر ژمارەیێك ژمارەی تری بچووکتری لەگەڵا دەردەکەوێ. تا (سێ) لای راست و تەنیا (یەك) لای چەپ لە هەمان ژمارەدا. ئەوانەی لای راست زیاد دەکرێن، ئەوەی لای چەپ لێی دەردەهێنرێ:

| لای راست زیاد دەکرێ | لای چەپ دەردەهێنرێت |
|---|---|
| 6 = VI | 4 = IV |
| 7 = VII | 9 = IX |
| 8 = VIII | 99 =1C |

| | |
|---|---|
| 40 = XL | 10 = X |
| 90 = XC | 11 = XI |
| 400 = CD | 12 = XII |
| 900 = CM | 13 = XIII |
| 49 = IL | 50 = L |
| 999 = IM | 80 = LXXX |
| 490 = XD | 130 = CXXX |

٣- ئەگەر ژمارەکە بە (سێ) نیشانە پڕ نەبووەوە..باز دەدرێتە نیشانە گەورەترەکەو لێی دەردەهێنرێ:

بۆ نموونە:

5 = V

6 = VI

7 = VII

8 = VIII

بۆ (٩) باز ئەدرێ بۆ (١٠) و (١) ی لێ دەردەهێنرێ ٩ = ( IX)

10 = X

11 = XI

12 = XII

13 = XIII

بۆ (١٤) ناشێ نیشانەیێکی تر زیاد بکرێ. دوای (III) ، (V)دێ... باز دەدرێتە (XV) و (I) لە V دەردەهێنرێ (IV = 4)... بەم جۆرە (XIV = 14)

بۆ ژمارەی (هەرزان) وەك لەسەرەوە پیشاندرا.

1000 = M

2000 = MM

3000 = MMM

بۆ چوار هەزار و بەرەو ژوور دەگەڕێینەوە سەر ژمارە سادەکان و نیشانەی (-)

دەخرێتە سەر ژمارەکە و دەبێ بە (هەزاران) بەم جۆرە:

$4000 = \overline{\text{IV}}$

$20000 = \overline{\text{XX}}$

$1000000 = \overline{\text{M}}$

$11000 = \overline{\text{XI}}$

$1000000 = \overline{\text{C}}$

$12000 = \overline{\text{XII}}$

سیستەمی ژمارەی ڕۆمانی لەم نەخشەیەدا روون کراوەتەوە:

| 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| IX | VIII | VII | VI | V | IV | III | II | I | یەکانە |
| XC | LXXX | LXX | LX | L | XL | XXX | XX | X | دەیانە |
| CM | DCCC | DCC | DC | D | CD | CCC | CC | C | سەدانە |
| $\overline{\text{IX}}$ | $\overline{\text{VIII}}$ | $\overline{\text{VII}}$ | $\overline{\text{VI}}$ | $\overline{\text{V}}$ | $\overline{\text{IV}}$ | MMM | MM | M | هەزارانە |
| $\overline{\text{XC}}$ | $\overline{\text{LXXX}}$ | $\overline{\text{LXX}}$ | $\overline{\text{LX}}$ | $\overline{\text{L}}$ | $\overline{\text{XL}}$ | $\overline{\text{XXX}}$ | $\overline{\text{XX}}$ | $\overline{\text{X}}$ | دە هەزارانە |
| $\overline{\text{CM}}$ | $\overline{\text{DCCC}}$ | $\overline{\text{DCC}}$ | $\overline{\text{DC}}$ | $\overline{\text{D}}$ | $\overline{\text{CD}}$ | $\overline{\text{CCC}}$ | $\overline{\text{CC}}$ | $\overline{\text{C}}$ | سەد هەزارانە |

ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٠٢١ ڕۆژی ٣/١١/١٩٨٨

# جیهانی وشە

رۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٥ی ٢٢/ ٩/ ٢٠٠٧

وشەکانی زمان جیهانێکی تایبەتیی سەربەخۆن. وەك کۆمەڵێکی زیندووی چالاکی ڕێکوپێك ڕەفتار ئەکەن. هەر وشەیێك بووەرێکی گیانلەبەرە، لە دایك ئەبێ، بە تێپەڕینی کات ئەگۆڕێ و گەشە ئەسەنێ، لەگەڵ وشەی تردا زاوزێ ئەکات و هی تری لێ ئەبێتەوە. خزمایەتیی دوور و نزیك و هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لە نیوانیانا هەیە. هەن وەك مرۆڤ سەرباری دوورییان لە یەك لێك ئەکەن. وشە هەیە جوان هەشە ناشیرین. هەیە گەورە هەشە بچووك. هەیە شەرمن، هەشە بێ ڕوو و نەفرەت لێکراو. وشەکان ئەکەونە کێشە لەگەڵ یەکتردا. خۆشەویستی یا دژایەتی لەگەڵ یەکترا ئەکەن، شوێنی یەکتر داگیر ئەکەن.

وشە هەیە بار ئەکات و ئاوارە ئەبێ و ئەبێ بە ئەندامی زمانانی تر و لەوانەیە دوای ماوەیێك بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری خۆی و وشەی تریش لەگەڵ خۆیا بهێنێ. هەیە ناو دەرئەکا و ئەبێتە جیهانی.

وەك هەر زیندوویێکی تر هەموو وشەیێك تەمەنی هەیە کورت یا درێژ، زوو یا درەنگ ئەمرێ و سەر ئەنێتەوە..تیایانا هەیە لەگەڵ مردنیا ناوەکەشی نامینێ، هەشە ئەکەوێتە مێژووەوە یا ئەبێ بە ناو بۆ شتی تر.


ژیان و سەرگوزشتەی هەر وشەیێك لە هەر زمانێکا داستانێکە بۆ خۆی. هەیە کورت و دیار و ڕاستەوخۆ هەشە درێژ و پڕ لێڵی و پەناوپێچ. هەیە نژاد دیار هەشە نژاد ون. هەیە بێ کەس و لات هەشە کەسدار و نازدار.

سەرچاوە و بنەماکانی پەیابوونی زاراوە و وشەکان لە زمانا گەلەك زۆرن. ئەفسانە کۆنەکان یەکێ لەو سەرچاوانەیە. بە هەزاران ناو و زاراوە لەفەرهەنگی زانست و شارستانییەتی ئێستای مرۆڤایەتیدا هەن کە لە ئەفسانەکانەوە وەرگیراون. بۆ نموونە ناوی زۆربەی کۆئەستێرەکان و زاراوە فەلەکییەکان. لێرە زۆر بە کورتی سەرگوزشتەی بەشێکی دوو لەم زاراوە و ناوانە ئەخرێنە ڕوو.

**١ - ئەمەزۆن**

ئەفسانەیێکی گریکی ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ : ئەمەزۆنەکان کۆمەڵە ئافرەتێکی لە پیاو یاخیبووی جەنگاوەری جەربەزە بوون لە چیاکانی (کەپەدۆسیا) لە ناوچەی ئاسیای بچووك، کە ئەکەوێتە تورکیای ئیستا ئەژیان. ئەم ژنانە خۆیان لە پیاوان دابڕاندبوو. هەرگیز تخون پیاو نەئەکەوتن، تەنیا کە ئەیانویست منداڵیان ببێ و بۆ مەبەستی زاوزێکردن پێوەندیی خێرایان بە پیاوانی دەوروبەر ئەکرد. ئەگەر کوڕیان بوایە یەکسەر ئەیانکوشت، کچەکانیان ئەهێشتەوە. پەروەردەیان ئەکردن وەك خۆیان ببن بە یاخی و جەنگاوەر و دژەپیاو.

وشەی ئەمەزۆن لە زمانی گریکیدا واتا (بێ مەمك). ئەم ناوەیان لێ نراوە چونکە جەنگاوەرەکان مەمکی لای راستی خۆیان ئەبڕی تا بتوانن بە ئاسانی تیروکەوان بەکار بهێنن.




سێ جەنگاوەری ئەمەزۆن

دوای دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا لەلایەن کۆڵۆمبسەوە لە ساڵی ١٤٩٢ز دا، ئەوروپییەکان روویان تێ کرد لە پێناو داگیرکردن و پشکنینەوە و دۆزینەوەی سامانە زۆر و بە پیتەکانی ئەم جیهانە نوێیە. هەڵمەتەکان زۆر بە توندی بەرگری

ئەکران لە لایەن دانیشتووە رەسەنەکانەوە.

لە سالانی ١٥٤١ و ١٥٤٢دا یەکەم هەڵمەتی پشکنینەوە بە سەرۆکایەتیی (فرانسیسکۆ دی ئۆرێلانە) رووی کردە ئەو شوێنەی ئیستا بە (ئەمەزۆن) و(زێی ئەمەزۆن) ناو براون.ئەوەی سەرنجی داگیرکەرەکانی راکێشا ئەوە بوو کە، ئەو شەڕکەرانەی بەرەنگاریان بوون هەموو (وەك ئەوانەی ئەفسانەی ئەمەزۆن) ئافرەت بوون. بەمە ناوی ئەو شوێنەیان نا (ئەمەزۆن) و (زێی ئەمەزۆن).

ئەم وشەیە لە رووی واتاوە فراوان بووە و کراوەتە ناو و زاراوە بۆ زۆر شت و لایەنی تری کۆمەلایەتیی. بۆ نموونە ئیستا ئەو لایەنانەی کە تایبەتن بە جیهانی ئافرەتانەوە بە(ئەمەزۆنیات) ناو ئەبرێن.

**٢ – ئەتلەس**

لە ئەفسانەیێکی گریکیدا (ئەتلەس) ئەندامێك بوو لە دەستەیێك خواوەند بە (تیتان) ناوبرابوون. (لاپیتەس) ی باوکی ئەتلەس خواوەندێکی تیتانی بوو، (کلیمین)ی دایکی (پەری)یەکی زەریا بوو. ئەتلەس دووچاری شەڕێ بوو لەگەڵ خواوەند (زیووس) تیایا زیووس سەرکەوت و ئەتلەس بەزی. زیووس ئەتلەسی سزادا بەوەی ئەبێ هەتا هەتایێ وەك ستوون ئاسمان لەسەر پشت و شانیدا راگرێ.

زۆر کاری هونەری بە پەیکەر ئەم ئەفسانەیە دەرئەبڕن تیایانا ئەتلەس پیشان ئەدەن (گەردوون) یا (ئەرزی) لەسەر شان و پشت هەڵگرتووە.

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەم (گیرهاردەس میرکاتۆر) ی ئەلەمانی یەکەم جوگرافیزان بوو وشەی (ئەتلەس)ی بەکار هێنا وەك زاراوەیێك بۆ کتێبێ بریتی بێ لە کۆمەڵە نەخشە و خەریتەیێکی رووی زەمین. ناوەکەی لەو پەیکەرانەوە وەرگرت کە تیایاندا (ئەتلەسی ئەفسانەیی) تۆپی ئەرزی کردۆتە سەرشانی کە خەریتەی وێنەی ئەم ئەرزەیە.

گوایا شوێنی ئەتلەس لە سەر چیاکانی باکوری رۆژئاوای ئەفەریقیا بووە هەر بۆیەیە رۆمانە کۆنەکان ئەم ریزە (چیایەیان بە ئەتلەس) ناوناوە ,(ئۆقیانۆسی ئەتلەسی) ش کە کەوتۆتە رۆژئاوای ئەفەریقیا کە نزیکی ئەم شوێن و ریزە

چیایانەیە هەر بەم ناوە نراوە.

مـیـژوونـووسان ئـەڵـێن بـتـلـیـمـۆس (سەدەی دووەمـی زایـن) کـە مـەزنـتـریـن جوغرافیزانی سەردەمی رۆمانی و هەموو سەردە مەکۆنەکان بوو , یەکەم کتێبی داناوە بریتی بێ لە کۆمەڵە خەریتەییێك. واتا یەکەم زاناو کەس بووە (ئەتلەس)ی داناوە.



## زمانەوانی

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٦٩٥ چوارشەمە١٢/١٢/١٩٨٤

زانستی زمانی وەسفی دوو ئەرك و ئامانجی زۆر جیاواز بەڵام بەیەك بەستراوی هەیە.

یەکەم وەسفکردنی تاکە زمانەکانە وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ. بۆ دەرخستن و پێشاندانی شێوە و چۆنیەتی کار کردنی ئەم زمانە کە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە لە کاتێکی دەستنیشانکراودا بەکارئەهینرێ. لێکۆڵینەوەی زمان لەسەر بناغەی زانستی زمانی وەسفی بایەخ بە زمانەکە ئەدات تەنیا لەو ساتە تایبەتییەدا، بێ ئەوەی باسی هیچ زمانێکی تر بکرێت چ دوور لێی چ نزیك . واتا سیمای ئەو ساتە تایبەتییەی زمانەکە دەستنیشان ئەکات.

ئامانجی دووەمی زانستی زمانی وەسفی بەدیهێنانی نەزەرییەکی گشتییە بۆ زمان بکرێ بەپەیڕەو لە ناو چوار چیوەیا زمانە جیاوازەکانی جیهان شی بکرێنەوە و هەبوون و نەبوون و دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی هەر دیاردەیەك لە زمانێکا بخرێتە پاڵ هۆیێکەوە بەپێی ئەو لۆژیکە نەزەرییەکەی لەسەر دامەزراوە.

ئەم ئامانجە نایەتە دی بێ شیکردنەوەی ژمارەیەکی یەگجار زۆر زمان و بەراوردکردنیان و دابەشکردنیان بەسەر چەند کۆمەڵێکی جیاواز هەر کۆمەڵەی بەپێی ئەو دیاردە و لایەنانەی تیایا هاوبەشن.

بە بەراوردکردنی ئەم هەموو زمانانە لە ژێر تیشکی لایەنە لەیەکچوو و جیاوازەکانیاندا قاڵبێکی گشتی بەدی ئەکرێ بۆ هەر کۆمەڵەی.. لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئەم قالبە گشتییانەی قاڵبێکی تری گشتیتر ئەدۆزرێتەوە.. تا ئەگاتە ئەوەی یەك قاڵب دەستنیشان بکرێ کە هەموو زمانانی جیهان تیایا بەشدارن.. ئەم قاڵبە گشتییە ئەو بیناغە لۆژیکییە کە هەموو زمانانی جیهانی پێ هەڵئەسووڕێ..

بۆ نموونە لە ئەنجامی بەراووردکردنی کۆمەڵە زمانێکی یەگجار زۆر لەم بەر و

ئەو بەری جیهانا دەردەکەوت کە لە رووی دارِشتنی وشەوەو پێوەندی وشە بە مۆرفیمەوە زمانەکانی جیهان سێ جۆرن.

١- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە تاکە مۆرفیمێك پێك دێت. وەك زمانەکانی چینی و ڤێتنامی.. ئەمانە بە ئایسولێیتنگ ناو ئەبرێن..

٢- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە ریزە مۆرفیمێك پێك دێت. وەك کوردی و تورکی و یابانی.. هتد. ئەمانە بە ئەگلوتینەیتیف ناو ئەبرێن.

٣- ئەو زمانانەی وشەکانیان لە چەند مۆرفیمێك پێك دێت و مۆرفیمەکان لەناو یەکا تواونەتەوە و لێك جیا ناکرێنەوە وەك زمانی عەرەبی و لاتینی. ئەمانە بە فیوژنەڵ ناو ئەبرێن.

بە بەراوردکردنی ئەم سێ جۆر زمانانە لە رووی ریز بوونی وشە و بەشە بنجییەکانی رستەوە دەرکەوت کە ریزبوونی بەشە بنجییەکانی رستە (بکەر - بەرکار - فرمان) پێوەندییان بە جۆری دارِشتنی ووشەکانەوە هەیە...

زۆربەی زۆری ئەو زمانانەی سەر بە جۆری یەکەمن بەشە بنجییەکانی رستە تیایانا بەم جۆرە ریز ئەبن (بکەر - بەرکار - فرمان).

زۆربەی زۆری ئەو زمانانەی سەر بە کۆمەڵی سێیەمن ریزبوونی بەشە بنجییەکانی رستە بەم جۆرەیە (فرمان - بکەر - بەرکار).

بە بەراوردکردنی ئەم سێ جۆر زمانانە دەرئەکەوێ کە لە زۆربەی هەرە زۆری زمانانی جیهانا هەمیشە بکەر پێش بەرکار ئەکەوێ.. فرمانە شوێنەکەی ئەگۆڕێ یا پێش بکەر یا لە نێوان بکەر و بەرکار یا لەدوای بەرکاردا دێ..

هەرگیز ناشێ بوترێ فلاّنە زمان لە فلاّنە زمان باشترە یا پێشکەوتووترە. چونکە لەفلاّنە زمان فرمان پێش ئەکەوێ. یا دوا ئەکەوێ.. پێوەندیی لۆژیك لە هەر سێ حاڵەتدا یەکە و بناغەیەکی بیرکاری هەیە..

گەر (فرمان = ١) (بکەر= ٢) (بەرکار = ٣) (١ × ٢ × ٣) و (٢ × ١ × ٣) و (٢ × ٣ × ١) لە هەر سێ حاڵەتدا ئەنجام یەکە.

زمان وەك هەر دیاردەیەکی سروشتی تر هەمیشە لە گۆڕینەدایە. زمان

سیستەمێکی یەکجار ئاڵۆز و فراوان و چووە ناویەکە. گۆڕین هەموو لایەنێکی ئەگرێتەوە.

گۆڕینی هەر لێڤلێکی ئەنجامی ئەو گۆڕینانەی لە لێڤلەکانی خواروو‌تریەتی.

گۆڕینی دەنگەکان کار لە سیستەمی فۆنۆلوجی و قاڵب و سروشتی برگەکان ئەکات.. گۆڕینی فۆنۆلۆجی و سروشتی بڕگەکان کار لە سیستەمی مۆرفۆلوجی ئەکات.. گۆڕینی سیستەمی مۆرفۆلۆجی کار لە سروشتی لە یەکدانی وشەکان و یاسا سینتاکسییەکان ئەکات.

لە هەموو زمانێکا هەر سێ جۆر قالب بۆ داڕشتنی وشە ئەدۆزینەوە. بەڵام جۆرێکیان لە هەمووان زێتر ئەبێ و زاڵ ئەبێ بەسەر ئەوانی تر. زمانەکە بەپێی ئەو ناو ئەبرێ. دوای ماوەیەك (بە سەدان ساڵ..) لە ئەنجامی گۆڕین جۆرێکی تر زاڵ ئەبێ بەسەر زمانەکە کە ئەمە خۆی ئەنجامی گۆرینی ترە لە لێڤلەکانی خوار مۆرفۆلۆجی... ئەم گۆڕینە لە سروشتی قالبی وشە کار لە ریزبوونی بەشە بنجییەکانی رستە ئەکات و بەم جۆرە.

## ڕێزمانی گشتی

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٤٣٣ی ١/ ٢/ ١٩٨٤

ئەو بەشانەی لەشی ئادەمیزاد کە بە ئەندامانی ئاخاوتن ناو ئەبرێت لە نژادا بۆ قسەکردن تەرخان نەکراون. بەکارهێنانیان بۆ قسەکردن دیاردەیێکی نوێیە بە گوێرەی تەمەنی هەبوونی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە. سەدان هەزار ساڵیش تێپەڕیوە تا مرۆڤ توانیویەتی شان بە شانی پەرەسەندنی خۆی پەرە بە زمانیشی بدات و لە سادەترین شێوەکانییەوە بیکا بە سیستەمێکی تەواوی ڕێك هەموو شتێکی پێ دەربڕێ و تێ بگات.

هەموو ئەو ئەندامانەی بۆ قسەکردن بەکار ئەهێنرێن ئەرکی بایۆلۆجیی گرنگتر لە قسەکردنیان هەیە کە ژیان (بێ) یانەوە ئەوەستێ. لووت و بۆڕی هەناسە و سییەکان سەر بە سیستەمی هەناسەن... زمان و دان بەشەکانی تری زار سەر بە سیستەمی هەزمن... هتد. گرنگی هەناسە و خواردنیش بۆ ژیان دیارە چییە. قسەکردن بۆ جەوهەری ژیان بە گوێرەی ئەو ئەرکە بایۆلۆجییانی شتێکی دووەکییە. واتا سیستەمێکی تایبەتی لە ئادەمیزاددا نییە لە نژادا سروشت بۆ زمانی تەرخان کردبێ وەك سیستەمی بینین بۆ بینین و سیستەمی بیستن بۆ بیستن.. هتد. بەڵکو رووەکی پەرەسەندنی ئادەمیزاد توانای بووە لە بەکارهێنانی دیاردەکانی تری لەشی بۆ داهێنانی زمان.

زمان بەڵگەیەکی بەهێز و گرنگە لە ڕێیەوە ئەسەلمێنرێ کە مرۆڤ هەمووی سەر بە هەچ ڕەگەزێك و ناوچەیەکی جوغرافی و شارستانیەتێك بن لە هەمان پلەی پەرەسەندندان بەپێی چەمکی داروینی. چونکە:

١- لە کوێ مرۆڤ هەبێ زمانیش هەیە.

٢- هیچ زمانێ لە هیچ زمانێکی تر پەرەسەندووتر و پێشکەوتووتر و ئاڵۆزتر نییە.

هەموو هەمان ئەرك بە هەمان پەیڕەو بەجێ ئەهێنن ئەویش گواستنەوەی بیر و ئەندێشەی لەمێشکی قسەکەرا پارێزراوە بۆ مێشکی گوێگر بە هۆی ئەو

دەنگانەی بە ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست ئەکرێن.

٣- ئەو پێوەندییە هەرەمییەی لە نێوان سادەترین کەرەسەکانی زمان کە تاکە دەنگەکانیەتی و ئاڵۆزترین دانەی زمان کە رستەیە لە هەموو زمانانی جیهان یەکن. لە هەموو زمانێکا ژمارەیەکی دەستنیشانکراو دەنگ هەیە، بە پێی یاسای تایبەتی بە زمانەکەوە و بە پێی ئەو نرخانەی ئەو تاکە دەنگانە لە ناو چوارچێوەی زمانەکەدا پێشانی ئەدەن فۆنیمەکانی زمانەکە دەستنیشان ئەکرێ.. لە هەموو زمانێکا لە ناو چوارچێوەی قالبی فۆنەتیکی ئەم فۆنیمانە لێك ئەدرێن بۆ دروستکردنی بڕگەی فۆنۆلوجی.

لە ناو قالّبی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا بە فۆنیمێ یا زیاتر مۆرفیم پێك دێت... بە مۆرفیمێ یا زیاتر وشە پێك دێت و بە وشەیێ یا زیاتر فرێز پێك دێت و چەند فرێزێك ڕستە پێك ئەهێنن.

٤- دەوڵەمەندی و هەژاریی زمان لە ڕووی فەرهەنگەوە پەیوەندیی بە مەسەلەی پەرەسەندنەوە نییە.

قسەکەری هەچ زمانێ ئەتوانی ژمارەیەکی بێ دوایی رستە بڵێ و تێ بگا و هەمیشە شتی تازەی پێشتر نەزانراو و نەبیستراوە دەربڕێ و تێ بگات هەر بەو کۆمەڵە وشانەی لە فەرهەنگی مێشکییا هەیە. کەی شتێکی تازە لە کۆمەڵێکا پەیا بوو چ (مادی) چ (مەعنەوی) ئەوە ناوی لێ ئەنرێ چ بە بەشێکی فەرهەنگی ئەو زمانە و بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی دائەتاشرێ و شێوەی تایبەتی زمانەکە ئەگرێتە خۆ. هەموو زمانێ دەرگای بۆ کراوەتەوە تا ژمارەییێکی بێ دوایی وشەی بێتە ناو. دەوڵەمەند و هەژاری زمان لە رووی فەرهەنگەوە پێوەندیی بە باری کەلچەری و ئابووری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

٥- هەچ منالێ سەر بە هەچ کۆمەڵ و ڕەگەز و شارستانیەتێك بێ، زمانی ئەو کۆمەڵە بە تەواوی وەرئەگرێ کە تیایا پەروەردە ئەبێ.

٦- هەموو زمانێ دەگۆڕێ بە تێپەڕینی کات.

٧- هەموو زمانێ بەتێپەڕینی کات ئەبێ بە چەند شێوەزارێ و شێوە زارەکان

بەرەبەرە لێك دوور ئەكەونەوە...

دەیەها بەڵگە و نموونەی تری لەم بابەتانە ئەشێ بخرێنە روو کە ئەیسەلمێنن زمانی مرۆڤی هەموو هاوپلەن.

ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زمانەکانا بەدی ئەکرێ دیوی دەرەوەیان ئەگرێتەوە، ئەگینا لە بناغەدا هەموو یەکن..

جیاوازیی نێوان دوو زمان وەك جیاوازیی نێوان دوو کەس وایە.. کە سەیریان ئەکەیت سەروسیمایان زۆر جیاوازە و لەیەك ناکەن بەڵام لە رووی بایۆلۆجییەوە و چۆنیەتی پێکهاتن و کارکردنی ئەندامیان هیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێ.

ئامانجی هەرە سەرەکی زمانەوانی دەسنیشانکردنی ئەو یاسا و مەنتیقە گشتییانەیە کە زمانیان پێ پێکدێ و هەڵئەسوورێن بە مەبەستی نووسینی رێزمانێکی گشتی ببێتە بناغە بۆ تێگەیشتنی مێشك و چۆنیەتی کارکردنی. چونکە ئەو لۆژیکە بەهۆیەوە زمان کار ئەکا پێوەندیی بەپێرەوی کارکردنی مێشکەوە هەیە. تێگەیشتن لە سروشت و چۆنیەتی کارکردنی زمان تا رادەیەکی زۆر تیشك ئەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی مێشك.

# چەن زمان

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ۲۷۳۱ی ۲۳/ ۱/ ۱۹۸۵

گیروگرفتی هەرە سەرەکی لە دەستنیشانکردنی ژمارەی زمانەکانی جیهان پێناسینی زمان و جیاکردنەوەیەتی لە شێوە.

پێوانەی زانستی زمان بۆ پێوەندیی نێوان زمان و شێوە بەم جۆرەیە.

[گەر دوو کۆمەڵە خەڵك بە دوو جۆری جیا دوان و بە ئاسانی لە یەك گەیشتن ئەوە ئەم دوو کۆمەڵە خەڵکە بە دوو (شێوە)ی هەمان زمان ئەدوێن.

گەر دوو کۆمەڵە خەوێك بە دوو جۆری جیا دوان و بە ئاسانی لە یەك نەگەیشتن ئەوە ئەم دوو کۆمەڵە خەڵکێك بە دوو (زمان) ئەدوێن].

لێرە چەن گیروگرفتێ سەر هەڵئەدەن و ئەبنە تەگەرە لەبەردەم ئەم پێناسین و پێوانەیە.

۱- مەسەلەی ئاسانی و زەحمەتی شتێکی (نسبی)یە، پێوەندی بە رادە و پلەی رۆشنبیری و ئەو بابەتەوە هەیە قسەی لێوە ئەکرێ.

۲- گەلێ کاریگەر لە دەرەوەی زمان و زانستا دەور ئەگێڕن ئەم پێوانەیە رەچاو ئەکرێ. بۆ نموونە زمانی سویدی و نەرویجی بە دوو زمانی سەربەخۆ ژمێرراون کەچی زۆر بە ئاسانی لەیەك ئەگەن. وەك دوو شێوەی نزیکی هەمان زمان وان. ئەم دوو کۆمەڵە خەڵکە سەربە دوو پایتەخت و رژێمی سیاسیی جیان  بە دوو زمان ژمێرراون.

لە رووەکی ترەوە قسەکەرانی (مەندەرین) و (کەنتەنیس) لە چینا هەرگیز لەیەك ناگەن بەڵام بە دوو شێوەی هەمان زمان ژمێرراون چونکە هەردوو کۆمەڵ سەر بە هەمان دەسەڵاتن.

نموونەی تری لەم بارەیە لەم بەرو ئەوبەری جیهانا یەگجار زۆرە.

۳- زمان هەمیشە لە گۆڕیندایە زیاد ئەکا.. ئەمرێ.. زیندوو ئەکرێتەوە.. زمانی

لاتینی یەك زمان بوو، بە تێپەڕینی کات ئەم زمانانەی لێ پەیا بوو – فەرەنسی – پورتوگالی – سپانی – ڕۆمانی – ئیتالی – لادین – پرۆڤینچەلی – کەتەلانی.
زمانەکانی بابلی و ئاشووری و سۆمەری هەموو مردوون. زمانی ئیرلەندی زیندوو کرایەوە..

لەبەر ئەم هۆیانە بە هیچ جۆر ناشێ لە هیچ کاتێکا ژمارەی زمانەکانی جیهان بە تەواوی دەستنیشان بکرێت.

هەیە ئەڵێ ژمارەیان لە نێوان (٤٠٠٠) و (٥٠٠٠)دایە، هەیە ئەڵێ لە نێوان (٤٠٠٠) و (٤٥٠٠)دایە... هەشە ئەڵێ ژمارەی زمانەکانی جیهان ئەگاتە دە هەزار بەپێی لێکۆڵینەوەیێك. بەلای کەمی (٣٥٠٠) زمان لە جیهانا هەیە.

ژمارەی دانیشتوانی جیهان بەپێی دوا سەرنووسین گەیشتۆتە چوار ملیار و نیو. ئەم چوار ملیار و نیوە بەو (٣٥٠٠) زمانە ئەدوێن.

سێ چارەکی ئەمانە بە (١٣) زمان ئەدوێن. چارەکەکەی تر دابەش ئەبنە سەر زمانەکانی تر.

ئەوەی زمانی ئینگلیزی و چینی و رووسی بزانێ ئەتوانێ لەگەڵ دوو ملیار کەس قسە بکات.

ژمارەی ئەوانەی زمانی چینی ئەزانن ملیار و چارەکە ملیارێکە، تەنیا لە وڵاتی چینا قسەی پێ ئەکرێ.

چوارسەد ملیۆن کەس زمانی ئینگلیزی ئەزانن، دوو سەد و هەشتا ملیۆنیان ئینگلیزی زمانی یەکەمیانە.

سەدوبیست ملیۆنەکەی تر ئینگلیزی زمانی دووەمیانە لەم بەرو ئەو بەری جیهانا پەرت و بڵاون.

هەرچەندە ژمارەی ئەوانەی زمانی چینی ئەزانن چوار بەقەد هی ئەوانەیە ئینگلیزی ئەزانن.. بەڵام ئینگلیزی بە زمانێکی جیهانی ئەژمێررێ نەك چینی.. چونکە لە هەموو وڵات و ناوچەیەکا خەڵك ئەدۆزرێتەوە ئینگلیزی بزانن.

نزیکەی سێ سەد و پەنجا ملیۆن کەس زمانی رووسی ئەزانن لە وڵاتانی

یەکیەتی سۆڤیەت و دەوروبەری.

زیاتر لە دووسەد و پەنجا ملیۆن و کەس زمانی عەرەبی ئەزانن لە وڵاتەکانی عەرەبی و ئیسلامیدا .

نزیکەی دووسەد و بیست ملیۆن کەس بە زمانی پۆڵەندی و دووسەد ملیۆن بە زمانی سپانی قسە ئەکەن... و بەم جۆرە تا ئەگاتە زمانی وا ژمارەی قسەکەرەکانی بەدەیان و سەدانن. بۆ نموونە زمانی ئەپاچی دە قسەکەری هەیە کە زمانی سەر بە لقی ئەتاپاسکانی سەر بە بنەماڵەی ئەمەرئیندیەنە].

ئەم زمانانە هەموو.. چ ئەوانەی ژمارەی قسەکەرەکانیان لە ملیارێ رەت بووە.. چ ئەوانەی ژمارەیان ناگاتە سەد... گەر لەبەر تیشکی لۆژیك و زانست و چەمکی پەرەسەندندا شی بکرێنەوە و بەراورد بکرێن دەرئەکەوێ هەموو بەقەد یەك ئاڵۆزن و هەموو لە هەمان پلەی پەرەسەندندان هەموو هەمان ئەرك بە هەمان پەیڕەو بەجێ ئەکەن.. ئەو جیاوازییانەی لە نێوانیانا بەدی ئەکرێ دیوی دەرەوەیان ئەگرێتەوە.. ئەگینا لە جەوهەردا هەموو یەکن زۆری و کەمی قسەکەرانی زمانێ یا دەوڵەمەندی و هەژاری زمان لە رووی فەرهەنگی وشەکانییەوە پێوەندیی بە باری مێژوویی خەڵکەکەوە هەیە کە قسەی پێ ئەکەن نەك زمانەکە.

## چەن وشە لە زمانا هەیە؟

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٢٤٦٩ی ١٤/٣/١٩٨٤

دەستنیشانیکردنی ژمارەی وشەکانی هەر زمانێ کارێکی ئاسان نییە و ناکرێ لەبەر چەن هۆییێك.

١– ژمارەی وشەکانی هەر زمانێ هەمیشە لە گۆڕینێکی خێرادایە بەردەوام. هەر ڕۆژەی دەیەها وشەی تازەی دێتە ناو و دەیەهای لێ لە بەکارهێنان ئەکەوێ.

٢– لە هەر زمانەدا سەدەها بەڵکو هەزارەها وشەی بێگانە هەیە. ئایا ئەم وشانە ئەخرێنە ناو فەرهەنگی زمانەکەوە یانا؟

٣– لەگەڵ ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باس کران نەبوونی پێناسینێکی ڕێك بۆ چەمکی وشە ڕێ ئەگرێ ژمارەی وشەکان لە هەر زمانێکا دەستنیشان بکرێ.

تا ئێستا زانستی زمان بە هەموو قوتابخانە و قۆناغەکانییەوە نەیتوانیوە پێناسینێکی بێ کەلەبەری وا بۆ چەمکی وشە داڕێژێ بشێ بکرێ بە بیناغە بۆ شیکردنەوەی زمان. هەموو ئەو پێناسینانەی دانراون گەر نەختێ بەقووڵی سەرنجیان بدرێتێ و لێیان بکۆڵرێتەوە ناتەواو دێنە بەرچاو و ئەنجامێکی ئەوتۆ بە دەستەوە نادەن. گەلێ ناوێزەیان تیا دەرئەکەوێ یا تەنیا بۆ هەندێ زمان ئەشێن (ئەویش بە ناتەواوی).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی وترا.. هەندێ لەو پێناسین و پەیڕەوانەی بەهۆیانەوە چەمکی وشە دەسنیشان ئەکرێن و لایەنی کزییان ئەخەینە بەڕوو.

١– وشە بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بە زار دروستکراو مانایێ ببەخشێ. یا ئەو دانە زمانییە تاکە مانایێکی هەبێ. زەحمەتی لێرە لەوەدایە بڕیار بدرێت (مانا) چییە و مەبەست لە تاکە مانایێ چییە؟

قوتابخانە فەلسەفییەکان هەزارەها ساڵە هەوڵ ئەدەن ئەمە ساغ کەنەوە و واتای (واتا) لێك بدەنەوە و جیاوازی نێوان جۆرەکانی دەستنیشان بکەن بێ

ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی ئەوتۆ بە دەستەوە بدەن. کە چەمکی مانا هێشتا خۆی پێ نەناسرابێ و ساغ نەکرابێتەوە چۆن ئەشێ بکرێ بە پێوانە بۆ پێناسینی شتێکی تر. بۆیە کردنی بە پێوانە بۆ پێوانی وشە پێناسینەکە لەق ئەکا.

بابڵێین لە روانگەیێکی تەقلیدییەوە سەیری مەسەلەکەمان کرد و زانیمان مەبەست لە (واتا) و تاکە واتا چییە.. بەپێی ئەمە (دەست) و (کورت) و (رەش) و (با) هەریەکە بە وشەیێکیان لە قەڵەم ئەدەین چونکە هەریەکە مانایێ ئەبەخشێ. ئایا (دەست کورت) و (رەشەبا) کە هەر یەکە تاکە مانایێ ئەبەخشن هەر یەکە یەك وشەن.

(کوڕ) و (کوڕەکە) و (کوڕەکان) و (کوڕەکانمان) هەریەکە یەك وشەیە ئایا لە رووی واتاوەش یەکسانن. چ پێوانەیێك وامان لێ ئەکا بڵێین (کوڕ) و (بتدیبایین) هەر دووك بەر چەمکی وشە ئەکەون لە کاتێکا (کوڕ) یەك واتا ئەبەخشێ و (بتدیبایین) کە لە قاڵبی وشەیەکدا داڕێژراوە مانای ڕستەیێکی تەواوی لە رووی کاتەوە ئاڵۆز ئەبەخشێ.

لە (گوڵ و موڵ) یا ( دیوار و میوار)دا.. (موڵ) و (میوار) وشەن یا نا.. گەر وشە بن چ واتایەکیان لە فەرهەنگا بۆ دائەنێی؟ گەر ووشە نەبن چین؟

(شاخ) کە زیاتر لە یەك مانا ئەبەخشێ وەك لە (شاخی ئاسك) و (شاخی سەخت)دا بە یەك یا دوو وشە لە قەڵەم ئەدرێت؟

گەلێ پرسیاری تری لەم بابەتە خۆیان راست ئەکەنەوە بێ ئەوەی وەلامێکی بێ کەلەبەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەچ هەوڵدانێ بۆ پێناسینی وشە لە رووی واتاوە ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نادات. واتا هیچ پێوانەیێکی سیمانتیکی نییە بۆ دەستنیشانکردنی چەمکی وشە لە زمانا.

٢- وشە هەر دانەیێکی (زمانی)ی سەربەخۆیە بتوانێ لە هەندێ باردا دەوری رستەیێکی تەواو بگێڕێ.

(من) وشەیێکی سەربەخۆیە چونکە لە وەلامدانەوەی (کێ بینی) ئەلێی (من) کە

کورتکراوەی ڕستەی (من بینیم)ە. ئەمە لەگەڵ پاشگر و پێشگری وەك (هەڵ – ڕا – ەوە –ن. هتد) ناکرێت بۆیە ئەمانە ناشێ بە وشە لە قەڵەم بدرێن. لێرەش دووچاری گەلێ گیروگرفت ئەبین لەگەڵ پرێپۆزیشن و وشەی وەك (بەڵام – چونکە – لە – بۆ ... هتد).

٣- لە هەندێ زمانا بە پێوانەی فۆنۆلۆجی وشە دەستنیشان ئەکرێت. بۆ نموونە زمان هەیە لە وشەکانیا هێز ئەکەوێتە سەر دوابڕگە. واتا شوێنی هێزەکە ئەبێ بە سنووری وشەکە وەك لە زمانی کوردیدا ئەمەش بەداخەوە هەموو وشەیێك ناگرێتەوە و گەلێ ناوێزەی وەك (بەڵام – چونکە)ی تیا دەرئەکەوێ.

زمانی تورکی و هەنگاری لەو جۆرە زمانانەن کە دارشتنی وشەکانیان سەر بە سیستەمی ڤاوڵی هارمۆنین. لەم جۆرە زمانانەدا ڤاوڵی ڕەگ چ جۆر بێ ڤاوڵی پێشگر و پاشگرەکەش سەر بۆ هەمان جۆر دائەنوێنن. واتا گۆڕینی شێوەی ڤاوڵ لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێ گوێزانەوەیە لە وشەیێکەوە بۆ وشەیێ. لەم جۆرە زمانانەش گەلێ ناوێزە دەرئەکەوێ و ئەم پەیرەوە ناشێ بکرێ بە پێوانە بۆ پێناسین و دەستنیشانکردنی وشە تەنانەت لەو زمانانەش کە سەر بەم سیستەمەن.

لە ئەنجاما ئەگەینە ئەوەی کە هیچ پێوانەیێکی سیمانتیکی یا فۆنۆلۆجی نییە بۆ پێناسینی ووشە و دەستنیشانکردنی لە زمانا. بۆیە گەر لە ڕوانگەیێکی زانستییەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکرێ هەرگیز ژمارەی وشەکانی زمان دەستنیشان ناکرێ.

## فەرهەنگی ناوی دەنگەکان و یاساییکی ڕێزمانی

ڕۆژنامەی پاشکۆی (عیراق) ژ٣٥ی ١١/ ٥/ ١٩٨٨

ئاژەڵ لە نووزە و هاواریانا..

ئاو و با لە جووڵانەوەیانا...

رووخان.. کەوتن.. تەقینەوە..

هتد هەموو دەنگیان لێ دەرئەچێ.

هەریەکە لەم دەنگانە لە زمانا ناوێکی هەیە. ناوەکە بە لاساییکردنەوەی دەنگەکە خۆی دائەڕێژرێ. onomatopoeia جیاوازییەکی تەواو بەدی ئەکرێ لە داڕشتنی هەمان ناو لە زمانە جیاوازەکانا. هەر زمانەی بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان و دەنگە تایبەتییەکانی خۆی. لاسایی دەنگەکە ئەکاتەوە.

بۆ نموونە دەنگی سەگ لە کوردییدا (حەپە)یە لە عەرەبی (عواء)ە. دەنگی ئاو لە کوردی (خوڕە) و (هاژە)یە لە عەرەبییدا (خریر) و (هدیر)ە . هەر یەکە بە جۆرێ لاسایی هەمان دەنگ ئەکاتەوە. بگونجێ لەگەڵ سروشتی دەنگەکانی و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی.

لە زمانی کوردییدا ژمارەیەکی زۆر لەم (ناوە دەنگی) یانە هەیە.. ئەمە هەندێ لەو ناوانەن.

باڕەی بزن

باعەی مەڕ

بۆڕەی گاو مانگا

بۆڵەی ورچ

بڵقەی ئاو

پرخەی کەروێشك (خەو)

تەپپەی رووخان

تەقەی تفەنگ

تەپەژنی دەهۆڵ

ترپەی پێ

تریقەی پێکەنین

جریوەی مەل

چرپەی قسە

چزەی سووتان

چقەی شکان

جووکەی چۆلەکە

جیکەی چۆلەکە

جیڕەی دان (قۆنەرە)

حەپەی سەگ

حیلکەی ماین

خشەی مار

خرمەی کرۆشتن

خڕەی گوێز

خوڕەی ئاو

رمبەی کەوتن

زرمەی تەقینەوە

زریکەی گریان

زیڕەی پڵینگ

زیکەی مشك

شەپپەی ئاو

شەقەی باڵ

فنی لووت

فیشکەی مار

ڤنگەی با
فیقەی زوڕنا
قاسپەی کەو
قاقای پێکەنین
قرتە قرتی مریشك
قرچەی سووتان
قرمژنی شەستیر
قووقەی کەڵەشێر
قیڕەی  قاز
قیژەی ئافرەت
کورکەی ماین
گارەی مریشك
گرمەی هەور
گڕەی ئاگر
گڤەی با
گوڕەی تەندوور
گڵپەی ئاگر
گمەی کۆتر
گیزەی زەردەواڵە (سەماوەر)
لرفەی ئاگر
لوورەی گورگ و چەقەڵ
میاوەی پشیلە
مرخەی کەروێشك
مرقەی بەراز
ناڵەی مرۆڤ
نەڕەی شێر

نرکەی ژن

نقەی مرۆڤ

نووزەی نەخۆش

هاڕژنی مووشەك

هاڕەی دەستاڕ

هاژەی شەپۆل

هۆنەی با

ملّچەی دەم

واقەی ڕێوی

ورتەی پیرەژن

ورشەی دارستان

وزەی زەردەواڵە (با)

وەڕەی سەگ

ویزەی هەنگ

بەشێکی ئەم ناوانە (چاوگ) یان لێ دائەڕێژرێ بە هۆی دوو پاشگری (اند – ین)ەوە. کە دەچنە سەر ناوەکە (ە) ئەتوێتەوە.

چریکە – چریکاندن

قیژە – قیژاندن

زریکە – زریکاندن

ئەم چاوگانە هەموو لەڕووی چەمك و ماناوە تێنەپەڕن بەڵام لە رووی پێوەندییان بە راناوە لکاوەکانەوە وەك تێپەڕ رەفتار ئەکەن. لە رابردوودا کۆمەڵە راناوی (م – ت – ی – مان – تان –یان) وەردەگرن بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ کاردا.

من چریکاندم

تۆ چریکاندت

ئەو چریكاندی

ئێمە چریكاندمان

ئێوە چریكاندتان

ئەوان چریكاندیان

ئەمە یێكێكە لەو هۆیانەی كە وا ئەكا نەشێ تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی كوردیدا بە پێوانەی ڕاناوە لكاوەكان لێك جیا كرێنەوە.

# نەژادی ناوی ئەمەریکا

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٧٩ی ٢٢/ ٣/ ٢٠٠٧

کۆنینەکان هەر وای بۆ ئەچوون کە ئەم ئەرزەی ئێمە تەختێکی پان و بەرینە بە زێی ئۆکیانۆس ئابلۆقە دراوە و کەوتۆتە چەقی جیهانەوە. لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زایندا بوو بیری خڕیی ئەرز لە گریکدا سەری هەڵدا. هەندێ سەرچاوە ئەم بۆچوونە ئەدەنە پاڵ پیتاگۆرەس (٥٨٢ – ٥٠٠ پ.ز) هەندێکیش ئەڵێن کە ئەرستۆ (٣٨٤ – ٣٢٠ پ.ز) خاوەنی ئەم بیرو بۆچوونەیە.

تا دوو هەزار ساڵیش دوای ئەم بۆچوونە مەزنە، مەسەلەی خڕیی ئەرز تەنانەت لای زۆر لە زانایانیش جێی گومان بوو. تا ساڵی ١٥٤٣ز، لە سەردەمی بووژانەوەدا، کتێبەکەی نیکۆلای کۆپرنیکەس (١٤٧٣ – ١٥٤٣) بە ناوی De Revolutionobus Orbim Celestium دەرچوو، تیایا مەسەلەی خڕیی ئەرزی وورووژاندەوە و بە پێی لۆجیکی بیرکاری و جووڵانەوەی تەنە ئاسمانییەکان ساغی کردەوە کە ئەرز تۆپێکی زەبەللاحە بەدەوری خۆی و هەتاوا ئەسووڕێتەوە. دوای ئەمە کێشەی خڕی ئەرز لای زانایان بڕایەوە و بوو بە ڕاستییەکی بێ گومان و زانیارییەکی باو.

دەرککردنی ئەم ڕاستییە وای لە دەریاوانان کرد بیر لە دۆزینەوەی ڕێگایێك بکەنەوە لە ڕۆژئاواوە پێی بگەنە ڕووگەی بازرگانان، وڵاتی بەهارات و کەلوپەلی جوان و دەگمەن و بە نرخ، هیندستان.

دەریاوانی ئیتالی کریستۆفەر کۆلۆمبوس (١٤٥١ – ١٥٠٦)، لەو بڕوایەدا بوو کە ئەتوانێ ئەم ئەرکە بهێنێتە دی و بەرەو ڕۆژئاوا ڕێ بکات و بگاتە هیندستان. لەم پڕۆژەیەیدا شای سپانی پشتگیریی کرد. لە ١٤٩٢/٨/٣دا ڕووەو ڕۆژئاوا کەوتە ڕێ، لە ١٢/ ١٠/ ١٤٩٢، واتا دوای حەفتا ڕۆژ چاوی بە وشکایی کەوت و وای بۆ چوو کە گەیشتۆتە هیند (هەر بۆیە دانیشتوانانی ڕەسەنی ئەمەریکا، بە هیندییە سوورەکان ناو ئەبرێن). واتا هۆی ناونانی دانیشتووە ڕەسەنەکانی

کیشوەری ئەمەریکا بە (هیندیی سوور) ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕێکەوتە لە ساڵی ١٤٩٧دا، پێنج ساڵ دوای گەشتەکەی کۆلۆمبوس، دەریاوانێکی تری ئیتالی بە ناوی (فیسپوچی ئەمەریکۆ) (١٤٥٤ – ١٥١٢)، ئەمیش وەك کۆڵۆمبوس، بەو ئاواتەی لە رۆژئاواوە بگاتە هیندستان کەوتە رێ. گەیشتە ئەو شوێنەی کۆلۆمبۆس پێشتر گەیشتبوویێ. ئەمەریکۆ بۆی دەرکەوت کە ئەو شوێنە هیندستان نییە، بەڵکو جیهان و کیشوەرێکی تری پێشتر نەزانراوە. ناوی نا (جیهانی نوێ).

لە ساڵی ١٥٠٧ دا، (مارتن ووڵدسیمۆلەر)، جوغرافیناس و خەریتەگرێکی ئەڵەمانی بوو، بەلایەوە (فیسپوچی ئەمەریکۆ) دۆزەری ئەم کیشوەرە نوێیەیە، نەخشەی خەریتەییێکی نوێی جیهانی داڕشت و ناوی ئەو شوێنە نوێ دۆزراوەیەی بە ناوی ئەم نا (ئەمەریکا). ئیتر بەم ناوە بڵاو بووەوە و چەسپی.

مێژووی بیری جوگرافی مافی دۆزینەوەی ئەم جیهانە نوێیە ئەخاتە پاڵ (کۆلۆمبوس). هەرچەندە تا مردنیشی لە ساڵی ١٥٠٦دا هەر لە سەر ئەو بڕوایەدا بوو کە ئەو شوێنەی گەیشتبوویێ هیندستان بوو. وەك ریزلێنانێك بۆی دوایێ وڵاتی کۆڵۆمبیا و زۆر شوێنی تر لە ئەمەریکا بەناوی نرا.

رایێکی تر هەیە لە بارەی نژادی ناوی (ئەمەریکا) وە، ئەوەیە ئەڵی، ئەمەریکا لە ناوی ریچارد ئەمێریکا Richard America وە وەرگیراوە. ئەمە دەوڵەمەندێکی خەڵکی شاری بریستولی سەر بە ئینگلتەرا بوو، پشتگیری و یارمەتیی دارایی دەریاوان جۆن کابوتی John Cabot دا لە هەڵمەتی دۆزینەوەی رێگا و شوێنی نوێ. گوایا جۆن کابوت یەکەم ئەورووپی بووە پێی نابێتە سەر خاکی ئەمەریکا، ئەوانی پێش ئەم هەر گەیشتبوونە دوورگەکانی دەریای کاریبی و بەر کەناری رۆژهەڵاتی ئەمەریکا. ئەم بۆچوونە لاوازە، هیچ بەڵگەیێکی بەهێزی مێژوویی بە دەستەوە نییە بیسەلمێنێ.

# زاراوەی شۆڕشی کۆپرینیکی

ڕۆژنامەی (العراق) ژ ٣١٥٥ی ٣/ ١/ ١٩٨٧

هەر دیاردە و نهێنییەکی سروشتی چەند بۆچوون و لێکدانەوەیەکی بۆ ئەبێ. بۆچوونی وا هەبووە بۆ سەدان و هەزاران ساڵیش بە ڕاستییەکی زەق زانراوە، لە پڕ یەکێ پەیا بووە و ڕایگەیاندووە و بە بەڵگە سەلماندوویەتی کە ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە زۆر دوور بووە لە ڕاستی و لێکدانەوەیەکی تری پێشکێش کردووەو بیر و بڕوای سەدان ساڵی خەڵکەکەی لە بارەیەوە بە جارێ لەقاندووە و سەرەوژێرکردووە و گۆڕیوە. ئەم جۆرە ڕووداوە بە (شۆڕشی کۆپرنیکی) ناو دەبرێ. بۆ نموونە لێکدانەوە مەزنەکەی لویس پاستیۆر (١٨٢٢– ١٨٩٢) لە بارەی هۆی دەرد و پەتاکانەوە. بۆچوونەکەی چارلس داروین (١٨٠٩– ١٨٨٢) لە بارەی پەرەسەندنی زیندەوەرەکان و نژادی مرۆڤ و جۆرەکانی ترەوە. خشتەی مەندەلیف (١٨٣٤ – ١٩٠٧) لەبارەی سروشتی کەرەسەکانەوە... هەموو ئەمانە شۆڕشی کۆپرنیکین. لە مێژووی بیر و زانستا هەزاران شۆڕشی کۆپرنیکی بەرپا بووە.

زاراوەی (شۆڕشی کۆپرینیکی) لەوەوە هاتووە کە نیکۆلای کۆپرینیکەس (١٤٧٣ – ١٥٤٣) ڕای گەیاند کە هەموو ئەو بۆچوون و لێکدانەوەیەی خەڵکی هەزاران ساڵ لە بارەی شێوەی گەردوون و پێوەندیی ئەرز بە هەتاو و مانگ و هەسار و کەرەسە ئاسمانییەکانی ترەوە ڕاست نین. شێوەیەکی تری ئەم پێوەندییەی پێشکێش کرد و بڕوا و ڕای هەموو زانا و خەڵکەکەی لەم بارەیەوە لەقاند و گۆڕی. لەو ساکەوە هەر ڕایەکی تازە بێتە کایەوە دەربارەی هەر دیاردەیێك و ئەم ڕایە تازەیە بڕوا و بۆچوونی ساڵەهای ساڵی خەڵکەکە ڕاماڵێ و سەرەو ژێری کا.. بە شۆڕشی کۆپەرینیکی لە قەڵەم دەدرێ.

نیکۆلای کۆپرینیکەس لە ساڵی (١٤٧٣) لە پۆلۆنیا لە شاری پورن لە سەر زێی ڤیستۆل لە دایك بووە. باوکی بازرگانێکی خەڵکی شاری کراکۆ بوو. کە مرد نیکۆلای دە ساڵان بوو. دوای ئەم خاڵێکی قەشەی هەبوو بەخێوی کرد. نیکۆلای

تا حەڤدە ساڵان لە قوتابخانەی پۆڕن خوێندی. دوای ئەمە بە ئارەزووی خاڵەکەی چووە زانکۆی کواکۆ بۆ خوێندنی ئاینی. بە خوێندنی پزیشکی دەستی پێ کرد پاشان وازی هێنا و ڕووی کردە فەلەك و بیرکاری. ساڵی (١٤٩٦) چووە ئیتالیا، لە شاری پۆلۆن و پادواو فیرارا خوێندنی تەواو کرد و بڕوانامەی خۆی وەرگرت. کە گەڕایەوە لە هێلسبیرگ لای خاڵەکەی دامەزرا. لەوێ دەستی کرد بە پێشکێش کردنی را شۆڕشگێڕەکانی لە بارەی فەلەکەوە. ساڵی ١٥١٢ خاڵەکەی مرد ئەویش شاری هێلسبیرگی بەجێ هێشت و چووە فراونبێرگ تیایدا تا مردنی لە ساڵی ١٥٤٣ حەوایەوە.

نیکۆلای کۆپرینیکەس.. شان بە شانی قەشایەتی و یارمەتیدانی لێقەوماو و هەژارانی شارەکەی لە کاروباری پزیشکیدا، زۆربەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی فەلەکی تەرخان کردبوو. تا مرد هیچ نووسینێکی بڵاو نەکردەوە راکانی هەموو بە هۆی گفتوگۆ و ئەو کۆڕانەی دەیبەستن بڵاو دەکردەوە لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا بوو کتێبێکی خستە ژێر چاپ بە ناوی (on the revolutions of the Celestial Spheres) هەموو را شۆڕشگێڕەکانی خۆی تێیدا پێشکێش کرد. لە سەرەمەرگا بوو کتێبەکەی دەرچوو. پێش مردنی بە چەند دەقەیێك دانەیێکی فریا کەوت و دایانێ بیبینێ. دەڵێن پێڕانەگەیشت بیکاتەوە.

یەکەم بۆچوونی کۆپرینیکەس لە بارەی سووڕانی ئەرزەوە بوو بە دەوری خۆیەوە بوو. تا سەردەمی کۆپرینیکەس خەڵك و زانایان وا تێ دەگەیشتن کە ئەرز ناوەڕاستی گەردوونە و وەستاوە، هەتاو و مانگ و هەسارو ئەستێرەکان هەموو رۆژ هەڵدێن و بە ئاسمانا هەڵدەگەڕێن تا ئاوا دەبنەوە. کۆپرینیکەس وای ڕاگەیاند و روونی کردەوە کە هەڵهاتنی رۆژانەی ئەم کەرەسە ئاسمانییانە دەشێ بە دوو جۆر لێك بدرێتەوە. یا ئەوەتە ئەرز وەستاوە و ئەوان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. یا ئەوەتە ئەوان وەستاون و ئەرز بە دەوری خۆیەوە دەسووڕێتەوە. بە بەڵگەی لۆژیکی و ماتماتیکی ساغی کردەوە کە لێکدانەوە دووەمەکەی راستە. هەڵهاتن و ئاوابوونی رۆژانەی هەتاو و مانگ و هەسار و ئەستێرەکان لە ئەنجامی سووڕانی ئەرزە بە دەوری خۆیا.

نیکۆلای کۆپرینیکەس ئەم بۆچوونەی فراوانتر کرد و جووڵانەوەیەکی تری ئەرزی خستە سەر کە سووڕانی ساڵانەیەتی بە دەوری هەتاوا ئەوەشی دەرخست کە چوار کەژەکە و دەرکەوتنی ساڵانەی کەژاوەکان Constellation لە ئەنجامی ئەم سووڕانەیە. بەم لێکدانەوەیەی هەسارەکانی تریشی خستە خانەی ئەرزەوە. واتا ئەرزی کردە هەسارێکی وەك ئەوانی تر هەموو بە دەوری هەتاوا دەسووڕێنەوە هەر یەکە لە سووڕگەی تایبەتیی خۆی بەم لێکدانەوەیەی هەتاوی کردە ناوەڕاستی گەردوون هەسارەکان بە دەوری خۆ و هەتاوا دەسووڕێنەوە بەڵام رای لە بارەی ئەستێرەکانەوە هەر کۆنەکە مایەوە تا زانای ئیتالی کیۆردانۆ برۆنۆ (١٥٤٧ – ١٦٠٠) دەری خست کە ئەو ئەستێرانەی وا بچووك و کز دیارن هەر یەکە هەتاوێکە گەش و گەورە بە قەد هەتاوی ئێمە. لە بەر یەکجار دوورییان لێمانەوە وا کز و بچووك دیارن هەر یەکە لەم ئەستێرانەش لەوانەیە چەند هەسارێکی بە دەوریا بسووڕێنەوە، وەك هەتاوی ئێمە.

سەرچاوەکانی مێژووی زانست وای روون دەکەنەوە کە ئەو نەزەرییەی کوپرینیکەس لە ساڵی ١٥٤٢ پێشکێشی کرد.. پێش ئەم بە نزیکەی دوو هەزار ساڵ فەیلەسووفی گریکی ئەریستارشۆسی سامۆسی (٣١٠ – ٢٢٠ پ. ز) بۆی چووە.

# تاتی ڕۆزیتا

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٧٨ی ٢٢/٢/٢٠٠٧

لە ساڵی ١٧٩٩دا... تیمێکی فەرەنسیی سەر بە سوپای ناپلیۆن لە میسردا تاتنووسێکی لە نزیك دەوی زێی نیل لە ناوچەی رەشید (رۆزیتا)دا دۆزییەوە ، وەك کێل نیوەی لە ناو لمدا نێژرابوو. ئەستوورییەکەی ٢٨سم و درێژییەکەی ١١٤ سم و پانییەکەی ٧٢ سم بوو. دەقێکی لەسەر بە دوو زمان ، بەم سێ جۆر نووسینە نەخشێنرابوو:

١ – هیرۆگلیفی، کە بابەتی ئاینی و شتی پیرۆزی پێ ئەنووسرا.

٢ – دیمۆتیکی، کە نووسینی خەڵکی گشتی و رەش و رووت بوو.



٣ – گریکی، کە زمان و نووسینی فەرمانڕەواکان بوو.

تاتنووسەکە برایە ئینگیلتەرا و لەوێ لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزرا و تا ئیستاش هەر لە شوێنی خۆیەتی لە ژێر ناوی بەردی رۆزیتا.

تاتی ڕۆزیتا

جین فرانسس چامپلیۆن Jean Francios Champolion کە شوێنەوارناس و زمانەوانێکی فەرەنسی بوو لەم دەقەی کۆڵییەوە. دوای ساڵەهای ساڵ هەوڵدان و کارکردن توانی لە سروشت و سیستەمی نووسینەکانی حاڵی بێ و لە رێیەوە گرێکوێرەی نووسینی هیرۆگلیفی بکاتەوە و سیستەمی نووسینی هیرۆگلیفی

ئاشكرا بكات كە تا ئەوسا سەدان زانا هەوڵیان بۆ دابوو و نەگەیشتبوونە ئەنجام.

شارەزایی چامپلیۆن لە زمانی گریکی و قوپتی نویێ بوون بە هۆ ڕێگەیان بۆ پاك كردەوە بگاتە ئەم دەسكەوت و ئەنجامە مەزنە.

١- لە ڕێی دەقە گریکییەکەوە لە چەمك و واتای ناوەرۆکی نووسراوەکە گەیشت.

٢- لە ڕێی زمانی قوتبییەوە توانی دەركی ڕەگی وشەكانی دەقە دیمۆتییەكە بكات، كە شێوەی كۆنی قوپتیی نوێیە.

٣- بە بەراوردكردنی وشە بەرانبەرەكان و كار و ناوە دووبارە كراوەكان توانی ڕەگی وشەكانی دەقە هیرۆگلیفییەكە دەستنیشان بكات.

لە ساڵی ١٨٢٢دا وتارێكی بە ناوی Lettre a Dacier بڵاو كردەوە ئەنجامەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیەی تیا پێشكێش كرد كە بە هۆیەوە پێڕەوی خوێندنەوەی نووسینی هیرۆگلیفی زانرا. ئەمە مەزنترین دەسكەوتی زانستی بواری ئەركیۆلۆجیی فیرعەونی و میسریلۆجیی كۆنە.

ئەم دەقە لە ساڵی ١٩٦پ. ز لە لایەن ئایندارەكانەوە نەخشێنراوە بۆ ڕێزگرتن لە فیرعەونی میسر بتلیمۆسی پێنجەم كە شای میسر بوو لە ساڵانی (٢٠٥ - ١٨١پ. ز) ، تیایا دەسكەوتە مەزنەكانی كە بۆ بەرژەوەندیی خەڵكی جێبەجێی كردوون، بەم سێ جۆر نووسینە پێشكێش كراوە كە ئەوسا هاوكات بەكار ئەهێنران ، تا هەموو كەس بۆی هەبێ بیخوێنێتەوە و ئاگاداری ناوەرۆكەكەی بێ.

## تێبینی یەك لە بارەی شوێنی هێز لە وشەی کوردیدا

رۆژنامەی (العراق) ژ ٤٦٦٧ی ٢٧/ ٥/ ١٩٩١

هێز stress زیادە وزەییێکی دەنگییە لە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشەدا سەرهەڵدەدا. بۆ نموونە وشەی (بەڵام) لە دوو بڕگە پێکهاتووە (بە + ڵام). هەڵچوونێکی لە پڕی دەنگیی لەسەر بڕگەی یەکەمدا بەدی دەکرێ. ئەم هەڵچوونە لەسەر بڕگەی دووەمدا نابیسترێ.

لە وشەی (خانوو) دا، کە ئەمیش لە دوو بڕگە پێك هاتووە (خا + نوو)، هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم. وشەی (ئەستێرە) لە سێ بڕگە پێك هاتووە (ئەس + تێـ + رە)، هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی سێیەم.

ئەگەر شوێنی هێز لەم وشانەدا گۆڕرا وشەکان دەشێوێن و تێك دەچن بەڕادەیێ لەوانەیە خاوەن زمانەکەش نەیانناسێتەوە و بە وشەی بیانییان تێبگات.

هەر زمانێك دەستەیێك یاسای فۆنۆلۆجیی تایبەت بە خۆوەی هەیە بەهۆیانەوە شوێنی هێز لەسەر وشەکانیدا دەستنیشان دەکرێن.

لە زمانی کوردیدا بە شێوەییێکی گشتی – هێز دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە. هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەون، وەك (چونکە – بەڵام – هێشتا...).

ئێستا لەم وشانە (نوستن – ئازادی – برایەتی – سەوزە) رامینێ ببینە چۆن ئەگەر شوێنی هێز تیایانا گۆڕرا واتاکانیان دەگۆڕێ.

لە (نوستن) دا گەر هێز لەسەر دوا بڕگەدا بێ، واتای (ناویی – چاوگی) دەگەیێنێ، وەك بڵێی (نوستن خۆشە). ئەگەر هێزەکە برایە سەر بڕگەی یەکەم واتاکە دەگۆڕێ و دەبێتە (ئەوان نوستن).

لە وشەی (ئازادی) دا کە لە سێ بڕگە پێك هاتووە (ئا + زا + دی) کە هێز لە سەر دوا بڕگەدابێ وەك ناو واتای (سەربەستیی) دەگەیێنێ. ئەگەر هێزەکە خرایە سەر بڕگەی دووەم واتاکە دەبێتە (تۆ ئازادی).

لە وشەی (برایەتی)دا لەم دوو رستەیەدا واتا جیاوازەکانیان روون دەبێتەوە (برایەتیی من و تۆ ) و (ئازاد برایەتی). هەمان شت لە گەڵ وشەی (سەوزە) دا.

لە ئەنجامی بەراوردکردنی ژمارەیێکی زۆری تر لەم جۆرە جووتە وشانە دەردەکەوێ کە ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەر وشەیێ و وشەی تازەی خاوەن واتای تازەی لێ پێك هێنا ئەوە کار لە شوێنی هێزەکە دەکات و دەیگوێزێتە سەر دوا بڕگەوە. ئەگەر کاری لە واتاکە نەکرد هێزەکە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە جێی خۆی ناگۆڕێ.

[ن] و [ی] دوو مۆرفیمی (مۆرفۆلۆجین). [ن] دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردووی کار، ناویان لێ دادەڕێژێ، کە وشەی تر و خاوەن واتای تر و سەر بە بەشە ئاخاوتنی ترن، بۆیە کە دەچێتە سەر (نوست) کاری لە شوێنی هێز کرد و هێنایە سەر دوا بڕگەوە [نوس + تن= توستن].

(ی) دەچێتە سەر ئاوەڵناو و ناوی لێ دادەڕێژێ بەهەمان شێوە کار لە شوێنی هێزەکە دەکات چونکە هێز لە وشەی زمانی کوردیدا لە سەر دوا بڕگەدا سەر هەڵدەدا [ئازا + دی = ئازادی].

لە لاییێکی ترەوە [ن] و [ی] جگە لەوەی دوو مۆرفیمی مۆرفۆلۆجین هاودەنگیشن Homophone لەگەڵ دوو مۆرفیمی تری رێزمانی (سینتاکسی)، دەچنە سەر رەگی رابردووی کار و ئاوەڵناو بۆ بەجێهێنانی ئەرکی سینتاکسی کە کار لە واتای وشەکە ناکەن و بەشە ئاخاوتنەکەی ناگۆڕن.

[ن] نیشانەی رێکەوتنە لەگەڵ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ:

ئێوە نوست – ن.

ئەوان نوست – ن.

ئێوە ئازاد – ن.

ئەوان ئازاد – ن.

[ی] نیشانەی رێکەوتنە لەگەڵ کەسی دووەمی تاك:

تۆ نوست – ی.

ئۆ ئازاد – ی.

که [ن] و [ی] چوونه سەر (نوست) و (ئازاد) واتا و بەشە ئاخاوتنەکەیان نەگۆڕی، بەڵکو پێوەندییان یان پێشان دا لەگەڵ بەشی تری رستە، بۆیە کاریان لە شوێنی هێز نەکرد.

لـە ئـەنـجـامـدا ئـەوە دەردەکـەوێ کـە ئـەگـەر مـۆڕفـیـمـێ خـرایـە سـەر هـەچ وشە و مـۆڕفـیـمـێـکـی تـر و شوێنـی هـێزی گـۆڕی ئـەوە مـۆڕفـیـمـێـکـی مـۆڕفـۆلـۆجـی یـە Derevational ئەگەر نەیگۆڕی ئەوە مۆڕفیمێکی سینتاکسی یە Inflectional. ئەمە پـێوانـەیـێکـی فـۆنـۆلـۆجـیـیـە بـۆ جـیـاکـردنـەوەی مـۆڕفـیـمـی سینـتـاکـسی لـە هـی مۆڕفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا.

# ئاوازی رستە و واتا

پاشکۆی عیراق ژ ١٥٨ی ١٩٩١/٩/٦

دەنگەکانی زمان لە گەلێ رووەوە پۆل دەکرێن و لێیان دەکۆڵرێتەوە. یەکێ لەمانە ئەوەیە دەنگەکان دەبنە ژێدار voiced و بێ ژێ voiceless.

مەبەست لە دەنگی (ژێدار) ئەوەیە لە کاتی دروستکردنی دەنگەکە ژێکان vocal cords دەلەرنەوە لە بێژێدا نالەرنەوە. بۆ نموونە دوو دەنگی [ز] و [س] کە هاوشوێنن homorganic واتا لە هەمان شوێن لە زاردا دروست دەکرێن، هەڵوێستی زمان و هەموو بەشەکانی تری ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنیان دەقاودەق هەمان شتە. ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە ئەوەیە لە [ز] دا ژێکان دەلەرنەوە و لە [س] دا نالەرنەوە. هەمان شت لەگەڵ ئەم جووتە دەنگانە:

[ژ ـ ش] ، [د ـ ت] ، [گ ـ ك] ، [ڤ ـ ف] ، [ب ـ پ] .

جگە لەمە لەرینەوەی ژێکان کەرەسەیێکی تری یەکجار گرنگی زمانی پێك دەهێنن. ئەم کەرەسەیە بە گۆڕینی ڕادەی خێرایی لەرینەوەی ژێکان دێتە ئەنجام، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوازی جیاجیا بە هەمان رستە و دەربڕین ببەخشێ . هەر ئاوازێکیش واتاییێکی تایبەتیی جیا بە ریزە دەنگەکە دەبەخشێ. بۆ نموونە رستەی:

**ئازاد دوێنێ هات.**

دەیان واتای جیا دەبەخشێ بە پێی ئاوازەکەی Intonation. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لە سەرتاپای ئەم رستەیەدا هەمان شت بوو Level، رستەکە واتای خەبەری دەگەیێنێ. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (ئازاد) دا زیاد کرا ، رستەکە دەبێتە وەڵامی (کێ دوێنێ هات ؟) کە واتاو مەبەستێکی تری جیا لەوەی سەرەوە دەگەیێنێ.

**ئازاد دوێنێ هات .**

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (دوێنێ) دا زیاد کرا ، رستەکە

دەبێتە وەڵامی ( ئازاد کەی هات؟ ) کە واتا و مەبەستێکی جیا لەوانەی پێشوو دەگەیێنیّ.

**ئازاد دوێنیّ هات .**

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (هات)دا زیاد کرا ، رستەکە دەبێتە وەڵامی ( ئازاد دوێنیّ چیی کرد؟ ) کە واتا و مەبەستێکی جیا لەوانەی سەرەوە دەگەیێنیّ.

**ئازاد دوێنیّ هات .**

ئەگەر وزە و خێراییيەکی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر وشەی ( ئازاد) یا (دوێنیّ) یا (هات) رستەکە دەبێتە پرسیار.

١- (ئازاد)؟ دوێنیّ هات .

٢- ئازاد (دوێنیّ)؟ هات .

٣- ئازاد دوێنیّ (هات)؟.

......... هتد

هەر رستەیێ لە هەر زمانێکا بەدەستەوە بگریت دەیان واتاو مەبەستی جیاواز دەبەخشیّ بە پێی ( ئاوازەکەی) . تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوەو باری دەروونیی قسەکەرەکەش بە هۆی ئاوازی رستەکە ئاشکرا دەبیّ و دەزانریّ واتا هەموو رستەیێك لە هەموو زمانێکا لە نووسینا لێڵە.

# کوردی زمانێکی پۆلۆسینسیتیکە

گۆڤاری (نووسەری نویێ) ژ ٣٦ ساڵی ٢٠٠٧

مۆرفیم کەرەسەی خاوی دارشتنی وشەیە، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە رۆڵێکی لە رێزمانا دەخرێتە پاڵ، لە فۆنیمێ یا زیاتر پێك دێت. رستەی:

منداڵە بچووکەکە ئاو دەخواتەوە

لەم چوار وشەیە پێك هاتووە (منداڵە – بچووکەکە– ئاو – دەخواتەوە)

وشەی یەکەم (منداڵە) لەم مۆرفیمانە پێکهاتووە:

١– [منداڵ] یەك مۆرفیمە، لە چوار فۆنیم پێك هاتووە. یەك واتای هەیە

٢– [–ە] مۆرفیمێکە لە یەك فۆنیم پێك هاتووە، دەوری لە رێزمانی کوردیدا لێکدانی ناو و ئاوەڵناوە گەر ناوەکە ئامرازی پێناسینی لە گەڵا دەرکەوت.

وشەی دووەم (بچووکەکە) لەم دوو مۆرفیمە پێکهاتووە:

١– [بچووك] لە چوار فۆنیم پێك هاتووە و واتایێك دەبەخشێ.

٢– [ەکە] لە سێ فۆنیم پێك هاتووە، ئامرازی پێناسینە.

وشەی سێیەم [ئاو] لە دوو فۆنیم پێکهاتووە.

وشەی چوارەم (دەخواتەوە)

١– [دە] لە دوو فۆنیم پێکهاتووە، ئامرازی بەردەوامییە.

٢– [خۆ] لە دوو فۆنیم پێکهاتووە، رەگی کاتی ئێستای داهاتووی (خواردن) –ە.

٣– [ات] لە دوو فۆنیم پێکهاتووە. راناوی رێکەوتنە، کەسی سێیەمی تاك (ئەو) دەگەیێنێ.

٤– (ەوە) لە سێ فۆنیم پێکهاتووە. مۆرفیمێکی وشە دارێژە.

وشەکانی زمان لە رووی پێکهاتنی مۆرفۆلۆجییەوەو پێوەندیی مۆرفیمەکان بە یەکتر لەناو چوارچێوەی وشەدا سێ جۆرن.

یەکەم: ئەو وشانەی لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێك دێن، مۆرفیمەکانی بەڕیز پێکەوە دەلکێن و قاڵبی هەر یەکەیان بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێن و لێك جیا دەکرێنەوە، وەك:

کچەکەتان/ کچ – ەکە – ت– ان

هەڵگەڕانەوە/ هەڵ – گەڕ – ا – ن – ەوە

دووەم: ئەو وشانەی لە زیاتر لە مۆرفیمێك پێك دێن و مۆرفیمەکانی لەناو یەکتردا تواونەتەوە و قاڵبەکانیان دەستنیشان ناکرێن و لێك جیا ناکرێنەوە. وەك وشەی (هات) کە لەم سێ مۆرفیمە پێك هاتووە:

١– رەگی داهاتووی لە (هاتن) وەرگیراو.

٢– مۆرفیمی نیشانەی کاتی رابردوو.

٣– راناوی کەسی سێیەمی تاکی بەرامبەر (ئەو).

هەرگیز قاڵبی ئەم مۆرفیمانە لە ناو ئەم وشەیەدا دەستنیشان ناکرێن. بە پێچەوانەی وشەی (هێنای) کە لەم مۆرفیمانە پێك دێت:

١– [هێن] (رەگی کاتی داهاتووی لە چاوگی – هێنان – ەوە وەرگیرا.

٢– [ا] مۆرفیمی کاتی رابردوو.

٣– [ی] راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو).

سێیەم: ئەو وشانەی لە تاکە مۆرفیمێك پێك دێت و هەرگیز رێگە نادەن هیچ مۆرفیمێکی تریان پێوە بلکێ وەك (کە – تا – چونکە).

لە هەموو زمانێکا هەرسێ جۆر داڕشتن بەرچاو دەکەوێ ئەوەندەیە رێژەی جۆرێکیان لەوانی تر پترتر دەبێ رێژەی جۆرێکی تر بە پلەی دووەم دێ ئەویتریان بە پلەی سێیەم.

زمانەوانی ئەڵەمانی ویلهێلم ڤۆن هەمبۆڵدت (١٧٢٦ – ١٨٣٥) زمانانی جیهانی دابەش کردە سەر سێ جۆر بە پێی سروشتی پێکهاتنی مۆرفیمی وشەکانی.

١– ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری یەکەمە ناوی نان agglutinative (نووساو). وەك یابانی و تورکی و سواهیلی.

٢– ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری دووەمە ناوی نان Fusional یا (تواوە) لاتینی و یۆنانی.

٣– ئەو زمانانەی زۆربەی وشەکانیان لە جۆری سێیەمە ناوی نان Isolating یا analytic (دوورەپەرێز). وەك چینی و بورمی.

دواییّ و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەراورد کرنی ژمارەییێکی زۆر لە زمانانی جیهان بە پێی ئەم بنەمایە لە بواری بەراوردیی Typology دا، دوو جۆری تر دەستنیشان کران کە ئەمانەن:

٤– زمانی Incorporating یا (ئاخنراو): ئەمە تایپێکە لە agglutinative. ئەوەندەیە وشەی وای تیایا ژمارەی مۆرفیمەکانی زۆرن و دەشێ رستەی تەواوی تیا لە قاڵبی وشەیەکدا دارێژرێ وەك زمانی کوردی لە وشەی (رامانەگرتبوویت – ئێمە تۆمان رانەگرتبوو). **واتا زمانی کوردی دەکەوێتە خانەی تایپی (پۆلۆسینسیتی) یا (ئینکۆرپۆرەیشن).**

٥– زمانی ناوگری Infix لەم جۆرە زمانەدا مۆرفیمەکان وەك دوو شانە دەچنە ناو یەك و رەگی یەکتر دەسمن. قاڵبی هەر یەکە لە مۆرفیمەکان بە روونی دەستنیشان دەکرێ. زمانی عەرەبی نموونەی زۆری لەم تایپە تێدایە. بۆ نموونە رەگی (ع –– م –– ل ––) ریزە بزوێنی وەك (–ە –– –ە) تێهەڵکێشی بۆشایی یەکەم و دووەم دەکرێ و دەبێتە (عەمەل) واتا (ئیش). ئەگەر ریزە بزوێنی (–ە –– –ە –ە) تێهەڵکێشی بۆشایی یەکەم و دووەم و سێیەم کرا دەبێتە ( عمل – عەمەلە) واتا (کردی). ئەگەر (ا –– ی) خرایە بۆشایی یەکەم و دووەم دەبێتە (عامل – عامیل) واتا (کرێکار) و.

# سەرهەڵدانی نووسین

ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق ژ ٤١ی ١٩٨٨/٦/٢٢

نووسین گرنگترین و مەزنترین داهێنانی مرۆڤە. توانی بە هۆیەوە ڕووبەڕووی کات و شوێن بوەستێ و تەجرەبە و دەسکەوتە فیکری و زانستییەکانی خۆی بگەیێنێتە هەموو شوێن و نەوەیێکی دوای خۆی.


پێش داهاتنی نووسین... زانیاری بە لەبەرکردن لە زارێکەوە بۆ زارێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیێ دەگوێزرایەوە. سنووردارییی تەمەنی مرۆڤ و توانینی مێشك لە پاراستنی زانیاری وای لە دەسکەوتەکان دەکرد هەر لە ناوچەیێکی تەسکدا بمێنێتەوە و لەگەڵ مردنی خاوەنەکەی بنێژرێن. نووسین هات و ئەم گیروگرفتەی چارەسەر کرد و پێوەندیی تەواوی لە نێوان ناوچە و نەوە جیاوازەکانا چەسپاند مێشکی هەموو مرۆڤی کرد بە یەك. هەموو ئەم پێشکەوتنانەی مەیدانی فیکری و تەکنەلۆجیی ئیمڕۆمان بەسایەی نووسینەوەیە.

نژادی نووسین و چۆن و کەی و لەکوێ و چ میللەتێ دایهێناوە... نهێنییەکی ئاڵۆزی مێژووی مرۆڤایەتییە. زۆر میللەت خۆیان دەکەن بە خاوەن و دەیدەنە پاڵ خۆ. هەر یەکە چیرۆکی تایبەتیی خۆی لە بارەی چۆنیەتی پەیابوون و داهێنانییەوە هەیە. زۆربەی ئەم چیرۆکانەش قاڵبی ئەفسانەیی دەگرنەخۆ. بۆ نموونە ئەفسانەیێکی چینی دەڵێ خواوەندی چوار چاو (تسانگە چێین) نووسینی پێشکێش مرۆڤ کردووە. ئەفسانەیێکی تر دەڵێ نووسین لەسەر پشتی کیسەڵێ دۆزراوەتەوە...

کۆنترین شێوەی نووسین ئەوەیە کە بە ئیدیۆ گرام ideogram ناو دەبرێ واتا (وێنەی ئەندێشە). لەم جۆرە سیستەمەدا بۆ نووسینی هەر شتێ وێنەی شتەکە دەکرێ .بۆ نموونە بۆ نووسینی (هەتاو) وێنەی هەتاو دەکرێ بۆ (خانوو) وێنەی خانوو دەکرێ.




ئەو وێنە و نووسینانەی لە ئەشکەوتەکانی ئەلتامیرا لە ئیسپانیادا دۆزراونەتەوە و پێش زیاتر لە بیست هەزار ساڵ نەخشێنراون... ئێستاش بە ئاسانی دەخوێنرێنەوە, چونکە لەم جۆرە نووسینەدا پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان نووسین و مەبەستدا هەیە.



ئەم نووسینە شێوە بینراوەکەی مەبەستەکە دەنوێنێ نەك دەنگەکانی وشەکەی.

وەك دەردەکەوێ... ئەم جۆرە نووسینە لە زۆر شوێن و ناوچەی جیا جیادا لەم بەرو ئەو بەری جیهانا سەری هەڵداوە لەهەر شوێنەش رێچکەیێکی جیای لە پەرەسەندنیا گرتۆتەبەر.

لە سەرەتادا نەدەشیا

چـەمـكـی واتـەكـی (مـعـنـوی)ی وەك (ڕوونـاكـی، تـرس، گـەرمـا... هـتـد) بـەم جـۆرە نووسینە دەربڕڕێ... بە تێپەڕینی كات پەرەی پێدرا و فراوان كرا بە جۆرێ بشێ شتی مەعنەویشی پێ بنووسرێ. بۆ نموونە بۆ نووسینی هەتاو وێنەی (هەتاو) دەكرا دوایێ وای لێ هات ئەم جۆرە مەبەستانەش بگرێتە خۆ (گەرمی - ڕووناكی - رۆژ - هاوین... هتد) بۆ جیا كردنەوەیان نیشانەیێك بۆ هەر مەبەستێ دادەنرا لەوانی تری جیاكاتەوە.

بە تێپەڕینی سەدەها ساڵ ئەم جۆرە نووسینە فراوانتر كرا. وێنەكانی بەرەبەرە داتاشران بەڕادەیێك وای لێ هات. نەتوانرێ بێ فێربوونیان بخوێنرێنەوە. زمانی چینی ئێستاش ئەم سیستەمە بەكار دەهێنێ.

زۆربـەی ئـەو زانـیـاریـیـانـەی لـەبـارەی پـەیـا بـوون و پـەرەسەندنـی نـووسیـنـی ئـیـدیـۆگـرامـیـیـەوە، لـەو نـووسراوانـەوە زانـراون كـە لـە پـاش سۆمـەرییـەكـانـەوە بەجێماونەتەوە و بە نووسینی cuneiform (بزماری)یا (مێخی) ناو براوە.


سۆمـەریـیـەكـان مـیـلـلـەتـێـكـی دێـریـنـی نـژاد ونـن. لـە بـاشووری عـێراقـدا شارستانییەتێكی پتەویان دامەزراند. وەك دەركەوتووە ئەم میللەتە بە زۆری خەریكی بازرگانییێتی بوون . پێویستی ناچاری كردوون بیر لە چۆنیەتی تۆمار كـردنـی كـاروبـاری بـازرگـانـیـێتـیـی خـۆیـان بكـەنـەوە. ئـەنجـامـەكـەی ئـەوە بـوو نووسینیان داهێنا.

جۆری نووسینیان لە سەرەتادا لەسەر شێوەی ئیدیۆگرامی بوو. كە بۆ نووسینی هەر شتێ وێنەكەی دەكرا. ئەم نووسینە لای سۆمەرییەكان پەرەی سەند و گۆڕا تا ئەو شێوەیەی وەرگرت كە بە بزماری ناو دەبرێ.

لە میسرا نووسینی ئیدیۆگرامی لە پەرەسەندنیا ریچكەیێكی تری گرتە بەر و هیرۆگلیفیی لێ پەیا بوو پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا. زۆربەی هەرە زۆری ئەلف و بـێیـەكـانـی جـیـهـان لـە هـیـرۆگـلـیـفـیـیـەوە شۆڕبـوونـەتـەوە، كـە ئـەمـیش لـە ئیدیۆگرامییەوە دستی پێ كرد. .

نووسینە جۆر بە جۆرەكانی جیهان هەمووی لە ئیدیۆگرامییەوە دابەزیون بەم


شێوەیەی لەم وێنەیەدا روون کراوەتەوە.




سیستەمی نووسین پێوەندیی بە نەژادی زمانەوە نییە سەدان هەزار ساڵ پێش پەیابوون و داهاتنی نووسین زمان هەر هەبووە زمان دیاردەیەکی سروشتییە.. لە ژێر رکێفی یاسا سروشتییەکانا کار دەکا و لە ژوور دەسەلاتی مرۆڤدایە کەچی نووسین دەسکردە.. وەك هەر یاسایێکی تری دانراو مرۆڤ هەمیشە دەتوانێ دەسکارییان بکات بیانگورێ بە پێی گۆڕینی بار و دۆخ و پێویست.

# ریزبوونی پیتەکانی ئەلفبێتی زمانە کۆنەکان


| ناوی پیت | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Ālaph<br>گا | 𐡀 | ا | א | 𐤀 ʾālep | A | A | A | ܐ |
| Bēth<br>خانوو | 𐡁 | ب | ב | 𐤁 bēt | B | B | B, Б | ܒ |
| Gāmal<br>حوشتر | 𐡂 | ج | ג | 𐤂 gīmel | Γ | C, G | Г | ܓ |
| Dālath<br>دەرگا | 𐡃 | د | ד | 𐤃 dālet | Δ | D | Д | ܕ |
| Haw<br>پەنجەرە | 𐡄 | هـ | ה | 𐤄 hē | E | E | E, Є | ܗ |
| Waw<br>قولاپ | 𐡅 | و | ו | 𐤅 wāw | F, Y | F, V, Y | У | ܘ |
| Zain<br>چەک | 𐡆 | ز | ז | 𐤆 zayin | Z | Z | З | ܙ |
| Ḥeth<br>پەرژین | 𐡇 | ح | ח | 𐤇 ḥēt | H | H | И | ܚ |
| Ṭēth | 𐡈 | ط | ט | 𐤈 ṭēt | Θ | | Θ | ܛ |
| Yūdh | 𐡉 | ي | י | 𐤉 yōd | I | I | I | ܝ |
| Kāph | 𐡊 | ك | ך כ | 𐤊 kap | K | K | K | ܟ |
| Lāmadh | 𐡋 | ل | ל | 𐤋 lāmed | Λ | L | Л | ܠ |
| Mīm | 𐡌 | م | מ ם | 𐤌 mēm | M | M | M | ܡ |
| Nūn | 𐡍 | ن | ן נ | 𐤍 nūn | N | N | H | ܢ |
| Semkath | 𐡎 | - | ס | 𐤎 sāmek | Ξ, (X) | (X) | Ѯ, (X) | ܣ |
| ʿĒ | 𐡏 | ع | ע | 𐤏 ʿayin | O | O | O | ܥ |
| Pē<br>دەم | 𐡐 | ف | ף פ | 𐤐 pē | Π | P | П | ܦ |
| Ṣādhē | 𐡑 , 𐡑 | ص | ץ צ | 𐤑 ṣāde | M, (Ϡ) | | Ц, Ч | ܨ |
| Qoph<br>کونی دەرزی | 𐡒 | ق | ק | 𐤒 qōph | Ϙ | Q | Ҁ | ܩ |
| Rēsh<br>سەر | 𐡓 | ر | ר | 𐤓 rēš | P | R | P | ܪ |
| Shin<br>ددان | 𐡔 | س | ש | 𐤔 šin | Σ | S | C, Ш | ܫ |
| Tau | 𐡕 | ت | ת | 𐤕 tāw | T | T | T | ܬ |




ئەلف و بێی زمانی سریانی

بە بەراوردکردنی ڕیزبوونی ئەلف و بێیەکانی ئارامی و عەرەبی و عیبری و فینیقی و گریکی و لاتینی و سریلیکی و سریانی و ئەلف و بێی هەموو زمانەکانی ئێستامان دەردەکەوێ کە لێکچوونێکی تەواو لەنێوانیاندا هەیە لەسروشتی ڕیزبوونی پیتەکانیان. ئەمە بەڵگەی هاوسەرچاوەییانە، هەرگیز ناشێ بخرێتە پاڵ ڕێکەوت.

# پەرەسەندن بەرەو نووسینی بزماری



# پەرەسەندنی نووسینی ئیدیۆگرامی بەرەو ئەلفوبێی لاتینی

| هیرۆگلیفی میسری | دەنگەکەی | واتـــا | 1000 پ.ز | فـیـنیقی 1300پ.ز | عـیـبری 600 پ.ز | گـریـکی 500 پ.ز | ڕۆمـانی 100 د.ز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | aḥ | مانگا | | | | A | A |
| | per | خانوو | | | | B | B |
| | teba | پەنجە | | | | Γ | G |
| | seb | | | | | Δ | D |
| | | پیاو | | | | E | E |
| | d | دەست | | | | Δ | D |
| | ee | | | | | I | I |
| | k | قاپ | | | | K | K |
| | n | ئـاو | | | | M | M |
| | ch | مـار | | | | N | N |
| | r | دەم | | | | Π | P |
| | k,g | مەنجەڵ | | | | Γ | C |
| | f | ئاژەڵ | | | | Y | F |
| | sh | دەشـت | | | | Σ | S |
| | m | کوندەبەبۆ | | | | M | M |
| | ari | چـاو | O | O | O | O | O |
| | q | گـۆشـە | | | | | Q |
| | tep | سـەر | | | | P | R |
| | l,r | شـێـر | | | | Λ | L |
| | s | دەربەند | | | | Ξ | X |
| | | ژوور | X | X | X | T | T |

# حیسابی ئەبجەد

هاوکاری ژ ۱۱۲۲ی ۳۰/ ۱۰/ ۱۹۸۹ ل۷

تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە و نەزانراوە کەی پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی بە شێوەی (ابجد – هوز – حطی – کلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ضظغ) دا داڕێژراون و بەکار هێنراون. ئەوەی لەم بارەیەوە زانراوە ئەوەیە کە لە سەردەمی جاهیلیی پێش ئیسلامیشا هەر بەم جۆرە بووە.

بە بەراورد کردنی سروشتی ئەم ریزبوونە لەگەڵ ئەلفوبێی زمانە کۆنەکانی وەك عیبری و لاتینی و گریکی و سەنسکریتی و زمانە سیریلیکییەکان و ئەو زمانانەی پێیان ئەنووسرێن ، لێکچوونێکی دیار لە نێوانیانا لە ریزبوونی پیتەکانی ئەلفوبێیەکانیانا بە دی ئەکرێ کە هەرگیز ناشێ بخرێتە پاڵ رێکەوت.

ئەمە بەڵگەیێکی بەهێزە بۆ سەلماندنی هاوسەرچاوەیی ئەم ئەلفوبێیانە. کە تا ئێستا ریزبوونە نژادەکەیان پاراستووە. ئەوە ئەسەلمێنێ کە هەموو ئەم ئەلفوبێیانە لە یەك سەرچاوەوە دابەزیون.

نصر بن عاصم (۲۷ – ۸۹ك) پێڕەوێکی تری بۆ ریزبوونی پیتەکانی عەرەبی دانا ، کە بە گوێرەی شێوەی لێکچوونیانە بەنووسین. ئەو پیتانەی لێك ئەچن لە تەنیشت یەکتری دانان ( ت) و( ث) لە (ب) ئەکەن ، لە تەك یێکی دانان (ح) و (خ) لە (ج) ئەکەن و لە تەك یێکی دانان وبەم جۆرە ( ا– ب– ت– ث– ج– ح– خ– د– ذ– ر– ز– س– ش– ص– ض– ط– ظ– ع– غ– ف– ق– ك– ل– م– ن– هـ– و– ی) . ئیستا بە شێوەیێکی گشتی ئەم پێڕەوە لە کاروباری بەڕێوەبردن و فەرهەنگ دانانا بە کار ئەهێنرێ.

خلیل بن احمد الفراهیدی ( ۹٤ – ۱۷٥ك) لە فەرهەنگی ( کتاب العین) دا پیتەکانی بە پێی شوێنی دروستکردنی دەنگەکانی لە زارا ریز کردووە. بە (ع) دەست پێ ئەکا کە لە بەشی هەرە دواوەی ئەندامانی ئاخاوتندا دروست ئەکرێ. بە (م) کۆتایی پێ ئەهێنێ کە لە بەشی هەرە پێشەوە دروست ئەکرێ کە دوو لێوەکانە. بەم جۆرە ریزیان ئەکات : ( ع ح هـ خ غ ق ك ج ش ض ص س ز ط د ت ظ ذ ث ر ل ن ف ب م ) ئنجا بزوێنەکان ( و ا ی ).

بۆ حیسابی ئەبجەد پێڕەوی ( ابجد – هوز – حطی – کلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ظضغ) کراوەتە بناغە. هەر پیتەی نرخێکی ژمارەیی هەیە. بە [أ] دەست پێ ئەکات کە ژمارەکەی (١) ـە. بە [غ] کۆتایی دێت کە ژمارەکەی هەزارە (١٠٠٠). تا پیتی نۆیەم بە یەکانە ئەڕوات. لە دەیەمەوە ئەبێ بە دەیانە تا پیتی (ص). لە (ق)ەوە ئەبێ بەسەدانە تا (ظ). ئنجا (غ) ئەکاتە (١٠٠٠) هەزار بەم جۆرە:

أ – ١　ك – ٢٠　ر – ٢٠٠
ب – ٢　ل – ٣٠　ش – ٣٠٠
ج – ٣　م – ٤٠　ت – ٤٠٠
د – ٤　ن – ٥٠　ث – ٥٠٠
هـ – ٥　س – ٦٠　خ – ٦٠٠
و – ٦　ع – ٧٠　ذ – ٧٠٠
ز – ٧　ف – ٨٠　ض – ٨٠٠
ح – ٨　ص – ٩٠　ظ – ٩٠٠
ط – ٩　ق – ١٠٠　غ – ١٠٠٠
ى – ١٠

بەم جۆرە وشەی (کوردستان) دەکاتە (٧٤١)

| کوردستان | |
|---|---|
| ك | ٢٠ |
| و | ٦ |
| ر | ٢٠٠ |
| د | ٤ |
| س | ٦٠ |
| ت | ٤٠٠ |
| ا | ١ |
| ن | ٥٠ |
| ٧٤١ | |

وشەی (باغ) دەكاتە (١٠٠٣)

| باغ | |
|---|---|
| ب | ٢ |
| ا | ١ |
| غ | ١٠٠٠ |
| ١٠٠٣ | |

وشەی (زەمین) دەكاتە (١١٢)

| زەمین | |
|---|---|
| ز | ٧ |
| ـە | ٥ |
| م | ٤٠ |
| ی | ١٠ |
| ن | ٥٠ |
| ١١٢ | |

ئەم دیاردەیە تایبەتە بەئەلفوبێی زمانی عەرەبی. بۆ ئەو پیتە كوردییانەی كە لە زمانی عەرەبیدا نین. نزیكترین شێوەی پیتەكە ڕەچاو دەكرێ (ژ بە ز)، (چ بە ج)، (گ بە ك). بەم جۆرە. (چاو دەكا – ١٠) و (ژیان دەكا ٦٨) و (گوڵ دەكا – ٥٦).

هونەری حیسابی ئەبجەد لەوەدایە ، رستەیێك یا دێڕە شیعرێك یا وشەیێك بە جۆرێ رێك ئەخرێ گەر ژمارەی پیتەكانی كۆ بكرێنەوە ئەكاتە مێژووی رووداوێك، نووسەرێ یا شاعیرێ ئەیەوێ تۆماری كات و بیچەسپێنێ وەك مێژووی مردن یا لە دایكبوون.

بۆ نموونە شێخ سەلام لە شیوەنی (محمد امین زەكی) دا بەم دێڕە كۆتایی بە شیعرەكەی ئەهێنێ.

ساڵی تأریخی دڵی ئاشفتە وتی بە تەعجیل

(امین زکی بەگ شوێنی بەهەشتە) بە یکصد دلیل

١٣٦٨

ئەمین ( ١ + ٥ +٤٠ + ١٠ + ٥٠ ) = ١٠٦

زکی ( ٧ + ٢٠ + ١٠ ) = ٣٧

بەك ( ٢ + ٥ + ٢٠) = ٢٧

شوێنی ( ٣٠٠ + ٦ + ١٠ + ٥٠ + ١٠ ) = ٣٧٦

بەهەشتە ( ٢ + ٥ + ٥ + ٥ + ٣٠٠ + ٤٠٠ + ٥ ) = ٧٢٢

١٠٦ + ٣٧ + ٢٧ + ٣٧٦ + ٧٢٢ = ١٢٦٨ هـ که ئەمە ساڵی کۆچی دوایی مێژوونووس ( ئەمین زەکی بەگ ) ـە.

حەمدی لەم دێڕەدا ساڵی لەدایکبوونی خۆی تۆمار دەکات:

گەڕام بۆ ساڵی تەئریخی ویلادەتم و غەریبم دی

بەهیجری (حەمدی) دەنگێ بوو لەناو (باری غەمم) دەستکەوت

(باری غەمم) بەپێی ژمارەی ئەبجەد:

| ب | ا | ر | ی | غ | م | م | دەکاتە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ١ | ٢٠٠ | ١٠ | ١٠٠٠ | ٤٠ | ٤٠ | ١٢٩٣ |

دەکاتە (١٢٩٣) ئەمە ساڵی لەدایکبوونی حەمدی شاعیرە بە ساڵنامەی هیجری کە دەکاتە (١٨٧٥– ١٨٧٦)ی زاینی

هاوکاری ژ ١١٢٢ ی ١٩٨٩/١٠/٣٠ ل٧

# ستاندارد دروست دەبێت دروست ناكرێت

رۆژنامەی (بارزان) ژ ٥٩ ی ٢٠٠٨/٣/١٦

هەموو زمانێك لە ئەنجامی ئەو گۆڕینانەی بەسەریادێت دەبێتە چەند شێوەیێكی ناوچەیی.... چەند كاتی بەسەرا تێپەڕێ شێوەكان زیاتر لێك دەترازێن و لێك دوورتر دەكەونەوە و جیاوازیی نێوانیان لە رێزمان و فەرهەنگ و یاسا دەنگییەكانیاندا زیاتر دەبێ. واتا هەر شێوەیەك دەبێ بە سیستەمێكی سەربەخۆ بۆخۆی، جیا لەوانی تر. هیچ هێزێ نییە بتوانێ لێكیان داتەوە و بیانگەڕێنێتە بارودۆخی پێشوویان و بیانكاتەوە بە یەك سیستەم.

هەندێ وای بۆ دەچن كە ستاندەرد ئەوەیە شێوەكان وەك مزاش تێكەڵ بە یەكتر بكرێن و یەك شێوەیان لێ دروست بكرێ , شتی وا لە مێژوودا رووی نەداوە و هەرگیز روو نادات. ئەگەر دوو سیستەم لێك بدرێن و بكرێن بە یەك هەردوو تێدەچن.

لە ئەنجامی چەند هۆكارێكی مێژوویی وەك سەرهەڵدانی ناوەندێكی رۆشنبیری یا بازرگانی یا ئاینی لە یەكێ لە ناوچەكاندا. قسەكەرانی سەر بە ناوچە و شێوەكانی تر، بۆ ئەنجامدانی كاروباری بازرگانی یا ئاینی و رۆشنبیرییان رووی تێ دەكەن و بەو شێوەزارە پێوەندی لە گەڵ یەكتر دەكەن و دەنووسن.. شتێكی سروشتییە گەلێ وشە و دەربڕین و لایەنەكانی شێوەزارەكانیان بخشێنە ناو شێوە (وەرگیراوەكە). ئەنجام لە رووی فەرهەنگەوە دەوڵەمەند دەبێ و نەشونما دەكات و پەرە دەسەنێ (تەنها لای چینە رۆشنبیرەكە)، بەلاّم لە ناو خەڵكەكە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە شێوەی سلێمانی لە كوردستانی خوارەوودا كە بۆتە بناغە و ناووكی پێكهاتنی زمانێكی ستاندەرد لەم بەشەی كوردستاندا. گەر ستاندەردەكە بەراورد بكرێ لەگەڵ قسەی ئاخاوتنی خەڵكی سلێمانی، دەردەكەوێ كە زۆر جیاوازن.

ستاندەرد وەك زمانێكی دووەمی لێ دێ و قسەكەرانی سەر بە شێوە

جیاوازەکانی تری زمانەکە فێری دەبن.

زمان دیاردەیێکی رەمەکییە لە ژێر رکێفی یاسا سروشتییەکاندا کار دەکا و هەڵدەسووڕێ.. هەرگیز هیچ هێز و دەسەڵاتێك ناتوانێ دەسکاریی بکات و دوا رۆژەکەی دەسنیشان بکات. هیچ ئەکادیمیاییێك و ناوەندێکی دەسەڵات ناتوانن بڕیار لەسەر دەستنیشانکردن و هێنانە ئارای زمانی ستاندارد بدەن. (ستاندارد دروست دەبێ، دروست ناکرێ).

کە باسی ستانداردی کوردی دەکرێ، هەرناوی دوو زاراوە کە (کرمانجیی ژوور و خواروو)، دەهێنرێ، کەچی زمانی کوردی بەلای کەمی چوار زاراوەی ناوەندیی هەیە، بۆ ئەوان بڵێین چی؟

ئەو رایەی کە دەڵێ با بە هەردوو زاراوە بنووسرێ و بخوێنرێ.. بەلای منەوە (لەم قۆناغەدا) دیاردەیێکی ئاساییە. هەر چۆن ئیستا بە دوو زاراوەکە دەنووسرێ و لە میدیاکاندا دەنگوباس و پرۆگرام پێشکێش دەکرێ با هەروا بەردەوام بێت هیچ ترسی لەسەر نییە. مێژوو خۆی سەروبەری دەکات و یەکلایی دەکاتەوە بە مەرجێ ناوچەپەرست و دەڤەر پەرستان دەستی تێوەر نەدەن و هەوڵی لێك دوورخستنەوەیان نەدەن.... ئێستا زۆر وڵات و میللەت هەن دوو ستانداردیان هەیە. بۆنموونە زمانی نەرویجی دوو ستانداردی هەیە (بۆکمال و نینۆرسك).

با ئەمە نەبێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی دووبەرەکی و کێشەیێکی بێ ئەنجام لە نێوانمان کە لە زیان زیاتر هیچمان پێ ناگەیێنێ..

ئەزموونی هەموو میللەتانی تر بە شێوەیێکی سروشتی و عەفەوی و بێ گیروگرفت ئەنجام دراوە.. لە مێژووی زمانەوانیدا نەبیستراوە ئەم جۆرە کێشەیە لە هیچ شوێنێکدا رووی دابێ و زمانەوانان یا دەسەڵات چارەسەری کردبێ.. لە هەر وڵات و شوێنێکدا بووبێت، کە شێوەیێك بۆتە هەوێنی زمانی ستاندارد قبووڵیان کردووە چونکە ئەو شێوەیەش هەر زمانی خۆیان بووە. زۆر میللەت هەن زمانێکی تر ستانداردیانە. بە زمان و شێوەکانی خۆیان دەدوێن و پێوەندی لەگەڵ یەکتردا دەکەن و شیعر و ئەدەب دەنووسن، بۆ شتە زانستی و گشتییەکان زمانە بێگانەکە

بە کار دەهێنن و هۆکاری سەرەکیی لێك بەستنیانە (بۆ نموونە لە هیند دا).

ئامانجی سەرەکیمان دەبێ لێك نزیك کردنەوەیان بێ.. ئەمەش نایەتە دی ئەگەر نووسەر و میدیاکان وشە و دەربڕینی یەکتری بەکار نەهێنن و رۆشنبیر و نووسەران بڵاوکراوەکانی هەردوو لا بە بەردەوامی نەخوێننەوەو نەبیستن.

یەکەم هەنگاوی سەرەکی بۆ نزیکبوونەوە ئەوەیە فۆرمەکانی زمانی کارگێڕیی فەرمانگا و دەزگا رەسمییەکان بکرێن بەیەك.

ئیستا لە سەردەمێکی یەکجار ناسکداین.. گەلێ گیروگرفتی ئاڵۆزمان لەبەر دەمە هەرگیز کاتی ئەوە نییە خۆمان خەریکی مەسەلەیەکی وا بکەین، ئامانجە سەرەکییەکانمان لە دەست بدات.

## زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و کێشەکانی*

رۆژنامەی (چاودێر) ژ ١٨٥ ی ٢٠٠٨/٧/١٤

**زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو چییە؟ چۆن پێناسەی دەکەیت؟**

– لە مێژوو و فەرهەنگی زمانەوانیی گشتیدا زاراوەی ( زمانی ئەدەبیی یێکگرتوو) نییە. ئەم زاراوەیە لای ئێمە دروست کراوە و هەر لای ئێمەش بەکار ئەهێنرێت. وا دیارە مەبەست لێی زمانی ستانداردە کە زمانی (نووسین) و (فەرمی) شی پێ ئەوترێ.

هەموو زمانێك لە ئەنجامی ئەو گۆڕینانەی بە تێپەڕینی کات بەسەریا دێت ئەبێتە چەند شێوەیێکی ناوچەیی... چەند کاتی بەسەرا تێپەڕێ شێوەکان زیاتر لێك ئەترازێن و لێك دوورتر ئەکەونەوە و جیاوازیی نێوانیان لە رێزمان و فەرهەنگ و یاسا دەنگییەکانیاندا زیاتر ئەبێ. هیچ هێزێ نییە ئەم گۆڕینە راگرێ. لە ئەنجاما هەر شێوەیەی ئەبێ بە سیستەمێك بۆخۆی جیا لەوانی تر.هیچ هێزێ نییە بتوانێ لێکیان داتەوە و بیانگەڕێنێتە بار و دۆخی پێشوویان و بیانکاتەوە یەك سیستەم.ئەم شێوانەش دوای ماوەیێك زۆر یا کەم هەر یەکە ئەبێ بە زمانێك بۆخۆی جا ئەو زمانە ستانداردی هەبێ یا نەبێ.وەك ئەوەی بەسەر زمانی لاتینی و عەرەبی و زۆر زمانی تر هاتووە.

لە ئەنجامی چەن هۆکارێکی مێژوویی وەك سەرهەڵدانی ناوەندێکی سیاسی یا رۆشنبیری یا بازرگانی یا ئاینی لە یێکێ لە ناوچەکاندا. قسەکەرانی سەر بە ناوچە و شێوەکانی تر بۆ ئەنجامدانی کار و باری سیاسی و بازرگانی و ئاینی و رۆشنبیرییان رووی تێ ئەکەن و بەو شێوەزارە پێوەندی لە گەڵ یێکتردا ئەکەن و ئەنووسن.. شتێکی سروشتییە گەلێ وشە و دەربڕین و لایەنە رێزمانییەکانی شێوەزارەکان بخشێنە ناو ئەو شێوە وەرگیراوە. ئەنجام لە رووی فەرهەنگەوە

---

* دیمانەی: کامیل عومەر

دەوڵەمەند ئەبێ و نەشونما ئەكات و پەرە ئەسەنێ (تەنها لای چینە رۆشنبیرەكە) بەڵام لە ناو خەڵكەكە وەك خۆی ئەمینێتەوە.. بۆ نموونە شێوەی سلێمانی لە كوردستانی خوارووداكە بۆتە بناغە و ناووكی پێكهاتنی زمانێكی ستاندەرد لەم بەشەی كوردستاندا. گەر ستاندەردەكە بەراورد بكرێ لەگەڵ قسەی ئاخاوتنی خەڵكی سلێمانی ، دەرئەكەوێ كە زۆر جیاوازن. ئەم شێوە وەرگیراوەیە ئەبێتە ئەوەی پێی ئەوترێ (ستاندارد). ستاندارد وەك زمانێكی دووەمی لێ دێ و قسەكەرانی سەر بە شێوە جیاوازەكانی تری زمانەكە فێری ئەبن.

*** ئایا كورد خاوەنی زمانی ئەدەبیی یەكگرتووە؟ ئەگەر هەیەتی تایبەمەندییەكانی چین؟**

لە رووی مێژووییەوە كورد سێ ستانداردی هەبووە (هەورامی) و كوردیی ژووروو (كرمانجی) و كوردیی خواروو (سۆرانی).

١– ئەوەی هەورامی لە ناوچەی هەورامان لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەمدا سەری هەڵداوە بە زۆری شیعری پێ نووسراوە. كۆنترین شاعیری پەریشانی دینەوەرییە كە لە ساڵی ١٣٩٥؟ دا مردووە. ئەم قوتابخانە ئەدەبییە تا كۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بووە. دوا شاعیرە ناودارەكانی مەولەویی تاوەگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) و محەممەد وەلی كرمانشانی (؟ – ١٩٠١) بوون. دوای ئەمە نووسینی شیعر بەم شێوەزارە رووی لە كزی كردووە. كە زمانی نووسین لە ناوچەی خواروو سەری هەڵدا نووسەر و شاعیرە هەورامییەكان كەوتنە نووسین بەم شێوەیە. دەیان داهێنەر و كەڵە نووسەر و شاعیریان لێ هەڵكەوت. ئیستا دەنگی وا دەبیسترێ كە هەندێ داوای ئەوە ئەكەن خوێندن و نووسین لە ناوچەی هەوراماندا بە هەورامی بێ.

٢– كرمانجیی ژووروو كە بە شیعرەكانی مەلای جەزیری (١٥٧٠ – ١٦٤٠) دەست پێ ئەكات ( پێش جەزیری شاعیری تر هەبوون بەم شێوەیە بنووسن بەڵام هیچ بەرهەم و ئاسەواریان نەماوە) دوای مەلای جەزیری فەقێ تەیران ( ١٥٩٠ – ١٦٦٠) و ئنجا عەلی تەرەماخی و تا دەگاتە ئەحمەدی خانی (١٦٥١ – ١٧٠٧) و مەحموودی بایەزیدی ( ١٧٩٧ – ١٨٥٩) خاوەنی عادات و رسووماتنامەی ئەكراد و هی تر دەركەوتن كە هەموو شاكاری

ئـەدەبـیـی مـەزنـیـان بـە شێوەی کرمـانجیی ژووروو پێشکێش کـردووە. دوای ئەمـانـە چەند نووسەر و شاعیرێك دەرکەوتن و چەند رۆژنـامـە و گۆڤـارێك بـەم شێوەیە دەرچوون و بەرە بەرە زۆر بوون. ئیستا بە تایبەتی دوای راپەڕین جموجۆڵێکی رۆشنبیری و ئەدەبیی زۆر بە کرمـانجی سەری هـەڵداوە. بە دەیـان گۆڤـار و رۆژنـامـەی پیّ دەرئـەچن. گەلیّ ئیزگەو تەلەفزیۆن بـەرنـامـەکـانیـان بـەم شێوەیە پێشکێش ئەکەن.

٣- کوردیی خواروو کە هـەوێنەکەی شێوەی شاری سلێمانی بوو. ئەوە سەدەیێك زیاترە بە بەردەوامی پێی ئەنووسریّ. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حکوومەتی شێخ مەحموود زمانی فەرمیی ئەم ناوچەیە بووە هەروەها زمانی حوکمەتی مـهـابـاد بـووە. ئـەدەبێکی زۆرو پـتـەوی پـیّ نووسراوە. فراوان بـووە تـەشـەنـەی کـردووە و پـــەرەی سەنـــدووە. سەدان گـــۆڤـــار و رۆژنـــامـــەی پـــیّ دەرچــووە و دەرئەچیّ.لە بیستەکانی سەدەی رابردووەوە زمانی خوێندنە لە قوتابخانەکاندا.

ئـیستـا ئـێمـەی کـورد بـە دوو شێوە ئـەنـووسین واتـا دوو سـتـانـداردمـان هـەیـە. کوردیی خواروو (سۆرانی) و کوردیی سەروو (بادینی).هەریەکە رەگی مێژوویی خۆی هەیە. واقیعەکە ئەمەیە.بەداخەوە کێشەیێکی ئاڵۆز سەری هەڵداوە لە بارەی ئـەم مـەسەلـەیـەوە. هـەریـەکـە هـی وای تـیـایـە ئـەڵـیّ ئـەبـیّ شێوەکـەی مـن ببـیّ بـە ستـانـدارد و قـبـوولّـی ئـەوەکـەی تـر نـاکـات و بـەڵگـە و هـەنجـەتـی خـۆی هـەیـە کـە شێوەکەی ئەم شایانترە لە ئەوەکەی تر ببیّ بە ستاندارد.

*** ئایا پێویستمان بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو هەیە؟**

هەموو نەتەوییێك بۆ پاراستنی یەکیەتی خۆی پێویستی بە زمانێکی یێکگرتوو هـەیە بە هـۆیەوە هەموو دەڤەر و نـاوچە و رۆڵەکانی لێك ببەستیّ و کاروبـارە فەرمییەکانی و پێوەندییە دەرەکییەکانی پیّ هەڵسووڕێنیّ.

*** چۆن دێتە ئارا؟**

دوو رێگای سروشتی هەیە بۆ هێنانە ئارای ئەم زمانە:

١- یەکیّ لەم شێوەزارانە بکریّ بە ستاندارد و بەسەر شێوەکانی تردا بسەپێنریّ.

دیاره ئەمە لەم سەردەمەی ئیستاماندا ناکرێ چونکە لە هەردوو لادا ناوچە پەرست و دەڤەر پەرست هەن. لە هەردوولا بەرهەڵست زۆرن قبووڵی شێوەکەی تر ناکەن ببێ بە ستاندارد.

٢- هەردوو شێوە بە ستاندارد دابنرێن. نووسەر و میدیاکان زاراوە و وشە و دەربڕینی یەکتری بەکار بهێنن. رۆشنبیر و خوێنەر و نووسەران بڵاوکراوەکانی هەردوو لا بە بەردەوامی بخوێننەوە و ببیستن.بەمە بەرە بەرە ئاوێتەی یەکتر ئەبن و لێك موتوربە ئەکرێن و لێك نزیك ئەکەونەوە.من وا هەست ئەکەم ئەم پرۆسێسە ئیستا خۆشبەختانە لە کاردایە.

شان بە شانی ئەمەش ئەبێ پلانێك و بەرنامەیێکی نەتەوەییی مەدرووسی ستراتیجیی کارەکی بە پێکهاتنی شارەزا و پسپۆڕانی هەموولایێك دابنرێ بۆ (یەکاندنی) فۆڕمەکانی زمانی کارگێڕیی فەرمانگا و دەزگا رەسمییەکان وەك هەنگاوی یەکەم، ئەمەیان زۆر گرنگە و ئەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی ستانداردەکە. بۆ خوێندنیش لە قوتابخانەدا من وای بە باش ئەزانم کە ئەبێ هەرلایێك یەك دوو وانە بە شێوەکەی تر بخوێنێ بە تایبەتی وانە رێزمانی و ئەدەبییەکان. جووتستانداردی دیاردەیێکی ئاساییە. ئێستا زۆر وڵات و میللەت هەن دوو ستانداردیان هەیە. بۆنموونە زمانی نەرویجی دوو ستانداردی هەیە (نینۆش) و (بوکمۆڵ).

*** کێن ئەوانەی کە دەتوانن بڕیار بدەن لەسەر دەستنیشانکردن و هێنانە ئارای زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو ؟ ئەکادیمیا یا ناوەندەکانی دەسەڵات؟**

- زمان دیاردەییێکی رەمەکییە لە ژێر رکێفی یاسا سروشتییەکاندا کار ئەکا و هەڵئەسووڕێ.. هەرگیز هیچ هێز و دەسەڵاتێك ناتوانێ دەسکاریی بکات و دوا رۆژەکەی دەستنیشان بکات. هیچ ئەکادیمیایێك و ناوەندێکی دەسەڵات ناتوانێ بریار لەسەر دەستنیشانکردن وهێنانە ئارای زمانی ستاندارد بدەن. ستاندارد دروست دەبێ ، دروست ناکرێ. ئەوەندەیە دەتوانرێ بە پلانی زمانەوانی خێرایی بدرێ بە دروستبوونەکە.

*** رات چییە دەربارەی خوێندن بە دوو زاری زمانێك بۆ كورد. لە رووی زانستی و پەروەردەیی(كەسێتی و سایكۆلۆژی) و رامیاری و ئاسایشی نەتەوەییەوە.؟**

– لە هەموو رووەكانەوە بەلای منەوە شتێكی ئاساییە.

*** ئەگەر بەكێشەی دەزانی، رێگەچارەی ئەو كێشەیە لەو روانەی سەرەوە لەچیدا دەبینیت؟**

– بە كێشەی تێناگەم.

*** مەترسییەكانی بە دوو زار خوێندن لەچیدا دەبینیت كە ئێستا وەزارەتی پەروەردە لە پرۆگرامی نوێی خوێندنی هەرێمی كوردستاندا جێبەجێی كردووە؟**

وەك پێشتر وتم من هیچ مەترسییەك لەمەدا نابینم. نووسین و خوێندن بە هەردوو زاراوەكە بەلای منەوە زۆر ئاساییە. هەر وەك چۆن ئیستا بە هەردوو زاراوەكە ئەنووسرێ و لە میدیەكاندا دەنگوباس و پرۆگرام پێشكێش ئەكرێ با هەروا بەردەوام بێت هیچ ترسی لەسەر نییە. مێژوو خۆی سەروبەری ئەكات و یەكلایی ئەكاتەوە بە مەرجێ ناوچەپەرست و دەڤەر پەرستان دەستی تێوەر نەدەن و هەوڵی لێك دوورخستنەوەیان نەدەن....وەك پێشتر وتم ئێستا زۆر وڵات و میللەت هەن دوو ستانداردیان هەیە. با ئەمە نەبێتە هۆكارێك بۆ دروستكردنی دووبەرەكی و كێشەیێكی بێ ئەنجام لە نێوانمان كە لە زیان زیاتر هیچمان پێ ناگەیێنێ..

ئەبێ بەرنامەیێكی دڵسۆزی نەتەوەییی بە پێكهاتن و رەزامەندیی هەموو لایێك دابنرێ لە پێناو لێك نزیك كردنەوە و ئاوێتە بوونیان لە ناو یەكترا. قوتابخانە و خوێندن هۆكاری گرنگن بۆ هێنانە دیی ئەم ئامانجە.

*** ئایا ئەزموونی نەتەوەكانی تر هەن كە بەو جۆرە بن، ئەگەر هەن رێژەیان چەندە لەچاو نەتەوەكانی تردا؟**

ئەزموونی هەموو میللەتانی تر بە شێوەیێكی سروشتی و بێ گیروگرفت و بە شێوەیێكی عەفەوی ئەنجام دراوە.. لە مێژووی زمانەوانیدا نەبیستراوە ئەم جۆرە كێشەیە لە هیچ شوێنێكا بەم جۆرەی لای ئێمە رووی دابێ. كە شێوەزارێك لەهەر شوێنێكا بۆتە هەوێنی زمانی ستاندارد هەموو قبووڵیان كردووە چونكە ئەو

شێوەیەش هەر زمانی خۆیان بووە و هیچ حەساسییەتێکیان لە بارەیەوە نەبووە. زۆر میللەت هەن زمانێکی تر ستانداردیانە. بە زمان و شێوەکانی خۆیان ئەدوێن و پێوەندی لەگەڵ یەکا ئەکەن و شیعر و ئەدەب ئەنووسن. بۆ شتە فەرمی و زانستی و پێوەندییە دەرەکییەکانیان زمانە بێگانەکە بە کار ئەهێنن و هۆکاری سەرەکیی لێك بەستنیانە وەك وڵاتی هیند.

*** رۆڵی سیاسی و مێژوویی زمان چییە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد ؟**

زمان هۆکارێکە بۆ لەیێك گەیشتن. باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بە زمان دەرئەبڕێ. زمان ناسنامەی میللەتە ، مانی بە مانی زمانەکەیێتی. بۆیە یەکێ لە پیلانەکانی ناحەزانمان شێواندن و تێکدانییەتی. ئەبێ زۆر وریا بین. بۆ لەم کاتە ناسکەدا ئەمە ئەورووژێنرێ ؟. ئیستا ئێمە گەلێ گیروگرفتی ئاڵۆزمان لەبەر دەمە هەرگیز کاتی ئەوە نییە خۆمان خەریکی مەسەلەیێکی وا بکەین ئامانجە سەرەکییەکانمان لە دەست بدات. دەمێکە ناحەزانمان هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەم مەسەلەیە بۆ سیاسەت بەکار بهێنن تا بەهۆیەوە دووبەرەکی و ناتەبایی بخەنە ناومان. با ڕێگەیان لێ بگرین و پیلانەکانیان هەڵوەشێنینەوە.

***

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

– لە ١٩٤٧/٣/١٥ لە شاری کۆیێ لە دایك بووە.

– قوتابخانەی سەرەتایی لە عەنکاوە و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.

– لەساڵی ١٩٧١ بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیی بە یەکەمی وەرگرتووە.

– لە زانکۆکانی بەغداد و مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و دبلۆم و ماجستێر و دکتۆرای وەرگرتووە.

– لە ساڵی ١٩٨٠ بە مامۆستای زمانەوانی لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغداد دامەزرێنراوە.

– لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٨ سەرۆکایەتی بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدای پێ سپێرراوە.

– لە ساڵی ١٩٩٢ پلەی پرۆفیسۆریی وەرگرتووە. یەکەم کەسە پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی کوردیدا دەسگیرکات.

– لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان (ئەکادیمیای کورد) هەڵبژێررا.

– پرۆفیسۆری وانە بێژە لە بەشی خوێندنی باڵای زانکۆکانی سەلاحەددین و سلێمانی و کۆیە لەوەتی دامەزراندنیان.

– سەرپەرشت و سەرۆك وئەندامی لیژنەی گفتوگۆکردنی زیاتر لە ٣٠٠ قوتابیی ماجستێر و دکتۆرا بووە لە زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.

– یەکەم بڵاوکراوەی شیعر بوو لە ساڵی ١٩٦٥ دا.

– زیاتر لە هەزار وتار و باس و لێکۆڵینەوەی لە بواری زمانەوانی و ئەدەب و مێژوو و زانستدا بڵاو بۆتەوە.

– بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی ئەنووسێ.

– بە دەیان چیرۆك و شیعری بڵاو بۆتەوە.

– لە کتێبەکانی :

ڕێزمانی راناوی لکاو – ١٩٨٦ بەغداد.

ساڵنامەی کوردستان ٢٠٠٢ ئاراس. هەولێر.

ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – ٢٠٠٤ ئاراس – هەولێر.

سەیرانێکی شیعرستان – ٢٠٠٧ ئاراس. هەولێر.

wariaamin@yahoo

ڕۆژنامەی (چاودێر) ژ ١٨٥ ی ١٤/٧/٢٠٠٨

# التفسير الميكانيكي لظاهرة الحروف الشمسية والقمرية

مجلة (شمس كردستان) العدد ٧٩ سنة ١٩٩٠

المقدمة

يميز علم اللغة الحديث بين علم الصوت وعلم نظم الصوت حيث انهما فرعان مختلفان من فروع علم اللغة الوصفي لهما اهدافهما ووسائلهما المختلفة في التحليل اللغوي .

علم الصوت Phonetics يبحث عن الاصوات اللغوية من حيث :

١ – تولدها في الجهاز الصوتي Articulatory Phonetics لتحديد صفاتها.

٢ – انتقالها في الهواء بواسطة الامواج الصوتية اي تكوينها الفيزياوي Acoustic Phonetics .

٣ – استقبالها عن طريق الجهاز السمعي وتحويلها الى المخ لتحليلها وخزن ما يتضمن من معلومات Auditory Phonetics .

بغض النظر عن اللغة التي تنتمي اليها كظاهرة شمولية عامة.

امَا اهداف علم نظم الصوت Phonology فهي:

١ – تحديد القوانين والنظم التي تتحدد بموجبها الوحدات الصوتية (الفونيمات)(١).

٢ – تحديد القوانين التي بموجبها تتحد هذه الاصوات لتركيب وحدات اكبر (المقطع Syllable) والتي تتقلب في اطارها (المورفيمات(٢) والكلمات ...).

٣ – تحديد التغيرات التي تطرأ على تلك الوحدات نتيجة لتجاورها وتأثير بعضها على بعض في اللغات المختلفة. حيث ان لكل لغة قوانينها الصوتية الخاصة بها(٣).

اي ان علم نظم الصوت دراسة خاصة بكل لغة.

في مجال الدراسات الصوتية العربية يصنف الباحثون والنحويون حروف

(اصوات) اللغة العربية الى ما يسمونه بالشمسية و القمرية (٤)، قياساً على كلمتي (الشمس و القمر)، حيث ان [ل] اداة التعريف [ال] ينقلب الى [ش] في كلمة (الشمس) فتلفظ [أ ششمس]. لا يحدث هذا مع الصوت [ق] في كلمة ( القمر) فلا يمكن لفظه ( اققمر).

فكل صوت فى بداية الكلمة يقلب [ل] اداة التعريف الى مثيله فهو شمسى، والا فهو قمرى. مصنفة كالاتي:

١ – الحروف الشمسية : [ن – ل – ر – ث – ذ – ظ – ت – د – ط – ز – س – ص – ض – ش ].

٢ – الحروف القمرية : [ف – ب – م – و – ك – ق – غ – خ – هـ – ح – ع – ئـ – ي – ج ].

ان انقلاب [ل] اداة التعريف الى صوت آخر قانون صوتي خاص بالاصوات الصامتة consonants في اللغة العربية من النوع الذي يسمى بالادغام الرجعي التام complete regressive assimilation حيث ان صوت امامي يؤثر على صوت خلفي وتكون نتيجة هذا التأثير ان يتغير الى صوت اخر مختلف تماماً. لهذه الظاهرة سبب يتعلق بميكانيكية عمل الجهاز الصوتي.

صنف النحويون العرب الحروف (الاصوات) إلى (شمسية و قمرية) دون ان يقدموا أى تفسير أو سبب حدوث هذه الظاهرة هذا ما يحاول الباحث تفسيره و تحديد الأسباب التى تؤدي إلى هذه الظاهرة.


**الجهاز الصوتي** Organs of speech

تتولد الاصوات اللغوية بقوة هواء الزفير القادم من الرئتين(٥) و باشتراك عضوين متقابلين ( سفلي و علوي ) من اعضاء الجهاز الصوتي. قد تكون الشفة السفلى مع الشفى العليا، او اللسان مع اللثة او الحنك...الخ. تسمى الاعضاء المسؤولة عن توليد الاصوات اللغوية بالجهاز الصوتي.

لايملك الانسان جهازاً خاصاً مستقلاً بالنطق. ان مايسمى بالجهاز الصوتي له وظيفة بايولوجية اساسية تتصل بالحياة هي اكثر اهمية من الكلام. فالشفتان

تكونان غطائين يحميان التجويف الفمي و يمنعان من دخول الهواء الى الرئتين من خلال الفم و تحجزان الطعام من الخروج اثناء المضغ. ومن خلال الانف و التجويف الانفي يدخل الهواء الى القصبة الهوائية ثم الى الرئتين حيث يقومان بترطيبه و تنقيته و تكييفه. الاسنان و الاضراس يقومان بتقطيع الطعام و طحنه. واللسان يقوم بتقليب الطعام و دفعه الى الحنجرة. و ما الاوتار الصوتية الا صمام امان ينسد اثناء بلع الطعام وتمنع من دخول الاجسام الغريبة الى القصبة الهوائية التي تقوم بوظيفة الممر للهواء الى الرئتين. وتقوم الرئتان بعملية التبادل الغازي وذلك بتزويد الجسم بالاوكسجين وطرح ثاني اوكسيد الكربون منه.

كل صوت لغوي يتولد في موضع معين من الجهاز الصوتي يطلق عليه المخرج Place of articulation (جمعه مخارج). ومن اجل تحديد تلك المخارج قسم علماء اللغة سقف الفم ( الحنك ) وكذلك اللسان الى اجزاء مختلفة و حددوا الاجزاء التي تشترك في توليد الاصوات اللغوية وكما يلي:




١– الفجوة الانفية ٢– الشفتان ٣– الاسنان ٤– اللثة ٥– ألغار (الحنك الصلب) ٦– الطبق (الحنك الرخو) ٧–اللهاة ٨–رأس اللسان ٩–وسط اللسان ١٠–مؤخرة اللسان ١١–الفجوة الفموية ١٢–البلعوم ١٣–لسان المزمار ١٤–الحنجرة ١٥–الأوتار الصوتية ١٦– القصبة الهوائية ١٧– المرىء.

## مخارج و صفات اصوات اللغة العربية

فيما يأتي اصوات اللغة العربية مرتبة على مخارجها ابتداءً من الاصوات الشفوية التي تتولد في الجزء الامامي من الجهاز الصوتي و انتهاءَ بالاصوات البلعومية و الحنجرية التي تتولد في الجزء الخلفي من الجهاز الصوتي.

**اولاً – الصوامت** consonants


١ – [ب] لتوليد الصوت [ب] تلتقي الشفتان التقاءً تاماً بحيث ينحبس الهواء خلفهما ثم تفترق الشفتان فجأةً فيحدث انفجار مسموع تتذبذب اثناء ذلك الاوتار الصوتية.



[ب]

٢ – [م] لتوليده تلتقي الشفتان كما في الـ [ب] و تتدلى اللهاة في نفس الوقت فينفتح الممر الانفي للهواء فيخرج منه وتكون الاوتار الصوتية في حالة تذبذب.

الاصوات التي تشترك في توليدها الشفتان تسمى بالـ ( شفتاني Bilabial)



[م]


٣ – [ف] لتوليده تلتقي الشفة السفلى بالاسنان العليا بحيث يسمح للهواء بالخروج من بينهما محدثاً احتكاكاً مسموعاً ولا تكون الاوتار الصوتية اثناء ذلك في حالة تذبذب.

الاصوات التي تشترك الشفة السفلى مع الاسنان العليا في توليدها تسمى بـ ( شفسناني (Labiodentals)



[ف]

٤ – [ث] للنطق به يوضع طرف اللسان بين الاسنان العليا والسفلى. يمر الهواء القادم من الرئتين بين اللسان والاسنان العليا حيث لا تتذبذب الاوتار الصوتية اثناء ذلك محدثاً احتكاكاً مسموعاً.




[ث]

٥ – [ذ] يتولد كالصوت [ ث]، الفرق هو ان في الـ [ث] لا تهتز الاوتار الصوتية وفي الـ [ذ] تتذبذب.

٦ – [ظ] يتولد كالصوت [ذ]، الفرق هو انه في حاله توليد [ظ] ترتفع الجهة الخلفية من اللسان نحو الحنك Palatalized الاصوات التي تشترك في توليدها طرف اللسان مع الاسنان تسمى بـ (الاسنانية Dental.)


٧ – [د] يوضع طرف اللسان على اللثة خلف الاسنان العلوية ورأس اللسان على اعلى الاسنان العلوية، بحيث ينحبس الهواء القادم من الرئتين ثم يغادر طرف اللسان موضعه فينطلق الهواء محدثا انفجاراً مسموعا تتذبذب اثناءها الاوتار الصوتية.



[د]

٨- [ت] يتولد كالصوت [د] الا ان الاوتار الصوتيه لاتتذبذب اثناء التوليد.

٩- [ط] يتولد كالصوت [ت] اضافه الا ان الجزء الخلفي من اللسان يرتفع نحو الحنك.



[ط]

١٠-[ن] تلفظ كالصوت [د] حيث يوضع طرف اللسان على اللثة خلف الاسنان العلوية بحيث ينحبس الهواء القادم من الرئتين، تتدلى اللهاة في نفس الوقت فينفتح الممر الانفي للهواء فيخرج منه وتكون الاوتار الصوتية اثناءها في حالة تذبذب.



[ن]

١١–[ض] يتولد كالصوت [د] يرتفع اثناء اللفظ الجزء الخلفي للسان نحو الحنك . dezilatalaP


١٢– [س] يلتقي طرف اللسان باللثة وترتفع مقدمته في اتجاه السقف الصلب بحيث يسدان ممر الهواء فيما عدا فسحة صغيره فوق اللسان يتسرب الهواء محدثا احتكاكا مسموعا ولا تكون الاوتار الصوتية في حالة تذبذب عند النطق بها.

١٣ –[ص] يلفظ كصوت الـ (س) الفرق هو في الـ [ص] يرتفع مؤخرة اللسان نحو الحنك حيث يلتقي طرف اللسان باللثة وترتفع مقدمته في اتجاه السقف الصلب بحيث يسدان ممر الهواء فيما عدا نقطة صغيرة فوق اللسان يتسرب الهواء محدثا احتكاكا مسموعا ولا تكون الاوتار الصوتية في حالة تذبذب عند النطق بها.

١٤– [ز] يلفظ كصوت ال [س] الا ان الأوتار الصوتيه تتذبذب اثناء النطق.

الاصوات التي تشترك في توليدها طرف اللسان و رأس اللسان مع اللثة والاسنان تسمى بـ ( اسلثوية Dent - alveolar).

١٥– [ر] للنطق به يلتقي طرف اللسان باللثة ويفرقها عدة مرات على التوالي ويندفع الهواء من الرئتين محدثا ذبذبة الاوتار الصوتية وينحبس عند ملامسة طرف اللسان اللثة ولكن لا يلبث ان ينطلق بعد افتراقها عنها ثم ينحبس ثانية عند ملامستها وينطلق بعد افتراقها عنه وهكذا يسمع هذا الصوت على صورة سلسلة من الانحباسات والانفجارات القصيرة.



[ر]


١٦- [ل] للنطق به يتصل طرف اللسان باللثة اتصالا محكما يمنع مرور الهواء من الامام ولكن يسمح بمروره من جانبي اللسان وتكون الاوتار الصوتية في حالة تذبذب.



[ل]


الاصوات التي تشترك في توليدها طرف اللسان مع اللثة تسمى بـ (اللثوية) Alveolar .

١٧- [ش] تتصل مقدمة اللسان بالسقف الصلب (الغار) وتكون متقدمة قليلا بحيث تلامس مؤخرة اللثه كذلك . وبهذا يسد ممر الهواء في الفم فيما عدا فراغ يتركه التقاء اللسان بسقف الحنك ويندفع الهواء من الرئتين - دون ذبذبة الاوتار الصوتية - الى الفم . حيث يمر الهواء بين اللسان وسقف الفم الصلب محدثا احتكاكا مسموعا.



[ش]

١٨–[ج] تلتقي مقدمة اللسان بسقف الحنك الصلب ويندفع الهواء القادم من الرئتين فينحبس خلف نقطة الانسداد يغادر اللسان موضعه فتسمح للهواء بالانطلاق محدثا انفجارا مسموعا   تتذبذب اثناء ذلك الوتار الصوتيه .



[ج]

الاصوات التي تشترك في توليدها مقدمة اللسان مع الغار تسمى بـ (الغارية) Palatal.


١٩–[ك] ترتفع مؤخرة اللسان حتى تلامس سقف الحنك الرخو ( الطبق) وترتفع اللهاة لتسد الممر الانفي وينطلق الهواء من الرئتين مارا بالاوتار الصوتية دون ان يسبب تذبذبها ويسبب ضغطا خلف نقطة الانسداد. يفارق اللسان السقف الرخو فيحدث انفجارا مسموعا .



[ك]

الاصوات التي تشترك في توليدها مؤخرة اللسان مع الحنك الرخو تسمى بـ الطبقية (velar).


٢١-[خ] للنطق به تقترب مؤخرة اللسان باللهاة يسبب قربهما احتكاك الهواء المار بينهما . ينطلق الهواء القادم من الرئتين ولا تتذبذب الاوتار الصوتية اثناء ذلك، فيسمع احتكاك مهموس .



[خ]

٢١-[غ] يتولد كصوت الـ [خ] الا ان الاوتار الصوتية تتذبذب اثناء نطقها.

٢٢-[ق] للنطق به ترتفع مؤخرة اللسان حتى تلتقي باللهاة. يكون الممر الانفي مسدودا فينطلق الهواء من الرئتين وينحبس في الفراغ الحنجري خلف نقطة التقاء اللسان واللهاة ويستمر ضغط الهواء الى ان يغادر اللسان اللهاة فيحدث انفجار مسموع .



[ق]

الاصوات التي تشترك في توليدها مؤخرة اللسان مع اللهاة تسمى بـ (اللهوية uvular).

٢٣– [ع] للنطق به يتراجع اللسان الى الحائط الخلفي للبلعوم بقوة شديدة فيحدث ضيق في البلعوم الفموي خلف اللهاة و ينطلق الهواء من الرئتين محدثاً ذبذبة في الاوتار الصوتية وتهتز في نفس الوقت جدران البلعوم الحنجري و يكون ممر الهواء الانفي مسدوداً بواسطة اللهاة فيخرج الهواء من الممر الفموي محدثاً احتكاكاً مسموعاً في النقطة الضيقة من البلعوم الفموي.

٢٤– [ح] تلفظ كصوت ال [ع] الا ان الاوتار الصوتية لا تتذبذب اثناء النطق .

الاصوات التي تشترك في توليدها مؤخرة اللسان مع الحائط الخلفي للبلعوم تسمى بـ ( الحلقية Pharyngeal)

٢٥– [هـ] ينطلق الهواء القادم من الرئتين مارا من خلال الاوتار الصوتية دون ان تتذبذب كما في وضع الزفير.

٢٦–[ء] يغلق الغضروفان الهرميان اغلاقا تاما وينطلق الهواء القادم من الرئتين وينحبس في فراغ الحنجرة ثم تفتح الاوتار الصوتية وينطلق الهواء محدثا انفجارا بعدها تتذبذب الاوتار الصوتية .

هذه الاصوات تسمى بـ ( الحنجرية Glottal).

**ثانياً – الحركات** vowels

يمكن التمييز بين الحروف (الاصوات) الصامتة consonant و الاصوات الصائتة vowelمن الناحية التوليدية . كل صوت لغوي يعد صامتاً اذا التقى جزءان من الفم او اقتربا لدرجة يحدث احتكاكاً اثناء النطق به. فمثلاً لتوليد الصوت [ل] تلتقي مقدمة اللسان باللثة . لتوليد الصوت [ب] تلتقي الشفتان العلوي والسفلى ولتوليد الصوت [خ] تقترب مؤخرة اللسان باللهاة يسبب قربهما احتكاك الهواء المار بينهما . امَا عند لفظ [أ – و – ي] فلا يلتقي اية جزءين من الفم ولا يقتربان لدرجة يسببان احتكاكاً مسموعاً عند مرور الهواء بينهما. للنطق باصوات الحركة يمر الهواء القادم من الرئتين من خلال الفم دون ان يصادف اية انحباس او تضييق.

صفات الحركات تتحدد بـ :

١ – جزء اللسان ( امام – وسط – خلف) المتجه نحو الحنك اثناء النطق.

٢ – علو اللسان ( واطىء – متوسط – عالي)


٣ – استدارة وانفراج (عدم استدارة) الشفتين.

٤ – طول وقصر مدة التلفظ.

**مخارج وصفات حركات اللغة العربية:**


١ – [ا] للنطق به يرتفع الجزء الخلفي من اللسان نحو الحنك الرخو (الطبق) الى حد لا يسبب مرور الهواء القادم من الرئتين خلاله اية احتكاك وتكون الشفتين اثناء النطق في حالة انفراج والاوتار الصوتية في تذبذب.

٢ – [و] يتولد كما في الـ [ا] الا ان الشفتين تكونان في حالة استدارة.



وضع اللسان عند نطق الصوت [ا] و [و] . نطق الواو تصاحبه تكور الشفتين

٣ – [ي] للنطق به يرتفع مقدمة وسط اللسان نحو الغار ارتفاعاً يسمح للهواء القادم من الرئتين بالمرور خلاله دون ان يسبب احتكاكاً مسموعاَ. تتذبذب اثناء النطق بها الاوتار الصوتية وتكون الشفتان في حالة انفراج.



وضع اللسان عند نطق الصوت [ي].

الحركات الثلاثة ( الفتحة – الضمة – الكسرة) لها نفس مخارج ( ا – و – ي) على التوالي، تختلف عنها فقط فى صفة (طول) مقابل (قصر) Duration.

جميع صفات حركات اللغة العربية موضحة في الجدول ادناه:

| صفات | الحركـــــــات | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ا a: | فتحة a | و u: | ضمة u | ي i: | كسرة i |
| امامي | – | – | – | – | + | + |
| وسطي | + | + | – | – | – | – |
| خلفي | – | – | + | + | – | – |
| مستدير | – | – | + | + | – | – |
| منفرج | + | + | – | – | + | + |
| عالي | + | + | + | + | + | + |
| متوسط | – | – | – | – | – | – |
| واطيء | – | – | – | – | – | – |
| طويل | + | – | + | – | + | – |
| قصير | – | + | – | + | – | + |

مما سبق تبين بان كل صوت يتولد في موضع معين في الجهاز الصوتي وان هناك مجاميع تشترك في مخارجها (نفسمكانية) Homorganic لكنها تختلف فيما يسمى بصفه التوليد وذلك بكون الصوت (وتري- لاوتري)[٦] او (لهوي-لا لهوي)(٧) او (فموي-انفي)(٨) .. الخ . فمثلا الصوتان [س- ز] يشتركان في المخرج للنطق بها يلتقي طرف اللسان باللثة وترتفع مقدمة في اتجاه السقف الصلب بحيث يسدان ممر الهواء فيما عدا نقطة صغيرة فوق اللسان يتسرب الهواء منها محدثا احتكاكا مسموعا . فاذا تذبذب الاوتار الصوتية اثناء النطق نتج الصوت [ز]، ان لم تتذبذب نتج الصوت [س].

| | وتري | لا وتري |
|---|---|---|
| لثوي | ز | س |

[م-ب] يشتركان في المخرج ويختلفان في ان الاول (انفي) والثاني (فموي) . لتوليدهما تلتقي الشفتان التقاء تاما بحيث ينحبس الهواء خلفهما . فاذا افترقت الشفتان تولد الصوت [ب] .واذا هبطت اللهاة وسمح للهواء بالخروج من الانف مع بقاء الفم مسدودا نتج الصوت [م].

| | فموي | انفي |
|---|---|---|
| شفتاني | ب | م |

[ط - ت] يشتركان في المخرج و يختلفان في ان الاول لهوي حيث يرتفع مؤخرة اللسان نحو اللهاة اثناء النطق. [ت] لا لهوي كون الجزء الخلفي من اللسان لا يرتفع نحو اللهاة.

| | لهوي | لا لهوي |
|---|---|---|
| اسناني | ط | ت |

اذا ازداد عدد الاصوات المشتركة في المخرج عن اثنين تصنف على ثلاثة او اربعة ابعاد. (وتري - لاوتري) و ( لهوي - غير لهوي) و ( انفي - فموي) ...الخ.

كما في [ث– ذ – ظ]. حيث يتميز [ث] عن الـ [ذ – ظ] في ان [ث] لاوتري في حين [ذ – ظ] وتريان. ويتميز [ظ] عن [ذ – ث]، ان [ظ] لهوي و [ث – ذ] لالهوي ان.

| | الصفات | لهوي | لالهوي |
|---|---|---|---|
| اسناني | وتري | ظ | ذ |
| | لاوتري | - | ث |


(وتري – لاوتري)، (لهوي – لالهوي)، (فموي – انفي)، ( طبقي – لاطبقي)...الخ هي صفات للاصوات اللغوية Phonetic features. الاصوات اللغوية التي تشترك في المخرج تختلف في الصفات والتي تشترك في الصفات تختلف في المخرج.

الجدول الاتي يبين مخارج وبعض صفات اصوات اللغة العربية:

| | المخرج | نوعه | | الصفات | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | فموي | انفي | وتري | طبقي | احتكاكي | انفجاري | صامت | صائت |
| ١ | ا | حركة | قمري | + | – | + | – | – | – | – | + |
| ٢ | ب | شفتاني | قمري | + | – | + | – | – | + | + | – |
| ٣ | ج | غاري | قمري | + | – | + | – | – | + | + | – |
| ٤ | د | اسلثوي | شمسي | + | – | + | – | – | + | + | – |
| ٥ | هـ | حنجري | قمري | + | – | – | – | + | – | + | – |
| ٦ | و | حركة | قمري | + | – | + | – | – | – | – | + |
| ٧ | ز | اسلثوي | شمسي | + | – | + | – | + | – | + | – |
| ٨ | ح | حلقي | قمري | + | – | – | + | + | – | + | – |
| ٩ | ط | اسلثوي | شمسي | + | – | + | – | – | + | + | – |
| ١٠ | ى | حركة | قمري | + | – | + | – | – | – | – | + |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | ك | طبقي | قمري | + | − | − | − | − | + | + | − |
| ١٢ | ل | لثوي | شمسي | + | − | + | − | − | − | + | − |
| ١٣ | م | شفتاني | شمسي | − | + | + | − | − | − | + | − |
| ١٤ | ن | اسلثوي | شمسي | − | + | + | − | − | − | + | − |
| ١٥ | س | اسلثوي | شمسي | + | − | − | − | + | − | + | − |
| ١٦ | ع | حلقي | قمري | + | − | + | − | − | + | + | − |
| ١٧ | ف | شفسناني | قمري | + | − | − | − | + | − | + | − |
| ١٨ | ص | اسلثوي | شمسي | + | − | − | + | + | − | + | − |
| ١٩ | ق | لهوي | قمري | + | − | + | − | − | + | + | − |
| ٢٠ | ر | لثوي | شمسي | + | − | + | − | − | − | + | − |
| ٢١ | ش | غاري | شمسي | + | − | − | − | + | − | − | − |
| ٢٢ | ت | اسلثوي | شمسي | + | − | − | − | − | − | + | − |
| ٢٣ | ث | اسناني | شمسي | + | − | − | − | + | − | + | − |
| ٢٤ | خ | لهوي | قمري | + | − | − | − | + | − | + | − |
| ٢٥ | ذ | اسناني | شمسي | + | − | − | − | + | − | + | − |
| ٢٦ | ض | اسلثوي | شمسي | + | − | + | + | + | − | + | − |
| ٢٧ | ظ | اسناني | شمسي | + | − | + | + | + | − | + | − |
| ٢٨ | غ | لهوي | قمري | + | − | + | − | + | − | + | − |
| ٢٩ | ء | حنجري | قمري | + | − | + | − | − | = | + | − |

بمقارنة الحروف (الاصوات) الشمسية والقمرية في ضوء مخارجها (وكما مبين في الجدول اعلاه) يتبين ان الاصوات الشمسية تشمل الاصوات الصامتة التي يساهم في توليدها طرف ومقدمة اللسان بالاشتراك مع سقف الفم الممتد من الاسنان والى نهاية الجزء العلوي الصلب من الحنك (الغار) . وان اي صوت يتولد خارج هذه المنطقة وهو قمري وكما موضح في هذه الصورة.



وذلك لتحقيق حد ادنى من الجهد ease of articulation عن طريق تجنب الحركات النطقية التي يمكن الاستغناء عنها وتشمل الاصوات [ن– ل – ر – ث – ذ – ظ– ت – د – ط – ز – ش – س – ص – ض] عدا [ج] الذي يعده النحويون صوتا قمريا .

كل صوت يتولد خارج حدود هذه المنطقة فهو قمري يمكن تصنيفه الى مجموعتين :

١– امامية وتشمل [ف – ب – م – و].

٢– خلفية وتشمل [ك – ق – غ – خ – هـ – ع – ء – ي – ج ].

## (ج) هل هو شمسي او قمري؟

يعد النحويون الصوت [ج] قمرياَ، اي من المفروض ان لا يؤثر على [ال] اداة التعريف كبقية الاصوات القمرية. لكن الظاهرأن تحول [ل] اداة التعريف الى [ج] امر شائع و ممكن كما في ( الجنة – الجبل – الجحيم – الجو ...الخ). يعود سبب ذلك الى ان مخرج الصوت [ج] يقع ضمن المنطقة التي تتولد فيها جميع الاصوات الشمسية. فلفظه كشمسي امر ممكن و سلس، ويبدوا في لفظه قمرياً بعض الصعوبة بالمقارنة مع لفظه شمسيا.

يمكن اتخاذ هذا دليلاً لبرهان الرأي القائل بان الصوت[ج] كان يلفظ [g] ( كما يلفظه المصريون في الوقت الحاضر).عن هذا يقول المستشرق أنوليتمان : ″ نعرف ان نطق هذا الحرف الاصلي كان كما هو الان في مصر .″ (٩)

من المحتمل ان تغييراً قد طرأ على النظام الصوتي للغة العربية شمل ذلك تغير الصوت [g] الى [ج]. وأن هذا التغير قد طرأ في الفترة التي اعقبت تقسيم اصواتها الى شمسية و قمرية. او يمكن تفسير هذه الظاهرة بالنسبة للصوت [ج] ان مخرجه يقع على الحدود المتاخمة بين مخارج الاصوات الشمسية و القمرية الخلفية مما جعل هذا الصوت يتأرجح بين الشمسية و القمرية.

نورد هنا رأياً اخر معتمداَ على مكونات الصوت [ج] حيث يعتبر اللغويون المحدثون الصوت [ج] مزدوجاَ يتكون من الصوت [د] الانفجاري زائداً [ش] الاحتكاكي من نوع Affricate . لنطقه يلتصق مقدمة اللسان بالغار التصاقاً تاماً يمنع مرور الهواء من بينهما كما في نطق الصوت [د] ثم يزول السد ببطء فينتج عن ذلك احتكاكاً كما في نطق الصوت [ش]. و لما كان هذان الصوتان شمسيان يتولدان ضمن المنطقة التي تتولد فيها الاصوات الشمسية لذا يمكن اعتبار الصوت [ج] وفق هذه المعادلة شمسياً.

الهوامش

١ – الفونيم Phoneme كل صوتين مختلفين، وبغض النظر عن درجة الاختلاف، اذا ظهرا في نفس البيئة الصوتية وكان لظهور كل واحد منهما معنى للكلمة يختلف عن ظهور الاخر في نفس البيئة يعدان فونيمان مختلفان. فمثلاً الصوتان [ت – ط] في كلمتي [ تين – طين] ظهرا في نفس البيئة [...ين] وكونتا كلمتين مختلفتي المعنى.

هناك بعض الاختلافات بين الاصوات اللغوية يعزى الى الاختلافات البيئية التي تظهر فيها تلك الاصوات وتكون هذه الاختلافات غير ذات دلالة. فمثلا الصوت [ر] المفخمة و[ر] الرقيقة يعدان معا فونيما واحدا في النظام الصوتي للغة العربية بالرغم من الاختلاف الواضح بينهما لان سبب ظهور الصوت مفخما او رقيقا هي البيئة الصوتية التي يظهر فيها . فلا توجد في اللغة العربية اي كلمه تحوي احد هذين الصوتين يتبدل معناها باحلال الاخرى .

هناك لغات غير العربية تعد فيها [ڕ] المفخمة و [ر] الرقيقة فونيمان مختلفان في نظامها الصوتي كاللغة الكردية. فيها عدد كبير من الكلمات التي فيها احد هذين الصوتين يتبدل معناها عند احلالها بالاخر.

| (ر) الرقيقة | المعنى | (ڕ) المفخمة | المعنى |
|---|---|---|---|
| برین | جرح | بڕین | قطع |
| وەری | ذبل | وەڕی | عوى |
| پەری | ملائكة | پەڕی | فات |
| كەر | حمار | كەڕ | اطرش |

بمقارنة النظام الصوتي للغتين العربية والكردية على ضوء الاصوات الستة [ر – ڕ – ل – ڵ – س – ص] المشتركة بينهما، يتوضح مفهوم الفونيم وعلاقته بالصوت:

ستة اصوات مشتركة بين اللغتين العربية والكردية. بينت (٤) قيم او فونيمات في النظام الصوتي للغة العربية و (٥) في اللغة الكردية.

على ضوء هذا يمكن تعريف الفونيم بانه وحدة (مجردة) تمثل مجموعة من الاصوات المختلفة التي يعزى سبب اختلافها الى عامل بيئي. هذه الأصوات معاً تمثل قيمة واحدة ضمن النظام الصوتي لتلك اللغة.

٢ – اصوات اللغة تختلف فيما بينها من حيث صفاتها ( الجهر والهمس والمخارج و التفخيم والترقيق..الخ). عندما تتجاور في الكلام تتأثر فيما بينها ويحدث ظاهرة التاثير والتاثر. كل صوت متجاور يحاول ان ينقل الى الاخر بعض صفاته او يكتسب صفات الصوت الاخر. هناك عدد من القوانين التي تتحدد بموجبها ظاهرة التأثير و التأثر تسمى بالقوانين الفونولوجية. من هذه القوانين، المماثلة Assimilation و المخالفة Dissimilation. وما احكام التجويد الا تطبيق لهذه القوانين.

٣ – المورفيم Morpheme اصغر وحدة لغوية ذات دلالة لها قالب فيزياوي (فونيماته) و دور في قواعد اللغة التي تنتمي اليها. فمثلاً الـ (بيت) كلمة تتكون من وحدة دلالية واحدة ( مورفيم واحد) بحذف او تغيير اي جزء منها تتحطم ولا يبقى لها اية علاقة باصل العنصر.

كلمة (البيت) تتكون من وحدتين دلاليتين ( ال – بيت). (البيتان) تتكون من ثلاثة وحدات دلالية ( ال – بيت – ان).

من الناحية التركيبة يتكون المورفيم من فونيم واحد او اكثر. فمثلاً [ك] في (يدك) يتكون من فونيم واحد . و الـ (دار) من ثلاثة فونيمات / د – ا – ر/ و (كتاب) من خمسة فونيمات /ك – الكسرة – ت – ا – ب/و (أل) التعريف من فونيمين /ا – ل/ .. الخ.

٤ – يبدوا ان تسمية الحروف (الاصوات) بالشمسية و القمرية جاءت في فترة متأخرة. حيث لم يورد هذان المصطلحان لدى الفراهيدي (ت ١٧٥هـ).

يسمي الرازي (ت٦٣١هـ) مايسمى بالحروف الشمسية بحروف الادغام (انظر المصدر رقم ٢ ص ١٤٠).

٥– هناك بعض اللغات (الافريقية و القوقازية...) تتولد بعض اصواتها اللغوية عن طريق هواء الشهيق Implosive او بحصر الهواء في فجوة في الفم كأن يكون بواسطه اللسان والحنك تسمى هذه الاصوات بـ click و القاذفة Ejective .. الخ.

٦– الاصوات اللغوية التي تتذبذب الاوتار الصوتية اثناء تولدها تسمى بالاصوات الوترية voiced (المجهورة). و التي لاتتذبذب اثناء التولد يسمى بالاوتارية voiceless

(المهموسة) ان ما يسمى بالاوتار الصوتية لا علاقة له بالتصويت فالمصطلح (حبال – اوتار) ليس دقيقا . فليسا حبلين او وترين كما يتصورها البعض انهما في الحقيقة شريطان متقابلان من العضلات تقعان على قمة القصبة الهوائية، وظيفتهما الاساسية البايولودجية هي العمل كصمام امان يمنعان دخول الاجسام الغريبة الى القصبة الهوائية و الرئتين .

٧– يسمى الرازي في كتابه (الحروف)، الأصوات اللهوية بـ الاطباق . وهي الاصوات التي ترتفع مؤخرة اللسان نحو الحنك اثناء النطق بها وتشمل في اللغة العربية [ص – ض – ط – ظ] . انظر المصدر (٢) ص(١٤٠) .

٨– الاصوات التي يتسرب الهواء القادم من الرئتين من خلال الانف اثناء النطق بها تسمى بالاصوات الانفية Nasal. فاذا خرج الهواء من الفم اثناء النطق بهذه الحروف وكانت الفجوة الانفية مسدوده تتولد ما يسمى بالاصوات الفموية.

٩ – انظر المصدر رقم ٥ ص ٧٦.

## المصادر


١ – ابراهيم أنيس (١٩٧٩) الاصوات اللغوية. القاهرة.

٢ – بسام بركة (١٩٨٨) علم الاصوات العام – اصوات اللغة العربية. لبنان.

٣ – تمام حسان (١٩٧٩) اللغة العربية – معناها ومبناها. القاهرة.

٥ – حسام البهنساوي (٢٠٠٤) علم الاصوات. القاهرة.

٦ – رمضان عبد التواب (١٩٨٢) ثلاثة كتب في الحروف. القاهرة.

٧ – عبد الرحمن ايوب (١٩٦٨) اصوات اللغة. ط٢. القاهرة

٨ – عبد الستار فراج (١٩٦٩) الابجدية العربية – مجلة العربي – ع ١٢٦.

٩ – محمد حسين آل ياسين ( ١٩٧٩) الدراسات اللغوية عند العرب. بغداد.

١٠ – محمد احمد ابراهيم ابو فراخ ( ١٩٩٠) الوجيز في احكام التجويد. ط٢ الكويت.

١١ – Gleason، A.H. (١٩٦٥) An introduction to descriptive Linguistics

١٢ – Jones، D. (١٩٧٢) An outline of English Phonetics. Cambridge

١٣ – Robins، R. H. (١٩٧١) General Linguistics، An Introductory Survey. Longman.

١٤– گوڤارى رۆژى كوردستان . ژماره ٧٩/ ١٩٩٠ ل٢٣ – ٢٩

١٥– مجلة شمس كوردستان . العدد ٧٩ / ١٩٩٠ ص٢٣ – ٢٩ بغداد يك